# کوردی

# شـــەبـــەک

# لە

# پارێزگای موصل

نووسین و ئامادەکرنی

## یاسین حسن حسين

هەرێمی کوردستانی عیراق ـ قەزای بەردەرەش

چاپی یەکەم

٢٠١٨زاینی /١٧١٨کوردی /١٤٣٩کۆچی

ناوی کتێب : **کوردی شەبەك لە پارێزگای موسل**

**ناوی نووسەر : یاسین حسن حسێن گۆران**

**تایپ : نووسەری کتێب**

**نەخشە سازی ناوەرۆك : نووسەری کتێب**

**دیزاینی بەرگ : ادیب عبدالله عیسی**

**هەڵەگری: یاسین حسن**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم**

**٢٠١٨ زاینی ١٤٣٩ کۆچی ٢٧١٨ کوردی**

**تیراژ: ٢٠٠ دانە**

**لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان / ژمارەی سپاردنی(٤٧٩) ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە**

**مافی چاپکردنی بە دەست خاوەنی کتێب پارێزراوە**

**پێرستی بابەتەکان** — **لاپەرە**

| | |
|---|---|
| **بەشی یەکەم** | ٨ |
| **بنج وبنەوانی مێژووی شەبەک** | |
| **بەشی دووەم** | ٥٨ |
| **زمانی شەبەک** | |
| **بەشی سێیەم** | ٨٧ |
| **جوگرافیای شەبەک و گوندەکانی** | |
| **بەشی چوارەم** | ١٤٦ |
| **ئایین و بیروباڕی کوردی شەبەک** | |
| **بەشی پێنجەم** | ١٦٤ |
| **ژیانی رامیاری و کۆمەلایەتی شەبەک** | |
| **ژیانامەی نووسەر** | ٢١٣ |
| **بەرهەمەکانی نووسەر** | ٢١٥ |

## پێشەكی

مێژووی ئادەمیزاد لە سەر سێ فاكتەری سەرەكی بنیات نراوە مرۆڤـــــ ، شوێن، كاردانەوەی ژیانی رۆژانە ، ململانێی سەوداكەری نێوان مرۆڤـ و شوێن رووداوەكانی مێژوو دروست دەكات ، مێژووی دروست پشت بەستنە بەڤەوالەو بەلگەو سەرچاوەی سەلمێندراو، دۆزینەوەی راستیەكانی زانستی مێژوویی بۆ دەسپێكی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ ١٠ دەهەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەرێتەوە .

مێژووناسانی رەگەزناسی خەلكی گیتیان كردۆتە چەند بەشێك ، مللەتی كوردیان لەگەل كۆمەلەی هندووئەوروپی داناوە بە گەلی ئاری نادەبرێت لاندكەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی خاكی رۆژهەلاتی دەریای قەزوینە كوردو ئەرمەن و فورس و بلوچ لەوێندەرێ بەرەو شوێنەكانی تر بەلاوبووتنەوە

لێكۆلینەوە لەسەر هەر بابەتێكی مێژوویی توێژینەر زۆر بە ئەستەم قەوالەو بەلكەنامەی سەلمێندراوی متمتانەپێكراوی بەدەستدەكەوێت ، ئەكەر هەشبێت بەداخەوە هەندێ مێژوونووس بە هەواو هەوەسی خۆیان دەستكاری لە دەقی ناوەرۆكی بەلگەنامەكان دەكەن بۆ پێكاندنی ئامانجەكانی تایبەتی خۆیان بۆ ناوزڕاندن و چەواشەكردنی راستیەكان دژی نەتەوەیەك یان پێكهاتەیەك یان رەگەزی هۆزو خێلێكی دیاری كراو یان ............هتد

هندێك لە مێژوونووسان دەلێن :كوردی شەبەك پاشماوەی ئیمبراتۆریەتی میدیاكانە كە لە سالی (٦١٢)پێشی زایین بە سەر ئاشوورییەكان زال بوون لە موصل مایتنەوە

(كوردی شەبەك لە كۆنەوە موسليان بنيات ناوە ، بەلكو يەكەم كەس بوونە لە ئاوەدانكردنی ئەوشارە بە قەلای (نوادشێر ـ نوئەردەشێر واتا ئەردەشێری نویٚ )ناونرا ،زۆر سەر چاوەی مێژووی موكوم وبڕواپێكراو ئەوە دەسەلمێنن وئاماژەی پێدەكەن كە (نوادشێر)ی كوردی ميدی ئەو قەلايەی دامەزراندووە لە لای رۆژئاوای رووباری ديجلە پێش هاتنی ئاشوورييەكان بۆ ناوچەكە بە ماوەی نزيكتر لە پێنج سەدە ، تاوەكو ببێتە ويستگەی راوەستانی كاروانی بازرگانی كە لە رۆژهەلات دەهاتن بەرەو رۆژ ئاوا هەر وەها بە پێچەوانەوە بە رێگای بازرگانی كۆن كە ناسرا بوو بە رێگای (حەرير) يان رێگای قەتار وكاروانچيان ئەو رێگايە رۆژهەلاتی بە بەرۆژئاوا دەبەستەوە كە دەگاتە لێواری دەرياری سپی ناوەراست لەو سەردەمی وولاتی ڤينيقياتی كۆن ووولات شام بوو . كە تاكو ئێستا رێگای نویٚ ی هاتوو چوو هەرمايە باژێری موصل لەگەل حلب دەبەستەوە ، رێگای كۆنی بەری دەگرتەوە كە رێگای شەمەندە فەرە)

زۆر بەلگەی مێژوويی موكوم دان بەو بيروبۆچوونە دادنێن ، ئێمە كە باسی مێژووی كورد دەكەين لە موسل ،واتە لەسەر مێژووی كۆنی شەبەك دەدوێين . مێژووی شەبەك لە موسل بۆ مێژووی كورد دەگەرێتەوە .

شەبەك لەپانتاييەكی دەشتايی دەژين سنووری رۆژهەلاتی رووباری خازرە تاكو دەگاتە قەزای تلكێف لە لای رۆژئاواوە وە لە باكوورييەوە قەزای شێخانە تاكو دەگاتەباشووری شاری موسل زۆربەی گوندەكانی شەبەك خۆی لە شێست گوند دەدات دەكەونە ناو دەشتی موسل ئەو دەڤەرە پارچەيەك بوو لە دەستهەلاتداری باڵينان ،خاكەكەی درێژەپێدانی سنووری باشووری كوردستانی باشوورە . وولات شەبەك هەر لەكۆنەوە

بازنە ئاسا بوو ڕێگای کاروان سەراو هاتووچۆی بازرگانی بوو وەکو ڕێرەوێك ناوچە شاخاوییەکانی بە ڕۆژهەلاتی موسلی بەستبۆوە . شەبەك عەشیرەتێك نین یان پێهاتەیەکی ئاینی نین بەلکو لە کۆمەلە عەشیرەتێکی کوردی ڕەسەن پێکهاتینە وەکو ( باجلان ، زراری ، داوودی ، ڕۆژبیانی ، شکاك ، زەنگەنە ، کەلهوری ، هەمەوەند، لۆر ، لەك ،گۆران ، ) ئەو عەشیرەتانە ناوپشتی نەتەوەی کوردن مێژوویەکی پڕشانازیان هەیە لە ڕووداوەکانی کۆن و نوێی کوردستان ، هەروەها هەندێ عەشیرەتی دەوروبەر لەناو شەبەك تاوایتنەوە

هەندێکیان هەر لە کۆنەوە لە چیای زاگرۆس هاتوونە دەشتی موسل نیشتەجێ بوون مێژوویان بۆسەردەمی ئیمبراتۆریەتی میدیاکان دەگەرێتەوە کاتی زال بوون بەسەر ئاشوورییەکان ، بە درێژایی ڕووداوەکانی مێژوو بە شەپۆلی یەك لەدووای یەك هەجار هەندەك هاتینە لە دەشتی موسل ئاکنجی بوونە .

سەرەڕای بچووکی ئەو پێکهاتەیە لەپێکهاتەکانی کۆمەلگای عیراقی ، کوردی شەبەك خاوەنی ئەسلی گوندەکانی خۆیانن خاکی کەسیان داگیرنەکردووە لە دەشتی موسل شانازی بە شەبەکستان وولات شەبەك دەکەن ، ناوی گوندەکانیان هەموو ناوی کوردیە ، هەرچەندە سەرچاوەی مێژوویی وورد زۆر کەمە لەسەر مێژووی شەبەك بەلام سیماو ڕوخساری کوردەواری و داب و نەریتی نەتەوایەتی خۆیان پاراستووە ، کۆمەلگایەکی داخراوون ، کەلتووریان کوردیە جودایە لەگەل کەلتوری عەرەب و تورکەکان . ئەو زمانەی قسان پێدەکەن شەبەکییە شێوەزاری ماچۆیە ڕەگ و ریشەی بۆ زمانی کوردی دەگەرێتەوە ،لەکۆنەوە جل و بەرگی

شەبەك راپێچی وەكو كوردی رۆژهەلاتی كوردستان بوو بەلام بارودۆخی ژینگەی كۆمەلایەتی سیاسی دووای هاتنی ئیسلام هەندێ جل وبەرگی عەرەبی بەسەریان چەسپا، داب و نەریت و یادو بوونەكانیان دەقاودەق كوردیە ، ئاینیان هەموویان موسلمانن شیعە مەزهەبی جەعفەرینە سوننە مەزهەب شافعینە .

ووشەی شەبەك ناولێنانێكی نوێ یە خەلكی تر ئەو نازناوەیان پێیان لكاندووە بەواتای كۆمەلگایەك لە چەند عەشیرەت و خێلی كوردی پێهاتیە ، وولات شەبەك لە ژیانی خۆی زۆر تووشی نەهامەت ستەم پیلانی دارێژراو هاتووە چەندەها جار كەتوونەتە بە شالاوی راگواستنەوەو لە ناوبردن تەنها لەبەر ئەوەی دەیانگۆت ئێمە لە نەتەوەی كوردین ، سەرەڕای دژایەتی كردنیان لە لایەن دەستهەلاتدارەكان خۆراگر بوونە تایبەتمەندییەكانی نەتەوەیی كوردەواری خۆیان لەدەست نەداوە شەبەكستانی بە هێلانەی خۆی زانیوە شانازی بە كەلتووری وولات شەبەك كردووە

**یاسین حسن حوسێن گۆران**
**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ـ خانەنیش ـ**
**قەزای بەردەرەش /پارێزگای دهۆك**
**ژمارەی تەلەفۆن / ٠٧٥٠٤٥٤٣٢٨٢**

# بەشی یەکەم

# بنج وبنەوانی مێژووی شەبەك

## واتای ووشەی شەبەك :

شەبەك ووشەیەکی کوردییەپێویست ناکات بە زمانی عەرەبی شرۆڤەکاری بۆ بکرێت هەرچەندە مێژوونووسانی عەرەب چەند بیروبۆچونێکی تایبەتی خۆیان بۆ ووشەی شەبەك دیاری کردووە، هیچ پەیوەندی بە مانای ووشەی شەبەك نیە ، مەرامی تایبەتی خۆیان پێ هەبوو تەنها بۆ مەبەستی شێواندنی مانای ووشەی شەبەك بووە ،ووشەی شەبەك عەرەبی نیە تاوەکو بۆ سەرچاوەکانی عەرەبی بگەرێینەوە مێژووی ناولێنان و بەکار هێنانی زاراوەی ووشەی شەبەك لە دووای سەردەمی ئیسلامی بەکارهاتووە کە پەیوەستە بە دەشتی موسل و دەوروبەری ،

شەبەك ناویکی ئاوێتەی کوردیە لە( شاە بەگی ) هاتیە.

شاە : بەواتای مەلیك ، بەگ : بەواتای ناودار و خانەدان و پلەدار ، کوردی باکور بە میر دەلێن بەگ کە خودان دەستهەلات خاوەن بڕیار بێت .

دەرپرینی واتای ووشەی شەبەك لە ڕووی زمانەوانیەوە لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا بەم شێوانە هاتووە :- شبك : بەواتای تێکەل بوون وچوونە ناویەك[1]

شبك من التشبيك: تێكهە لكێشان دێت [2]

شبك من تشبيك: كردنە ناويەكی ئەتگوستەكان[3]

شبك بە واتای تێكەلكردن وتێكچە ڤاندن [4]

كاتی بێغەمبەرمان محمەد(د.خ)دەست نوێژی هەلدەگرت دەستەكانی تێكوەر دەداو پاشان (شبك لحيتە) پەنجەكانی دەكردە كەلێنی مووی ردێنی پیرۆزی باشان (شبك بين اصابعە)پەنجەكانی تێكهەلدەكێشاوە بەبن زگی خۆی وەدەنا [5]

شبك : دەستی خۆی كردە ناو دەستی برای [6]

شبك : بە واتای تۆڕی راوچی دێت لە ناو ئاو و ووشكايی بە كاردێت

الشبكە : خزمايەتی دێت دەلێن : لەگەل يەكدی تێكەلن

شابك: رێگاكان تێكچەڤینە

---

[1]ــ ابن منزور ابی الفچل جمال الدين محمد لسان العرب ج١ ط ١ بيروت ٢٠٠٥م

[2]ــ الحموی ابن عبدالله ياقوت معجم البلدان ج ٥ گ ١ بيروت ٢٠٠٨م

[3] ــ القشقشندی احمد بن علی صبح الاعشی صناعە الانشاو دمشق ١٩٨٧

[4]ــ الفيروز ئابادی تقی الدين ابی العباس القاموس المحيط

[5] ــ المقريزی السلوك لمعرفە دول الملوك بيروت ١٩٩٧

[6] ــ الحائری الشيخ محمد مهدی شجرە طوبی مطبعة النجف ١٣٨٥ك

المشبك ناوی جۆرە شرینەمەنیەكە لە هەویری دروست كرایە گرێ گرێی تێكئالایە [7]

الشبك : بە واتای ددانی شانە دێت

الشبكە : بەمانای چەند چالاوێكی لێك نزیك وبەسەر یەكە وە بن [8]

الشباك : دەلین بە واتای زەوییەكی زۆر پڕ بیرو چالاوی لێهەبێت

الشبكە : بەواتای كونی جرج دێت.

مشتبك : ددانەكانی لێك جودانە

مشبكت : تێكهە لچەقینە بەئالۆزی تێك ئالانە بە ئەستێرەكان دەگۆترێ

الشبكە :ناوی ناحیەكی كارگێری یە ناوچەیەكە لە عیراق سەر بە پارێزگاری نەجەف نزیك سنووری میرنشین سعودی . بەلام ئەو ناحیە هیچ پەیوەندی بە شەبەك و ئەو توێژینەوە نیە [9]

واتای ئەو ووشانە هیچ پەیوەندی بە ناو و دەڤەری كوردی شەبەك و ولأت شەبەك نیە

الشبكە: چالاوێك لە سەر لووتكەی چیا یان بەرزاییەك بێت [10]

---

[7] ــ المیلانی السید علی الحسینی نفحات الازهار ص ٢٧١

[8] ــ لمنجد فی اللغه لویس معلوف ص ٣٧٢

[9]ــ المنجد فی اللغه والاعلام منشورات دار المشرق بیروت ١٩٨٤ شابك : بەواتای ناوی شێر دێت.

[10]ــ تاریخ الشبك فی الموصل نامەی سالم جمعه خضر شبك ٢٠١٠م بو ماجستیر

شەبەك وەكو ناوێكی ناسراو: الشبك: شەبەك ناوێكی ناسراوە :ناوی كەسێكە لە يەكێك لە كوڕەكانی نەوەی (نوح)بێغەمبەر سەلامی خودای لە سەربێت.

ناو شەبەك بەچەند پشت دەگاتە (نوح) بێغەمبەر (س.ل) بەم شێوەيە (افراسياب كوڕی شەبەك كوڕی روستەم كوڕی تورك كوڕیكوبر كوڕی يافت كوڕی نوح بێخەمبەر )سەلامی خوای لێ بێت

ناوی ووشەی شەبەك بۆ يەكەم جار لە موسوعەی گەورەی بريتانی لە دەسپێكی سەدەی بيستەم ناوی شەبەك وەكو ناوێكی ناسراو بەكارهات بە چەند (هۆز وعەشيرەتێكی كوردی بوسولمان لە دەوروبەری شاری موصل كوندەكانيان لە دەشتی رۆژهەلاتی موسل بەلاوون لە نزيك شوێنەواری كۆنی ئاشورييەكان . ئەو ناوە زۆر لە مێژە نيە بە كوردی شەبەكی رەسەن گۆترايە [١١]

گومان تێدانيە شەبەك لە نەوەی نوح بێغەمبەر هاتينە سەلامی خوای لەسەر بيت هەروەكو خەلكی تر ( شەبەك لە نەوەی كوڕی ئەفراسيابن )لە منجد اللغە والاعلام هاتيە ،شەبەك تيرەيەكن لە ئەلئەفازيلە نەوەی شەعبانن هۆزێكی نيمچە شارستانيە لە سوريا لە نێوان هەردوو باژێری جەرە و سەنجە دادەنيشن نزيكە (٥٠٠ )سەر خێزان دەبن [١٢]

[١]ــ عبود زهير كازم (الشبك فی العراق )چاپی يەكەم كوردستان سليمانيە ٢٠٠٦م

[١] القلقشندی احمد بن علی فی صناعە الانشائ ط١ (دمشق ١٩٨٧م )

پێکهاتەی کۆمەلگەی شەبەکی لە کۆمەلە عەشیرەت وتیرە وبەرەباب پێکهاتیە کە هەموویان لە بن چەتری خیوەتی شەبەك دانە هەر چەندە مەقریزی شەبەك بەیەك عەشیرەت ناودەبات ئەوش (الشنبکیە ) ، لە ووتەکانی هاتیە لە رووداوی سالی ٥٦٨ ك بۆمان دەگێرتەوە عەشیرەتەکانی کوردی ئەو عەشیرەتانەن (الکۆرانیە نەوەی گوران والهذبانیة والشنویە والشاهنجانیە والسرلجیە والیزولیە والمهرانیە والزرزانیە والکیکانیە والجاف واللر والدنبلیە والردادیە ......)

میژوو نووسی (فضل الله العومری )لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (مسالك الابصار فی ممالك الانصار ) نووسییەتی :ئەواتە فەرمانرەوایەتی (شبنکار) یان دەگێرا ئەو ووشەیە لە زمانی عەرەبی بە هەلە نووسرایە راستیەکەی (شوانکارە)یە [١٣]

والداسنیە والهکاریە والحمیدیە والورکیە والمروانیە والجلالیە والشنبکیە والجوبی.......) [١٤]

پێویستە لە راست ئەو سەرچاوە مێژووییە رابوەستین هەلوستەیەك بکەین و بە گەورەی بزانین کە ناوی چەندەها عەشیرەتی کوردی رەسەنی هێنایە لە بەرێ ناوی عەشیرەتی شبنکارەی کوردی لە هیچ شوێنیك نەهاتیە ئەورۆکە_جگە لە کۆمەلگەی شەبەك نەبیت پیتی نون زێدە

---

[١] ــ لە دەستنووسێکی باوکی وەقاص شەبەکی فازلیە تایبەتە بە مێژووی شەبەك

[١] ــ الفیرۆزئابادی مجدالدین محمد بن یعقوب االقاموس المحیط بیروت.

پێوەلکاوە لە لایەن مقریزی لەبەر ناشارەزایی خۆی بەزمانی نەتەوەی کورد بۆیە پیتی نونی خستووتە ناو ووشەی شەبەك ، بویتە شەبەنگ .

لە داهاتوو باسی لێوە دەکەین

لە پاشماوەی عەشیرەت وخێلە کوردەکانی شەبەك وباجەلانن کە لە دێر زمانەوە بەرەو موصل هاتوونە [15]

ووشەی شەبەك لە دوو برگە پێکهاتیە. ووشەی شاە بە فارسی بە واتای مەلیك دێت + بەگ لە زمانی کوردی بەواتای گەورە دێت.

شاە+ بەگ = شاەبەگ /شابەنگ/شەبەنگ/شابەگ/شەبەك

دوواتر بوویتە شەبەك پیدەچیت ناوی یەکێك لە پادشای کۆنی کورد بووبێت

لە کۆتایی ئەم ووشەیە تەعریب کرایە بوویتە ـ شبك یان شبکی [16]

ووشەی شەبەك لە (الشاه بەك) هاتیە ، ئەم ووشەیە بەپیاوی گەورەو میری خاوەن دەستهەلات دەگۆترێ ، ئەگەر پرسیاری تاکێکی کوردی شەبەك بکەیت تۆ سەربە چ نەتەوەیی یەکسەر بیر لە یەکێك لە گەورە پیاوانی خۆی دەکاتەوە بێ ئەوەی بچیتە ناو لق و پۆپی عەشیرەت گەری ووشەی ناودارەکانیان لە سەر زمانیان گۆترایە تاکو بوویتە ناونیشانی ئەو دەڤەرە کە بەهەموو خێل وعەشیرەتەکانیان شانازی بەشەبەکایەتی

---

[1] ــ لە دەستنووسێکی باوکی وەقاص شەبەکی فازلیە تایبەتە بە مێژووی شەبەك

[1] ــ المقریزی : تقی الدین ابی العباس احمد بن علی (السلوك لمعرفه دول الملوك) المتوفی سنه ٨٤٥ هـ ج ١ گ ١ بیروت ١٩٩٧م ص ١٠١

خۆیان دەکەن . هەر وەها شانازی بەشێوە زاری ماچۆی رەسەنی زمانی کوردی دەکەن کە مێژوویان دەگەریتەوە بۆ ناوچەکانی لەك وکەلهور هەورامان لە کەرمانشاە وزەهاو وخانقین [17]

هەر چەندە توێژەر مکنزی سالی( ١٩٥٨ ) مانای ووشەی شەبەکی لە سەر زمانی عەرەبی لێکدایتەوە دەلێت : شەبەك لە رەگ و رەچەلەکی جودا جودا هاتینە ئەو دەڤەرە ،چونکی شەبەك لە زمانی عەرەبی (شبك) بەواتای تێکەهەلبوون وتێکهەلکێشان دێت

باسمان لێکرد.لە چەند کۆمەلەیەکی رەگەز و رەچەلەك جودا لە شەبەکستان نیشتەجێ بوونە وەکو (کورد وعەرەب و تورك وفارس) گوایە لەگەل یەکدی تێکەل بوونە [18]

ئەوش رەوانیە وناچیتە خانەی لێکدانەوەی هزری لە مێژوودا چونکە خاکی شەبەکستان بەشێکە لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان لەبەشە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق .

زمانی ئاخافتنیان بەشێوەزاری گۆرانە کە دایکی زمانی کوردییە بەلێ دەکرێ بلێین وگومانیش تێدانیە هەندی مالە عەرەب وچەند بەرەبابێکی تورکی لەگەل شەبەك تێکەل بوونە وشانازی بە شەبەکی خۆیان دەکەن.

---

[1]ــ العمری شهاب الدین احمد بن یحیی لە کتێبەکەی ( مسالك الابصار فی ممالك الانصار)

[1] ــ رؤوف عماد عبدالسلام (الموصل في عهد العثمانی ) مطبعة النجف ١٩٧٥م ص ٣٢١

دووای شلۆڤە وراڤەکردنی ووشەی شەبەك لێکدانەوەو دەربڕین و واتاکانی لە زمانی عەرەبیدا ، بۆمان بەدیاردەکەویت ودەلێم

شەبەك یەك عەشیرەت نیە بەلکو کۆمەلەیەکی کوردییە پێکهاتیە لە چەند خێل عەشیرەتی ناوداری کورد وەکو (باجەلان ، زەنکەنە، زراری ، اسماعیل وەندی ، هەمەوەند، لەر، لەك، شارك، لۆر، داودی، رۆژبیانی،کێژ ، شکاك، گۆران، زیدك، شیخ بزێن، خدری، بۆت، رەشگەری، ئومەربل ....) سەراری ئەوانە ژمارەیەك لە بەرەبابی عەرەبی لەگەل چەند تیرەو بەرە بابێکی‌تورکی)ئەوانە یەك عشیرەت نینە کۆمەلە عەشیرەتێکن لە ژێر خیوەتی شەبەکی دەژین هەموویان بە شانازییەوە دەلێن ئێمە شەبەکین [١٩]

مێژوو نووسی گەورەی بە ناوباگ(یاقوت ئەلحەمەوی)هیچ شتێکی نەدەنووسی تاکو بە چاوی خۆی نەیدیبایە پشتی بە گۆتەی خەلکی نەدەبەست، بەووردی لە ناوجەو وولات وکەسە ناودارەکان دواوە ناوبراو لە سالی ٥٧٤کوچی لە دایك بووە لە سالی ٦٢٦ کوچی دووای کردووە واتە لە سەدەی هەڤدە ژیابوو بە ناو شەبەکستان تێپەریبوو چاوی بە زۆربەی گوندەکانی کەوتبوو لە فەرهەنگی خۆی بەووردی شتی نووسیوە بەهیچ شێوەیەك ناوی شەبەکی بەکار نەهیناوە ئەوەش ناوی هەندێ گوندەکانی ولات شەبەك لە کتێبی (معجم البلدان) هاتووە (خازر، فەدیلە(فاضلية)، ترجلە ، بلاباذ، بلاوات ،بریشو، بافکی، بافخاری

---

[١] ــ یاسین حسن گۆران لە زاری چەند روشنبیرێکی شەبەك وەرگێراوە

[٢] ــ لە ووتارێکی بەلاوکراوی علی رەزا وەرگیراوە

،باصفرا، باجبارە ، باشمانیا ، خرسەباد ، بیسان ، خوسر ، لك، ..........)
بەدرێژی باسی گوندەكان دەكەین مەبەستمان لێرە ئەوەیە ناوی گوندەكان بە كوردی هاتیە و هەر لەكۆنەوە گوندەكانی دەشتی موسل چەندەها عەشیرەت و خێل و تیرە وبەرەبابی جودا جودا لە كوردی رەسەن تێدا ئاكنجی بوونە بەهەموویان دەلێن شەبەك .

# شارستانیەتی کوردستان

وولاتی کوردستان هەر لە کۆنەوە جێگای ململانێ و دووچاری پەلاماری دراو سێکانی بووە خاکی کوردستانیان کردبوو پێگەی شەرگەی خۆیان بە تایبەتی وەکو : سۆمەری وبابلی و ئاشووریەکان هەروەها ئیمبراتوریەتی فارس.

لۆلۆ: (٢٨٠٠) پێش زاین کۆنترۆلی دەڤەری دوو ئاوانیان کردبوو(وادی الرافدین) ، ریگای هاتووچۆی حەریریان دابین کردبوو رێگای گواستنەوەی بازرگانیرۆژهەلات و رۆژئاوا بوو لە نێوان ئیران و شام

لۆلۆییەکان چوار جاران کەوتبوونە شەر لەگەل ئاشوورییەکان

گوتی : مێژوویان (٢٢١٠ تاکو ٢١١٦) پێش زاین

فەرمانرەواییان لە باشووری کوردستانی گەورە بوو پایتەختیان ناوی (ئارابخا)بوو کە دەکاتە کەرکووکی ئێستا یەکەم جار بوو لە مێژوو مافی خوە موختاریان دابوو ئەکەدی وسۆمەرییەکان (٢١) بیست ویەك مەلیکیان هەبوو (٩١)نۆهەت ویەك سال و(٤٠) رۆژ فەرمانرەواییان کردبوو یان دەلێن (١٢٥)سال لەسەر حوکوم بوون

مەلیکی سومەر (اوتۆحیکال )هێرش کردبوو سەریان

تێکی شکاندبوو لە دەوروبەری سالانی (٢١١٤)پ.م [٢١]

میتانی :١٥٠٠ــــ١٢٧٥ پ.م پەیوەندی باشیان لەگەل فراعنە میسرییەکان هەبوو یەکیك لە فراعینەکانی میسر بە ناوی (ئەمنحوتبی

---

[٢] ــ احمد سووسە حچارە وادی الرافدین ج٢ ص٤٠٧

سێیەم )لە سالی (١٤٠٥ تاكو ١٣٦٧ ) كچی پاشای میتانی بە ناوی خانم (تیدۆحیبا)ببوو خێزانی دەولەتی میتانی لەلایەنی ئاشوورییەكان پەلاماردرابوو بەدەستی پاشاكانی حیتیان كۆتایی پێهاتبوو [٢٢]

كاشیەكان: (١٧٠٠ تاكو ١١٥٧ )پێشی زایین ،(٣٦)مەلیكیان هەبوو ئاشوورییەكان هێرشیان كردبوو سەریان تێكیان شكاندبوو ، دووای كاشیەكان ناچاربوون لەگەل گۆتی ولۆلۆ پەیمان ببەستن وهێرشیان كردبوو سەر ئاشوورییەكان هەروەها وولاتی سۆمەر وبابلیان داگیر كردبوو لە لۆرستان دەژیان سەركردەی بەناوبانگیان (كنداش) بوو

خندی (نایری ـ نەهری )كوردستانی گەورەی كردبوو یەك پارچەلە سالانی (١١٧١ )پێشی زایین ، پایتەختی لە بەرزای مەلازگەردبوو زۆر شەڕ وپێكدادانی لەگەل ئاشوورییەكان ئەنجامدابوو بەتایبەتی لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەم (٨٥٨ تاكو ٨٢٤ )پ .م خالدیمەلێكی ناوداریان ناوی ساردۆریس ی یەكەم بوو لە سەردەمی مەلیكی ئاشووری شلمانصەری سێیەم بوو شلمنسر٣ (٨٥٨ تاكو ٨٢٤) پ.م شاری ترسباسی ئاوەدان كردبوو دەكاتە وانی ئێستا زۆر شەڕولێكدان لە نێوان خالدی وئاشووریان روویدابوو بە تایبەتی لە سەردەمی شلمانصەری ئاشووری چارەم (٧٨٢ ـ ٧٧٢) [٢٣]

---

[٢] ـ دكتور گە باقر مقدمە فی التاریخ الحضارات القدیمە گ٢ (بغداد ١٩٥٥)

[٢] ـ مێژوونووس ـ محمد مندەلاوی (الموصل مدینە كوردستانیە عبر التاریخ ) لە رۆژنامەی اتحاد بەلاوكرایتەوە

# ئیمبراتۆریەتی (میدیاكان)

## ٧٠٠ ـ ٥٥٠ پ.ز

میدیاكان لە ناوچەكانی باشووری رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ لە سەدەی نۆیەمی پێشی زایین جێ نیشی بوون شاری (ئەكبەتانە ـ ئاكباتان ـ هەمەدانی ئێستا ) یان كردبوو پایتەخت خۆیان . میدیاكان لە ئاشوورییەكان فێری هونەری جەنگ وپیشەسازی جەنگ ببوو جگە لە رێكخستن و كارگێری وپەرەپێدانی پۆستە .

بە ناوبانگترین پاشاكانیان (دیاكو) بە بنیات نەری دەولەتی میدیاكان دادەنرێت هەروەها شا(كەیخسرەو ) توانی سوپایەكی بەهێز لە هۆزەكانی (ئەسكیت) دابمەزرێنێت و خستیە ژێر دەسهەلاتی خۆی پاشان پەیمانی لەگەل پاشای (بابل) شا (ئەبەبلاسەر ) بەستووە، ئەم پەیوندییە بە هۆی مێردكردنی كچی شا كەیخسرەو بۆ كوڕی شای بابل (نەبوخەزنەسەر )رووی لە بەهێزبوون كرد

دەولەتی میدیاكان دەگاتە پۆپكەی بەهێزبوون بەهۆی گرتنی شارە ئاشوورییەكان وەكو : ئاشوور وكەلەخ ونەینەوا لە نێوان سالانی (٦١٤ ـ ٦١٢ پ.ز ) قەلەمرەوی ئیمبراتۆریەتی میدیەكان گەیشتە ناوەندی ئاسیای بچووك لە رۆژئاوا وشاری تكریت لە باشوور ،بۆیە میدیەكان بوونە هێزی یەكەم لە رۆژهەلات دەستیان گرتە سەر رێگەی بازرگانیەكان

شایەنی باسە گەلی كورد سالگەردی دامەزراندی دەولەتی(میدیاكان ـ مادەكان)لە دەوروبەری (٧٠٠)سال پ.ز دەكاتە دەسپێكی سالنامەی كوردی

**بۆ زانیاری ٧٠٠ پ.ز +٢٠١٣ =٢٧١٣ سالنامەی کوردی [٢٤]**

**بەدرێژای مێژووی دۆلی دووئاوان چەندەها شارستانیەت و ژیاری کۆن لەو دۆلە جێنیشی بوونە چ جودا جودا یان پێکەوە ژیاوون وپشکداریان لە بنیاتنانی ژیاری کردووە ، چەندین شەپۆلی ئادەمی لە رۆژهەلاتەوە بە دۆلی دیجلە تێپەرینە ودەهاتنە ناو عیراق (نەتەوەی هیندو ئەوروپیەکان ) ئەم شەپۆلانە لەگەل دانیشتووانە رەسەنەکانی وەکو خوێندن بۆ پۆلی جارەمی وێژەیی شارستانیەتی دۆلی دوو ئاوان میسۆپوتامیا (سۆمەرییەکان لۆلۆییەکان وگوتیەکان خۆرییەکان .....)تێکەل بوون ئەم تێکەل بوونە دەبێتە هۆی ئالگۆڕی هزروبیروڕا پێکهینانی ئاوێتەیەکی نوێ ، هەروەها شەپۆلی ئادەمی لە رۆژئاواو باشووری رۆژئاوا (نەتەوەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی سامییەکان)،روویان کردۆتە عیراق ، نۆیە شارستانیەتی دۆلی رافیدەین مۆرکێکی گشتگیری( شمولی) هەیە وکراوەیە [٢٥]**

**باسی تویژینەوەی خۆمان بکەین ، باشە ئەو تێکەلبوونە لە نێوان شارستانیەکان وژیارە کۆنەکان ، پێکەوە ژیان و تێکچەڤینی ئەوەندە نەتەوانەی لێك جودا، ئەگەر شارستانیەك بشکێت یان لە ناوبچێت بە هەر هۆیەك هەبیت خۆ دەڤەرەکە کاول نابیت هەندێ ناوچە و دەڤەر لە شوێنی خۆیان دەمینێتەوەە باژێری نینوی بەدرێژای مێژوو شوێنی تێکهەلکێشان و تێکەلبوون بووە ، رێگای هاتووچۆی بازرگانی ولە شکرکێشی بووە هەندێ پێکهاتەی کۆمەلایەتی لە شوێنیك دەمینتەوە**

---

[٢] وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان مێژووی شارستانیەکان

[٢] ــ مێژووی شارستانیەکان پرۆگرامی پۆلی ١٠ دەیی وێژەیی

ودەبیتە خاوەن مالی خۆجێی ئەصلی بەڵێ کۆمەلگای شەبەك بەو دیاردەیە شوێنی دانیشتنی خۆیان دیارکردووەو کەلتوور وزمان وچل وبەرگ وخاکی خۆیان پاریستووە هەروەها داب ونەریت وشیواز و رفتاری کەسایەتی خۆیان لە دەست نەداوە پێکهاتەی مێژوو کۆنی شەبەك بۆ سەردەمی ئیمبراتۆریەتی میدیاکان دەگەریتەوا باسی لێوە دەکەین [٢٦]

# رەگ و ریچەلەکی شەبەك

بیروبۆچوونی زۆرلێك جودا هەیە دەربارەی رەگ و ریچەلەگی کوردی شەبەك ، نووسەر وتوێژەرەکانی لە بارەی شەبەکیان نووسووە هەریەك بە مەیلی بەرژەوەندی تایبەتمەندی خۆی دەربیرِیوە . هەندەکیان دەلێن نەتەوەیەکن ئەویش کوردن لە وولاتی فارس هاتوونە ولە دەوروبەری شاری موصل ئاکنجی بوونە، یان دەلێن تیرەیەکی ئاینین ،یان بە کەمە نەتەوە ناویان دەبەن،هەیە دەلێ عیراقینە .

بیروڕای لە هەموو موکوم ترو پەسندتر لە سەر ڕەگ و رەچەلەکی شەبەکان و دەلێن شەبەك پاشماوەی ئیمبراتۆریەتی میدیاکان کەئیمبراتۆریەتی ئاشووریان شکاند لە سالێ (٦١٢ پ.م)کوردی شەبەك قەلای موسلیان ئاوەدانکردو چەندەها گوندیان لە دەشتی موسل دروستکردو تێدا دانیشتن ، زۆر بەلگەی مێژوویی موکوم دان بەو بیروبۆچوونە دادنێن ،

---

[٢] ــ یاسین حسن حسین گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی بەردەرەش

ئێمە کە باسی مێژووی کورد دەکەین لە موسل ،واتە لەسەر مێژووی کۆنی شەبەك دەدوێین . مێژووی شەبەك لە موسل بۆ مێژووی کورد دەگەرێتەوە

لێك جودا بوونی ئەو بیروبۆجوونانە چەند ئاراستە یەك سەرهەلدەدات

## ئاراستەی یەکەم:

مێژوونووسی ومامۆستای زمانەوانی گەورەی کورد مامۆستا (مسعود محمد) ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراقی لە نامیلکەیەکی بچووکدا لە تۆی (٦٠) لاپەرەیی بە ناونیشانی (زمانی کورد )هەندێ راستیەکانی مێژوویی تێدا دیار دەکات ودەلێت : لە زانیارییەکانی مێژووی بەناوبانگی کۆمەلەیەکی لە رەکی سپی لە دەڤەری ئەرمەنەکان کە دەکەوێتە باکووری دەریای خەزەر پێش زایین جێنیشی ببوون ، ببوونە دوو چین

چینێکیان بەرەو رۆژئاوا رۆیشتن لە ئەوروپای ئێستا بەلابوونەوە . چینی دیکە بەرەو رۆژئاوا رۆیشتن بوونە دوو بەش چینێەکان لە هند مانەوە چینی دیکە هاتنە ئیران . کۆمەلەی دابەش بوونی یەکەم پێان دەگۆتری( هۆز وخێلەکانی هندوئەورپی)، وەبە چینی دووەم دەلێن (هندوئیرانی) ماوەیەك بەسەرچوو بە هندئەورپیەکانیان کۆت (ئاری) .

هندییەکانی لە باکووری هند بە سانسکریتی هەمویان ئاری تەواون هەندێك چودانە لەگەل دارفین وئەوانەی لە ناوەراست و باشووری وولاتی هند دادەنبشن لە رووی زمانەوانیەوە دوای کۆچکردنیان ودابەش بوونی شێوەی ئاخافتینان بە دیار دەکەوێت .

[1] ـ خێل وهۆزەكانی هندوئەورپی پێش لێكجودا بوونەوەیان بەیەك زمان دەئاخفتن وبەچەند شێوەزارێكی لێك نزیك بەپێی دوورنزیكی تێكەل بوونیان لە نیۆانیاندا لە یەكگرتنەوە زمانەوانیان ووشە وزاراوەی زۆر لە نیۆانیاندا پێك دەچوون ووشەكانیان یەك مانای هەبوو بەلام لە رووی فۆنۆتیكەوە دەربڕینی ووشە لە ناوچە یەك بۆ ناوچەیەكی تر هەندی جودایی هەبوو ئەوەش بەپێی دوور ونزیكی شوێنیان ماوەی لێك چودا بوونیان .

[2] ـ نزیك بوونەوەی سانسكریتی لە گەل گەلی ئاری هەر لە سەرەتای لێك چودا بوونەوەیان بۆ دووگەل ،لێك نزیك بوونەوەیان پارێزراوبوو لەبەر كتێبی (veela) هندی وكتێبی ئاڤێستا (avesta) ئەو هەردوو كتێبە بوونە مایەی پاراستن و لێك نزیك بوونەوەی زمانی سانسكریتی وزمانی ئێرانی ، كە هەردووكیان زمانی ئەصلی ئارياييەكان بوون ، پێكچوونیان زۆر لێك نزیك بوو هەر وەكو دوو مندالی جمك لە دایك بوون هەندێ جار ووشەكانیان لێك نە دەكرایەوە ئەوەندە لێك نزیك بوون پێك دە چوون .

[3] ـ وێك چوونی زمانەكانی كە ئیرانیەكان ئاخفتنیان پیردەكرد لەگەل ئارياكان نزیك بوونەوەی وێك چوونیان لەگەل سانسكریتی ، هەروەها لەگەل لقەكانی ئەورووپی نزیك بوون ، ئەوەش زێدە بكەین ئاین زەردەشت كە ئیرانی داگریتوو ببو مایەی مانەوە و لێك نزیك بوونی زمانەكان مەبەستی ئێمە ئەوەیە:ـ گەلی هندوئەوربی بوونە دووبەش ،بەشێكیان چوونە هند بەشی دیكە چوونە پانتایی ئاریان چەند گەلێك لێیان پێك هات وەكو بلوش وكورد وفارس وشەبەك **وگاجیك** وئوزبەگ بەسەر

ناوچەکانی دەوروبەریان بەلاوەبوون ، هەندێ لە کوردی شەبەك هاتبوون لە موصل ودەشتی موصل جێ نیشی ببوون [٢٧]

هندێك لە مێژوونووسان دەلێن :کوردی شەبەك پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی میدیاکانە کە لە سالی (٦١٢)پێشی زایین بە سەر ئاشوورییەکان زال بوون لە موصل مایتنەوە [٢٨]

(کوردی شەبەك لە کۆنەوە موصلیان بنیات ناوە ،بەلکو یەکەم کەس بوونە لە ئاوەدانکردنی ئەوشارە بە قەلای (نوادشێر - نوئەردەشێر واتا ئەردەشێری نوێ ) ناونرا ،زۆر سەر چاوەی مێژووی موکوم وبڕواپێکراو ئەوە دەسەلێنن وئاماژەی پێدەکەن کە (نوادشێر)ی کوردی میدی ئەو قەلایەی دامەزراندووە لە لای رۆژئاوای رووباری دیجلە پێش هاتنی ئاشوورییەکان بۆ ناوچەکە بە ماوەی نزیکتر لە پێنج سەدە ،

تاوەکو ببێتە ویستگەی راوەستانی کاروانی بازرگانی کە لە رۆژهەلات دەهاتن بەرەو رۆژ ئاوا هەر وەها بە پێچەوانەوە بە رێگای بازرگانی کۆن کە ناسرا بوو بە رێگای (حەریر) یان رێگای قەتار وکاروانچیان

---

[٢] ـ الدکتور مسعود محمد (لسان الکرد)بغداد ١٩٨٧ ص ٨

[٢] ـ مێجەرسۆن گەشتەکەی لە نێوان رووئاوان وکوردستان لە وەلگێرانی میرزا

غولام شیرازی و فؤاد جمیل ج١ بغداد ١٩٧٠ ص ١٣٨ \ئێستا رێگای نوێ ی هاتوو چوو هەرمایە باژێری موصل لەگەل حلب دەبەستەوە ، رێگای کۆنی بەرێ دەگرتەوە کە رێگای شەمەندەفەرە) [٢٩]

ئەو رێگایە رۆژهەلاتی بە بەرۆژئاوا دەبەستەوە کە دەگاتە لێواری دەریاری سپی ناوەراست لەو سەردەمی وولاتی ڤینیقیاتی کۆن ووولات شام بوو .

هەروەها مامۆستا حسن یونس ایوب لە (اصل الشبك)ئاماژەی پێکردووە. فی جریدە الیقین ژمارە (١٣)لە ٢٠٠٤/١٠/١٤ (پیاوێکی زیرەك وبلیمەت بە ناوی دیوکس لە ناو میدیاکان سەری هەلدا وباژێری هەمەدانی کردبوو پایتەختی خۆی پاشان کوڕەکەی (فراسۆرت)شوێنی کرت ، وولاتی ئەسلی میدیاکان تەپۆلکە (هضبة) ی ئیران بوو ، ئاشوورییەکان بەردەوام هێرشیان دەکردە سەریان، سالی (٦٣٢)مەلیکێکی میدی بە ناوی فرارتس پەیدا شلیمانسەری سێیەم ئەو مەلیکەی کوشت، پاشان برای کەیکاوس کەیخەسرەو هاتە گۆرەپانێ سوپایەکی رێکخست ، سالی (٦١٥)پ.ز بەرەو وولاتی ئاشوور کەوتورێ بەردەوام بوو لە هێرش کردن سالی (٦١٤)پ.م شاری تاربیزی داگیرکردو ، پاشان بەرەو شاری ئاشوور (الشرقات)رۆیشت تێکی شکاند، گەیشتە مەلیکی بابلی هاوپەیمانیان لەگەل یەکدی بەست بۆ لێدانی وولاتی ئاشوور لە موصل سنووری خۆیان دیارکرد میدیاکان کەوتنە رۆژهەلاتی ئاوی دیجلە بابلیەکان کەوتنە رۆژئاوای ئاوی دیجلە ،وەلە سالی (٦١٢)بە تەواوی

---

[٢] ــ احمد شوکت الشبك الکورد المنسیون چاپی ٢٠٠٣ ل ٢٩ کتێب بەزمانی عەرەبی

**موصل کەوتە ژێر دەستهەلاتیان تاگو سنوریان گەیشتە حەران لە سوریای ئێستا** [30]

**پێش هاتنی ئاشوورییەکان بۆ موصل بێ گومان کورد لە وێندەری ژیاوون ئینجا ئاشوورییەکان هاتن داگیریان کرد ، هەر لەبەرهەندێ بۆ جاری دووەم لە ئاشووریان سندرایەوەو دووبارە کورد گەرایەوە ، بەهی خۆی زانیوەو ئاوەدانی کردەوە**

**ابن الاثیر لە کتێبەکەی (الکامل فی التاریخ) نووسیتی**

**(کاتی ساسانیەکان وولاتیان داگیرکرد دووای بێ هێزی ئاشوورییەکان کردیانە هێ خۆیان قەلای موصل یان نوژەن کردەوە کەپێی دەگوترا قەلای عبوری سوپای خۆیان تێدا جێ نیشی کردوو ، لە دەوروبەری گوند وئاواهیان دامەزراند وخانوو بەرەیان بۆ جۆتیاران وسنعەتکاران دروست کردو تێدا ئاکنجی بوو ئەوانە لە ڕو کورد نەسارا بوون** [31]

**باسیل نیکیتین ئەو بیرو بۆ چوونەی ابن اسیر پەسنددەکات دەلێت :(فارسەکان لە سالی (٧١٤)پ.ز بەرەو باشوور رۆیشتن میدیاییەکان دەستهەلاتی تەواوی خۆیان بەسەر هەموو ناوچەکان دەگرت ، تاکو مانیەکان هاتن کە مۆرکی ئیرانیان پیوە دیار بوو پاشان سییەکان ئەوانیش ب رەگەز وبنچینەئیرانین . لە دووای رووخانی وولاتی ئاشووریان لە ناوچوونی نینوی لە سالی (٦١٢)پ .م بۆ شاییەکی گەورە**

---

[3] ــ احمد عونی ترجمە کتاب (تاریخ الدول ولامارات الکردیە )للمؤرخ الکوردی محمد امین زکی بەگ

[3] ــ احمد حامد الصراف .الشبك مطبعة المعارف بغداد ١٩٥٤ ص ١٢

لە ناوچەكە پەیدابوو ، پر نەكرایەوە بە والایی مابۆە تاكو هەندی هۆز وخێلی ئیران (لە رۆژهەلاتی كوردستانی گەورە) هاتن نەوەیەكی نۆیان دامزراندن لە رۆژ هەلاتی ئاوی دیجلە) [٣٢]

هەروەها قەشە سلێمان سائغ دەلێت(ئەوانە لەلای رۆژهەلات هاتن لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون هەر وەكو برایەكانیان كورد وعەرەب كە لە ماوەی جودا جودا هاتوونە لە موصل ئاكنجی بوونە [٣٣]

كامل شبێب دەلێت : شەبەك دەگەرێتەوە بۆ هۆز یان خێلی شبنكارەی فەزلەوی بەرەباێكی دلێمییە نەوەكانیان پەیرەوی ریچكەی ئسماعیلیە دەكەن ،

لە سەردەمی سەلجوقیەكان خێلی شوانكارە وكورد زال بوون بەسەر ئەتابكەكان ، دووای روخان و لە ناو چوونی وولاتی سەلجوقیەكان عەشیرەتی شوانكارە زال ببوو بەسەر هەرێمی رۆژهەلاتی فارس شەبەك بۆ ئەوان دەگەرێنەوە [٣٤]

مێژوونووسی ئەلمانی (فون هامەر) لە سالی ١٧٧٤ لە دایك بووە دەلێت : دانیشتوانی موصل بە كوردی دەپەیڤین وئەوان كوردن سەرەرای هەندێ زمانی عەرەبی وفارسی وتوركی دەزانن، كوردی شەبەك لەناوخویاندا هیچ كاتێك نە بە زمانی عەرەبی ، فارسی ، توركی

[٣] ــ باسیل نیكیتین . (الاكراد ) دار الرائع بیروت ص ٢٠

[٣] ــ سلیمان سائح تاریخ الموصل ج ١ المطبعة السلفیه مصر ١٩٢٣ ص ٢٤

[٣] ــ الدكتور كامل مصطفی الصفویه وروسبها بغداد ١٩٦٧ ص ٤

ئاخفتنیان نەکردووە نە لە دوور نە لە نزیك ، بە زمانی کوردی شێوەزاری(ماچۆ )دەپەیڤن ، هەندێ مالی تورکمانی و عەرەبی لە گوندەکانی شەبەکستان دەژین شان بە شانی کوردی شەبەك لە دەشتی موسل ئەوەش ئەوە ناگەیەنی کوردی شەبەك عەرەب و تورك و فارس ، مێژوونووسی بەناوبانگ (لسترانج) بیروبۆچوونی سەرەوە دەلەملێنێت وداکۆکی لەسەر ئەو راستیەدەکات دەلێت: خەلکی موسل هەر لە زۆر کۆنەوە کوردن بە زمانی کوردی دەئاخڤتن . مێژوونووسی بە ناوبانگ کورد ئەمین زەکی بەگ دەلێت: دانیشتووانی موسل کوردن بە تایبەت لە سەردەمی سەدەی چارەم .

نووسەر چەلەبی زادە دەلێت : کاتێ سەردانی باژێری موسل کردبوو لە سالی ١٦٣٨ ز پەرتووکی خۆی دانا بە ناوی (کشف الڤنون) دیتبووی خەلکی موسل بە زمانی کوردی شەبەکی ماچۆ قسەیان دەکر.

گەریدەی بەناوبانگی ئیتالی (مارکۆ بۆلۆ) لە سالی ١٢٨٠ ز لە ناو شاری موسل تێپەربوو دەلێت: کاتێ مرۆڤ بچیتە دەرەوەی شوورەی موسل چاوی بە چەند عەشیرەت وخێلی توندو چەلەنگ دەکەویت بە ژیانی کۆچەرایەتی دەژیان ومەرومالاتیان بەخێو دەکرد ئەوانە بەکورد ناودەبرێن(٣٦) بەردەوام دەبین بەلگەی زیاتر دەخەینە بەر جاوی خوێندەران ومێژوونووسان بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە شەبەك کوردی رەسەنن هەر لە کۆنەوە لە شاری موسل دادەنیشن

مێژووی ئاکنجی بوونی شەبەك دەگەرێتەوە بۆ دووای کەوتنی موسل لە سالی ٦١٢ پێش زاین لە سەردەستی هاوپەیمانی میدیاکان و بابلیەکاندا لە سەردەمی (نوادشێر) ناوی لێنرا موسل یەکەم کەس ئەو

ناوەی گوت وبەکارهات (راواند بیوراسف ) کوردێکی خەلکی ئەو شارە بوو [٣٥]

ووشەی (نوادشێر) لێکبدەینەوە لە رووی زمانەوانیەوە ووشەیەکی لێکدراوە لە دوو برگە پێکهاتیە

نو= نوێ      اد= ئاباد دێت کورت کرایتەوە ، واتە = ئاوەدانی

شێر = شێر ئاژەلێکی زیرەکە وسەرۆکی هەموو ئاژەلانە ، کورد هەر لە کۆنەوە ناوی شێر لە مندالی خۆی ناوە ووشەکە دەبێتە (نوێ + ئاباد + شێر) ، نوێ + ئاوا + شێر = نوێ ئاوا بە درێژای مێژووی بوویتە : نەی نەوا ، واتە شاری نوێ ئاوا [٣٦]

ئەردەشێر ناوی شاهێکی فارسی یە فەرمانڕەوایی موسلی کردیە دووای ئاوەدانکرنەوەی لە لایەن کوردی میدی ناوی موسل بە ناوی ئەو کرا .

سەرکردەی یۆنانی (کزینفۆن ـ زەینەفۆن) لەگەل (١٠) دە هەزار سەرباز لە ناوەراستی سەدەی پێنچەم ، باسی لە کشانەوەی خۆی دەکات لە وولاتی بابل بەرەو باکوور ،شان بەشانی کەناری دیجلە ، باس لە هەبوونی کورد دەکات بە (کاردۆخ ) ناویان دەبات ، گەیشتە موصل گوندێکی بچووك بوو (بەموسێلا ناوی دەبات)گوندەکانی دەشتی موسل خانوبەرەکانیان پربوون لە گەنم وجۆ ودانەوێلە ، هەروەها دەلێت ئەوانە زۆر بە دلێرانە بەرگریان لە مال ومندال وکەل وپەلی خۆیان دەکرد ،

---

[٣] ــ الحموی یاقوت معجم البلدان ص ١٠

[٣] ــ یاسین حسن حسین گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی بەردەرەش

چەند سەربازی لەشکری زەینەفون هاتیوو کوشتن ، پێویستی بە (٧) هەفت رۆژ هەبوو بۆ تێپەربوون لە زەوی کاردۆخیەکان تاکو بگاتە ولاتی خۆی، زینەفۆن بەزمانی یۆنانی موسل بە موسیلا یان مسبێلا ناودەبات ٣٧

قەشە سلێمان الصائغ لە کتێبەکەی تاریخ الموصل جزئی ١ ص٣٩ـ ٤٠ دەلێت : لەشکرێکی گەورە لە بەغدا هاتبوو لە رووباری زێی گەورە پەرینەوە بە دووری چەند کیلۆمەتریك لە تێکەل بوونی ئاوی زێی گەورەو رووباری دیجلەبەرەو لێواری دیجلە دەهاتن گەیشتنە باژێرەکێ پێیان دەگۆت (لاریسا ) یونانیەکان لە یەك رۆژدا بە درێژایی ٦ شەش فرسەخ دەرۆیشتن کە دەکاتە سی ٣٠ کیلۆمەتر تاگەیشتنە قەلایەکی ویرانکراو کە لە نزیك شاری موسل بوو مادییەکان تێدا نیشتەجێ بوون.
المشرق :کتاب نشرەالعلامەالبتریك أفرام رحمانی تێدا دەلێت
(شارێکە لەسەردەمی دەولەتی ئەشکانیەکان بنیاتنرایە ، دەولەتی ئەشکانی لە چینی سێیەمی مەلیکەکانی فارسن گەورەترین مەلیکی سەردەمی خۆیان بوون ، فەرەنکییەکان (الافرنج)بە دەولەتی ئەشکانیان دەگۆت ( فرثیین )واتە فورس

هەتا ئێستا لە دەڤەری گۆرانەتی بە موصل دەلێن میسل ، تاکی عەرەب لە موسل نەبووە چونکە هیچ لەسەرچاوەکان ئاماژە بە عەرەب نەکرایە . عەرەبەکان لە سەردەمی ئیسلامی هاتنە موسل باسی لێوە دەکەین .

---

[٣] ـ مێژووی پۆلی یازدەی وێژەیی / پرۆگرامی خوێندن ـ هەرێمی کوردستان ل ٢٢

(شەبەك شانازی بە کوردایەتی خۆیان دەکەن، ئەوانیش هەروەکو کوردەکان هەولی زۆر بۆ بەعەرەب کردنیان کراوە ، زۆر لە خانەوادە شەبەکەکان تووشی راگواستنەوە هاتن لە سالی ١٩٧٥ ، پاشان راگواستنەوەیان وێران کردنی بە سەدان مال لە ولات شەبەك بەتایبەتی لە سالی ١٩٨٨ ـ١٩٨٩ هاتنە راگواستنەوە بۆ کۆمەلگە زۆرە ملێیەکان لە باسرمەی دەشتی هەریر ناوچەی چەچەمال پێش هەنگی رژێمی بەعسی لەناوچوو لە سەر ژمێری سالی ١٩٧٧ بە عەرەب تۆماریانی کردبوو [٣٨]

لەپارێزگای موسل چەند چینێکی تر هەنە بەناوی شارلی(سارلی سارولی) باجوان یان باجۆران وشاباك ، ئەو چینانە بە هەرسێ بەشی یەوە کوردی پەتی تەواون . رابۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان پالپشتی و لایەنگیریان دەکات لە لاپەرە (٦٠) زمانی ئاخفتنی ئەو چینانەکوردیە هەندێك تێکچەقیە ومۆرکی تایبەتی هەیە [٣٩]

شەبەك چەند هۆزێکی کوردی رەسەنن پێشی سەدان سالە لە رۆژهەلاتی کوردستان هاتوونە لە موسل دانیشتینە [٤٠]

مێژوونووسان نەگەرایتنەوە بۆ بەلگەنامە فەرمییەکان تۆماری تابۆ لە سەردەمی عوسمانلیەکان کە دەگەرێتەوە بۆ سالانی ١٥٣٩ م ١٥٧٥ م

[٣] رشيد خيون ـ الاديان والمذاهب بالعراق طبع ١٤٢٦ هـ ل ٤٣٥

[٣] ــ رشيد خيون سەرچاوەی پێشوە ل٤٢٩

[٤] ــ خسرۆ گۆران ـ الکورد فی محافظة الموصل طبعة اربیل (٢٠٠٦) ص٨٥

ناوی هۆزو وعەشیرەتەکانی شەبەکی تێدا هاتیە تۆمارکردن و چەند جار ناوەکان تێدا دووبارە بوویتەوە [41]

شەبەك ناوی یەکێکە لە کورەکانی نەوەی نوح بێغەمبەرە سەلامی خودای لێبیت لە پێشەوە باسمان لێوە کرد ، ناو شەبەك بە چەند پشت دەگاتە نووح بێغەمبەر

(افراسیاب کوڕی شەبەك کوڕی رۆستەم کوڕی تورك کوڕی کوبر کوڕی یافث کوڕی نووح بێغەمبەر (س.خ ) [42]

باسی نووح بێغەمبەر بکەین ، لافاوی نووح ودنیای داگرت نووح بە فەرمانی خودا گەشتی یەکی دروست کرد مرۆڤ وئاژەلەکانی تێدا بارکرد بۆ رزگارکردنیان، دووای دامرکانی ئاوی لافاوەکە بە فەرمانی خودا گەشتی نووح لەسەر چیای جودی لە نگەری گرت(واستوت علی جودی) لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێدرایە

چیای جودی دەکەوێتە کوردستانی باکوور لێردا ئاشکرایە سەر لە نوێ ژیانی ئادەمیزاد لە کودستان سەر هەلدا واتە لانکەی مرۆڤایەتی کوردستانە ، هێدی هێدی شەپۆلی لافاوەکە دامرکا لە شوێنە بەرزەکان تاکو ناوچە دەشتاییەکان بە دیار کەوت کوندێك بە ناوی هەشتکان

---

[41] ــ عبدالفتاح علی یحیی دراسات ومباحث فی التاریخ الکورد گ ١ اربیل ٢٠٠٧ ص ٤٤٩ ـ

[42] ــ القلقشندی احمد بن علی فی صناعه الانشار ط ١ دمشق (١٩٨٧ ) نامەی مەلا سالم شەبەکی

دامەزرا چونکی ژمارەیان (٨٠) هەشتا کەس بوو ناوی گوندەکە لەو ژمارەیە هاتیە ئینجا شارنەخی ئێستا لە کوردستانی تورکیا ئاوە دان کرا شەرنەخ بە واتای ( شاری نووح) دێت / شار +نووح
مرۆف لەگەل دامرکانی ئاستی ئاوی لافا بەرەو باشوور دەهات تاکو گەیشتنە چیای مەقلوب لە وێندەرێ لە دەشتی موسل بە لابوونەوەو شاری موسل وگوندەکانیان ئاوەدان کرد ووشەی موصل هاتیە لە
نوێ + ئاوا= واتە نوح ئاوا (نەوەی نووح ئاوەدانیان کردووە)

بە ئاماژە مان پێدا یەکێك لە نەوەی نووح ناوی شەبەك بوو دوورنیە ئەو ناو شەبەکە موسلی ئاوەدانکردییە ، ئەوە بوچونێکە لە ئاینەکان وەرگیرایە وقورئانی پیرۆز باسی لێوەکردییە ،زانین زانینی خووایە [٤٣]
نووسەر عەونی داوودی لە ووتارێکی دەلێت: زۆر نووسینەوە لەسەر رەگ و رەچەلەك وبنچینەی شەبەك گۆترایە هەندێك دەلێن تورکن ،فارسن ، عەرەبن

بەلام ئەوەی راستە، شەبەك لە خێل وعەشیرەتی کوردی رەسەنن پەیڤینیان بە زارگۆتنی باجەلانی کورد لقێکە لە دیالێکتی گۆرانن .
ئەوەی راستیە دەبیت بگۆتری شەبەك بە درێژایی مێژوو لە باکور و رۆژهەلاتی کوردستانی گەورە هاتوونە لە وولات شەبەك ئاکنجی بوونە شەبەك نە لە دوو وەنە لە نزیك نەعەرەبن و نە تورکن و وەنە فارسن چونکە زمان ناسنامەی هەموو نەتەوەیەکە ،ئاشکرایە لای هەموو

---

[٤] ــ یاسین حسن گۆران نووسەری ئەم کتێبە

مێژوونوسان بە درێژایی مێژوو رۆژهەلاتی رۆباری دیجلە هەرکوردی لێهەبووە تاکو دوای هاتنی ئیسلام عەرەب هات

مینۆرسکی رۆژهەلات ناسی بە ناوبانگ دەلێت: شەبەك کۆمەلەیەکی ئیسلامی کوردی رەسەنن لە پارێزگای موصل دەژین پەیوەندیان لەگەل ئێزدی دراوسێیان هەیە لە کاتی خۆشی ونە خۆشیاندا لە کۆڕ وکۆبوونەوەی بەکتر ئامادە دەبن ، سەردانی نزرگە (مەزار )ی یەکتر دەکەن بۆ نموونە مەزاری گوندی دەراویش ئیزدی تەوافی خۆیان لێدەکەن وشەبەکیش سەردانی دەکەن کە دەناسرێت بە مەزاری ( حسن فرێۆش )، ئاین و مەزهەب دەگۆرێ بەلام ناسنامەی نەتەوایەتی بە ئاسانی ناگۆرێت کورد دەلێت :( مرۆڤـــــ لە دین دەبیت بەلام لە خوین نابیت )

جەرامیکە لەدەسپێکی هاتنی ئیسلام لە موصل بوونە نەتەوەیەکی بێگانە

غریفویوس دەلێت لە کتێبی (مختصر الدول ص ١٣١) هاتیە: ،جەرامیکە نەتەوەیەکن لە موصل رەچەلەکیان بۆ کوردی فارسی دەکەرێتەوە ،

یاقوتی حەمەوی لە کتێبی خۆی ل ٤٥ دەلێت: جرموق کوڕی ئاشوز کوڕی سام کوڕی نوح بێغەمبەر سەلامی خودای لە سەر بێت ئبن خەلدون لە کتێبەکەی ل ٤٥ دەلێت :جەرامیکە ئەوان خودانێ موسلن بە سەر سەنحاریب مەلیکی بابلی زال بوو [٤]

[٤] ــ نامەی ماجستێری مەلا سالم شەبەکی ٢٠١١ لاپەرە ل١٢

مارك سایکس بریتانی (١٨٧٩ـ١٩١٩ ز) بەهۆز وخێلی کوردی پلە (a) واتە کوردی پەتی و لە نەژادونەوەی ئەسلی کوردی تۆخ [٤٥]

لەو سەرچاوانەی سەررەوە دەلێن گوایە جەرامیکە بێگانەنە وهاتوونە لە موسل دانیشتینە بی گومان ئەوانە پێکهاتەی چینێك لە کوردی شەبەکی ئێستانە ولە کوردستانی رۆژهەلات لە دەڤەری جرمق نزیك شاری ئەسفەهان بەرەو شاری موسل هاتوونە ولە دەشتی بە پیت وبەرکەتی رۆژهەلاتی ئاوی دیجلە جێ نیشی بوونە مێژوونووسانی عەرەب کە دەلێن (حجم)یعنی بێکانە بە کوردی رەسەنیان دەگۆت واتە :

عەرەب وتورك فارس نینە. لەسەر زاریان ناهێت بلێن کورد بەلکو دەلێن پاشماوەی فارس ئەو زاراوەیە بۆ کورد بە کار دەهێنن بێ گومان کوردی شەبەکی ئێستای ، لە ئەنتیکە خانەی موصل پارچە شوێنە وارێکی کۆن لە سەردەمی ئاشوورییەکان بەدەست خەتی بزماری نووسراوە وبەزمانی (هیروغلیفیە ) رێز بەندی بۆ کرایە لە ژێر ژمارە(١٠٨٣٢) دەلێت :

(کاتێ پایتەختی خۆمان لە باشووری موسل ئاوە دان کرد بە دووری ١٨٠ کم لە (حەضەری موسلی ئێستا )یە (وولاتی میدیای کوردی دیترا قەلای خۆیان ئاوەدان کردبوو (قەلای نەوادشێر ـ نوئەردەشێر ) .

لەسەر لێواری ئاوی دیجلە شێوەی ئاوە دان کردنی ئەو قەلایە لە سەر شێوەی تەلارسازی شەبەك بوو)

حوسێن پاشای جەلیلی والی موسل خۆی ئامادەکردبوو بۆ بەرگری کرد ، خندرِی لە دەوری موسل هەلکۆلی ، عەمباری خۆی پڕی دانە وێلە

---

[٤] ــ مهدی محمد عبداللە نووسەر سەرێکی کوردی عیراقی ،ووتار

وپێداویستی کردبوو ، خەلکی گوندەکانی دەوروبەری موسلی بانگهێشت کردبوو بۆ بەرگری کردن لە شاری موسل

حوسێن پاشای جەلیلی بڕیاری دا بەرگری بکات وخۆی نەداتە دەست نادرشاه ،فەرمانێکی دەرکردبۆ بۆ (اهالی موصل وچواحیها)خەلکی موسل و دەوروبەری کۆ بکاتەوە ناو شوورەی موسل

خوالێخۆشبوو ئەحمەد شەوکەت دەلێت : کوردی شەبەك بانگهێشتی والی عوسمانلیان جێ بەجێ نەکردو گوێرایەلی نەبوون و پێشوازی لە شکری داکیری کەری نادرشایان کرد ،لە بەرئەوەی زۆربەیان بە هەمان زمان ئاخفتنیان دەکرد ، لێرەدا دوژمنداری لەنێوان شەبەك وموسلاویان سەری هەلدا [٤٧]

دەلێت من بەخۆم لەجەماتی موسلاویەکانی کۆن گوێم لێدەبوو دەیانگۆت : شەبەك لەکۆمەلەی نادرشاهی ئێرانین کاتی هاتبوو گە مارۆی موسلی دابوو ، پاشماوەی ئەو لە شکرەن(٥٠)

من لەگەل ئەو بیرو بۆ چوونە نیمە ، نادرشاه کە هات گە مارۆی موسلی دا لە سالی (١٧٤٣) ، ئەو گەمارۆیە ٤٢ چل و دوو رۆژی خایاندبوو لە هەردوو سەرچاوەکە دەلێن حوسێن پاشای جەلیلی خەلکی دەوروبەری کۆکردەوە ناو شوورەی موصل بۆ بەرگری کردن. بی گومان کوردی شەبەك پیاوەکانیان پشکداریان کردووە لە بەرگری کردنی شاری موصل

---

[٤] محافظة نینوی بین الماضی والحاضر موصل ١٩٨٦ ل ٩٤

[٤] ــ لەدەست نووسی بەرێز ئیسماعیل خەلیل باجەلانی کوردی شەبەك ناسراو بە ئەبو وەقاس وەرگیرایە

لەبەرئەوەی دانیشتوانی کوردی ناو شار شەبەك بوونەو خزمایەتی وبەرژەوەندی بازرگانیان لەگەل یەك هەبووە ناچارن بەرگری لە شاری خۆیان موسل بکەن .

ئەوە لەلایەك لە لایەکی دیکە لە شکرێکی فارس لە ئێران بیتە سەر شاررەکەت دەیەوێت هەتکی عەرز وناموست بکات وگوند شارت داگیر بکات نەشێت مەرامی خۆی جێ بە جێ بکات و بە نا ئومێدییەوە پاشەکشێی کردبوو ، لە دووای کردنەوەی دەرگاکانی شاری موسل ئایا کی دەتوانی لەو لەشکرەداگیرکەرە بمنێتەوە ، ئەوە ناچیتە هزرومێشکی هیچ کەسێك ، من دەلێم دووای پاشە کشەیان تاکێکی لە شکری نادر شاە ناتوانن بمنێننەوە بە مندال وژنان بەرد باران دەکرێن تەنها بیرو ڕای هەندێ مێژوونووسان ، ئەوانەی دەیانەوێت ناوی شەبەك بزرێنن ولە نەتەوەی کورد هەلیانبوێرن ودوریان بکەنەوە ئەو بیرۆکەیان هەلبەستووە [48]

لەشکری نادرشاە لەفارس و کورد پێکهاتبوودەشتی موسل و دەوروبەری داگیرگردبوو گوندەکانی کوردی شەبەك کەوتبوو ژێررکێفی داگیرکاری لەشکری نادرشاە بارەگاکانیان لەگوندەکانی سەلامیەو جلوەخان و شاە قولی بوون [49]

---

[48] ــ احمد شوکت الکورد المنسیون طبع سنە ٢٠٠٣ ل٤٥

[49] ــ یاسین حسن حسین گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی /بەردەرەش

دووای دیاری کردنی ئاراستەکانی بیروبۆ چوونی نووسەر ومێژوونووسان دەربارەی کوردی شەبەك ،بێویستە هەر پێنچ ئەگەرەکانی ئەحمەد وحامد ئەلصەڕاف بخەینە بەر چاوی خوێنەران [50]

## ئەگەری یەکەم :

دەلێتن شەبەك لە یەکێك لە عەشیرەتە کوردەکانن لە عیراق دادەنیشن سەردەمی مێژووی هاتنیان نەزانراوە.

ئەوبیروبۆچوونە هیچ قەوالەو بەلگە پالپشتی ناکات ، بەلگە ی ئەوە لە نێوان شەبەك عەشیرەتی تورکومان وعەرەب وفارسەکان هەنە

## ئەگەری دووەم:

شەبەك دەگەرێنەوە بۆ تورکمانەکانی کە لە سەردەمی سولتان تەغرل بەگی سەلجوقی هاتوونە بۆ عیراق ، ئەو ئەگەرەش هیچ قەوالەو بەلگەیەك ئەوە ناسەلمێنن، چونکە ئەو تورکانەی لەگەل سولتان تەغرل بەگی سەلجوقی هاتوونە بە زمانی ئازەری قسە دەکەن ، ئەو زمانەی کە تورکمانی ناوچەکانی کەرکوك بەکاری دەهێنن ، زۆر جودایە لەگەل زمانی شەبەك کە شێوەزاری ماچۆ لقێکی زمانی کوردی پەتی یە ، زمانی ئاڤێستا کە زمانی کوردی رەسەنە.

## ئەگەری سێیەم

دەبێت شەبەك لە عەشیرەتەکانی گوندەکانی قونیلۆ یان ئاق قونیلو بێت.

---

[50] ــ احمد حامد الصراف الشبك وزاره المعارف بغداد ١٩٥٤ م ص١٢٩

قەرە قونیلۆ دەولەتێکی تورکومانیە سالی ١٤١٠ ـ ١٤٦٨ ز فەرمانرەوای عیراقیان کردووە ، لەو کاتەی دەولەتی ئاق قونیلۆ لە سالی ١٤٦٨ ـ ١٥٨٠ ز فەرمانرەوای عیراقی کردووە ، ئەوبیرو بۆ چوونەشی لاوازەو بەتورکی دەئاخڤن زەمینەیەکی جێگیری نیە ،

## ئەگەری چارەم :

دەبێت شەبەك لەو تورکانەبن لە سەردەمی سولتان مرادی چارەم لە سالی ١٠٤٧ ز هاتوونە ،لە باکووری عیراق (کوردستان ) نیشتەجێ یان کردووە

## ئەگەری پێنجەم :

دەبێت شەبەك تورك بن بەبیروبۆچوون و رێچکەی خۆیان لە سەردەمی سەفەوییەکان (خانە وادەی سەفەوی ئیرانی دەستهەلاتیان لە ١٥٠٠ ـ ١٧٥٠ م هەبووە) هاتوونە.

ئەو بیروبۆچوونە نابەجێیەو وەرناگیرێ چونکی شەبەك پێش سەردەمی سەفەوییەکان هەبوونە

بەراستی لە هەموو شێك تاوانبارترو قێزەونتر ئەوەیە تاوانێکی بەدکارو ناشیرین بکەیت بەرامبەر راستیەکانی مێژوو رووداوەکانی بشێوێنی ، هەندێ مێژوو نووس بۆ مەبەستی تۆلە سەندنەوە لە کەسێك یان لە خێل وعەشیرەت وهۆزێك یان گەلێك رق وکینەی خۆیان بە نووکی پێنووسەکانیان دادەرێژن لا پەرەی مێژووی نەتەوەیەك دەگۆرن یان رەشی دەکەن ،

کوردی شەبەك بەتێکرایی زمانی تورکی نازانن تەنها ماله سەیدەکان نەبیت ئەویش دارودەستەی عوسمانلیەکان بوون بۆ مەرامی خۆیان هینابوویان

یەکەم کەس لە سەر شەبەکی نووسیووە ، نووسەر ئەحمەد حامد صەرافە لە سالی ١٩٣٨ وەلە سالی ١٩٥٤ چاپ وبەلاوی کردەوە ، نالێم هەمووی خراپە شتی باش و بەکەلکیش تێداهەیە بەلام بەشی یەکەمی کتێبەکە بەتەواوی ژهراوییە زیاتر باسی لایەنی مێژووی تێدا دەکات هەروەها لایەنی ئاینی بەتەواوی هەڕماندویەتی ڕقوگینەی خۆی بەرامەر کوردی شەبەکی دارشتووە.

مەبەستی ئەوەبووە شکاندنی پلە وپایەی شەبەك زڕاندی ناویان وشێواندی رەگ وریشەیان بووە

ئەوەی بگەرێتە وە بۆ سەرچاوە کۆنەکانی مێژوو کە لەبەر دەستی هەبووە ، بەهەموو توانای خۆی هەولی داوە رەگ وبنچینەی شەبەك بگەرێنتەوە بۆ تورکەمان ، چار ئەگەری هیناوە گوایە شەبەك لە تورکیا هاتوونە لە عیراق بەلابوویتنەوە بە تایبەتی لە دەشتی موسل ، بیٚ ئەوەی بۆ بیرو بۆچوونی مێژوونووسانی کۆن بگەرێتەوە ئاماژە پێبکات ،

هەتا ئەگەر شەبەك لەتورکیا هاتبن ئەوانە تورك نین بیٚگومان کوردی باکوری کوردستانن لە باشوور و رۆژهەلاتی باشووری وولاتی تورکیا هاتوونە

بە راستی ئەوەی جێگای گومان و سەرنج راکێشە پێنج ئەگەری هێنایە هەر بە خۆی بڕوای بە هەر پێنج ئەگەر نیە بەلگەو خوێندنەوەی زانستی بەکار نەهێناوە ئەگەرەکانی پیٚ بناغە و دوورن لە راستی ، تەنها خواست

و ویستی خۆی تێرکردییە ، هەر خودی نووسەر بڕوای بە ئەگەرەکان نیە، وابۆی دەجیت کە رەگ ورەچەلەکی شەبەك بزرو نادیارە شێواندوویەتی خوێنەران دوو دڵ دەکات چونکە بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆی نیە بەرامبەر ئەصلی شەبەك نەشیایە مێژووی هاتنیان دیاری بکات ،راستیەکانی چەواشە کردووە

صەراف لە یەکەم ئەگەری خۆی دەڵێت : شەبەك کورد نینە بە ئەگەرێکی لاواز دادەنێت . ئەوەش لە هەموو ئەگەرەکانی تەواوتر و راسترە ،

لە ئاراستەی یەکەم بەدوور ودرێژی پالپشت بە بەلگە و سەرچاوەی مێژوویی لە سەر رەگ ورەچەلەکی شەبەك دووایین ، وا دیارە ئەحمەد حامد صەراف هیچ شارە زییەکی لە سەر زمانی ئاخافتنی شەبەك نەبووە ،ووشە وزاراوەکانی لێکنەدایتەوە، نووسەر باش دەیزانی ئیمبراتۆریەتی مادەکان لە سالی ٦٠٨ پ.م ئیمبراتوریەتی ئاشووریان لە ناوبردو ، زمانی گفتوگۆی مادییەکان زمانی ئاڤێستا بوو کە زمانی گۆرانی رەسەنە ، زار ئاخافتنی شەبەك دەگەرێتەوە بۆ زمانی ئافیستا ، زمانی فەرمی ئیمبراتۆریەتی مادەکان بوو ، دیالیکتی ماچۆی کوردی شەبەك بۆ ئەوان دەگەرێتەوە.

لە چوار ئەگەرەکانی خۆی دەڵێت : شەبەك تورکن تاکێکی شەبەك دان پێوە نانێن دەلێن ئەوە سوکایەتی پێکردنە بە کوردی شەبەك شەبە هەر تورکی نازانن ، هەروەها دەلێت بیرو بۆچوونی ئاینی شەبەك لە سەر رێبازگەی بەکتاشی وقزلباشییە وکتێبێکی پیرۆزیان هەیە بە ناوی

بیوروق کە بەزمانی تورکی نووسرایە . هەر وەها شەبەك و کاکەیی لەگەل یەکدی تێکەل وپێکەلیانی کردییە بەپێخواسی کەوتیتە تێدا.
( ئەحمەد حامد ئەلصەراف ) دەرە بەگ بوو خودان سەدان دۆنمی زەوی کشتوکالی بووە لە گوندەکانی وولات شەبەك لە دەسپێکی سەدەی بیستەم وتاکو ناوەراستەکەی پەیوەندی زۆر خراب بوو لەگەل جۆتیارانی ، گەیشتیوو ئەو پلەی هەرەشەی کوشتنیان لێی کردبوو، دووای ئەو ململانێیە مامەلەی خۆی یەکلا کردەوە و زەوی کشتوکالی خۆی فرۆشتە یەکێك لە دەرەبەگە بە ناوبانگی موصل بە مالی (سائغ) دەناسرێن ، دووای رق وکینەیەکی زۆر کەوتبوو ناو هەناوی بەرامبەر خەلکی شەبەك ،زۆر داخ لە دلێ بوو، دووای دیتنەوەی (الباشا)ئیبراهیم سارولی خەلکی دانیشتووی گوندی قازیکەند بوو کە ئەویش رق وکینەو هەبوو بەرامبەر خەلکی شەبەك ئەویش دەیویست رێچکەی کاکایی لەناو شەبەکان بەلاو بکاتەوە ، خەلکی شەبەك نەفرەتیان لێکردبوو و قەدەغەیان کرد لە ناو گوندەکانی شەبەکان بگەرێت ، ئەوانەی لەو سەردەمی بوون دەگێرنەوە لە سالی ١٩٢٠ تاکو ١٩٥٠ دەلێن پاشا ابراهیم سارولی کەسێکی کورد نەبوو کوردی شەبەکیش نەبوو ، کەسێکی تورکومان بوو دەێگۆت شیعەمە بەلام بڕوای بە بیرو بۆچوون رێبازگەی صۆفی گەری وعەلی پەرستی هەبوو ، ئەو هەردووکە گەیشتنە یەك کاتێ ئەحمەد صراف نیازی دانانی کتێبی شەبەکی پێی گۆت ، هەر دووکیان هەناسە هەتاوە بەریان هەرچی رق وکینە هەبوو بەرامبەر کوردی شەبەك بە رێگای ئەو کتێبە لە دلێ خۆیان دابرێژن مەرامی گلاۆیان بهێننە جێ ، لەو سەردەمی زۆر کەسی شەبەك نەخوێندە واربوون نە قوتابخانە نەحوجرەی فەقێ یان هەبوو .

تەنها مەلا عەباس هەبوو لە گوندەکانی شەبەکستان دەگەرا خەلکی فێری قورئان وخوێندن دەکرد هەروەها مەلا سەعدوللا و مەلا عەلی ئەو هەر سێ کەسە نەدەشیان خوێندن بەلاو بکەنەوە ومێشکی هەموو خەلکی ولات شەبەك روشنبیر بکەن [٥١]

# مێژووی هاتنی عەرەب بۆ شاری موصل

مێژوونووسان بە تایبەتی مێژوونووسانی عەرەبی کۆن ، لە نووسینەکانیان باسی عەرەب چ بەکەسی عەشیرەت یان ژیار وشارستانیەت، لە عیراق ئاماژەیان پێنەدرایە ، ئەوە لە پێش هاتنی کردنەوەی ئسلامی تەنها باس لە شارستانیەتی ئاشوور وبابل وئەکەد وسۆمەر دەکرێن لە باشووری عیراق

ابن الاثیر لە کتێبەکەی خۆی بە ناونیشانی(الکامل فی التاریخ ) ج٢ ، ج٤ دەلێت : سێ گەرەکی سەرەکی لەموسل هەبوو .

١ـ گەرەکی جووەکان ٢ـ گەرەکی نەسرانیەکان

٣ـ گەرەکی کوردەکان

پیش هاتنی ئسلام زۆربەی فەلەکان بەرەو کوردستان و سوریا هەلاتن بەتایبەتی لە دووای روخانی موسل لە سالی( ٦١٢ )پیش زاین بە قەتعی هیچ عەرەبێك لە موسل نەبوو ، جەند قەبیلەی عەرەبی وەکو تەی و

٥ ـ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ل١٥

نعێم و شەمەر .......   لە دووای هاتنی ئیسلام هاتن بەتایبەتی لەسەردەمی جێنیشی ئەمەوی هیشامی کوڕی عبدالمليك دا .

یەکەم هۆزی عەرەبی بە ناوی (ربیعه کوری نەسر)لەگەل خانەوادەی خۆی لە سەردەمی مەلیکی ساسانی ئەویش نامەیەکی ئاراستەی مەلیك کردبوو دووای رەزامەندی پێدان لە بیابانی عیراق لای رۆژ ئاوای ئاوی فورات کە درێژە پێدانی بیابانی خاکی سعودییە ، لەوێندەری جێنیش بوون بۆ چەراندنی مەڕ ومالاتیان وخۆیان بپاێزن لە دەستی دز وجەردەی ئەعرابەکان لە دوورگەی عەرەبی سعودی دەهاتن دز وتالانی خەلکیان دەکرد .

دەربارەی ئەو بابەتە زانا وشارەزا (جواد علی طاهر)لەکتێبە مێژووییەکەی بە ناو بانگ بە ناو نیشانی (مفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام) دەلێت : ربیعه کوری نەسر )ئەوەی بە سەر دلێ داهاتبوو بە منداڵ وخانەوادەی خۆی گۆتبوو خۆتان ئامادەبکن داکو بەرەو عیراق کۆچ بکەن بۆ ئەو مەبەستە نامەیکی بۆ مەلیکی ساسانی نووسیبو کە پێ دەگۆترا (سابور کوری خرزاد) رەزامەندی دا لە حیرەی ئەوانی نیشتەجێ کردبوو کە ئەو سەردەمی پایتەختی فارسی لە مەدائین بوو ئێستا شوێنەواری مایە لە نزیك بەغداد

هاتنی عەرەب بۆ عیراق بە تایبەتی بۆ شاری مۆسل دەگەرێتەوە بۆ مێژووی ١٨ کۆجی بەرامبەر (٦٣٩ )ز لە سەردەمی جێ نشیی موسولمان عومەری کوڕی خەتاب (رەزابوونی خودای لە سەربێت) هەروەها مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەبی(البلاذری) لە کتیبەکەی خۆی (فتوح البلدان) دەلێت : لە سالی ٢٠ بیستی کۆچی خەلیفە عومەری کوڕی

خەتاب (عتبه بن فرقد السلمى) ڕەوانەی موسلی کردبوو وەکو سەر لەشکر خەلکی موسل شەڕیان لەگەلی کرد ، قەلای رۆژ هەلاتی گرت ولە ئاوی دیجلەی پەرییەوە لەگەل خودانێ قەلای پێکهاتن سەرانە بە ئیسلام بدەن . پاشان دەشتی (المرج)وگوندەکانی خاکی (باهذرة )و (باعدرێ ) و(الحنانه) و( المعله) و(دامیر) و وەهەموو قەلایەکانی کوردان . وە مێژوونووس (البلاذرى ) دەلێت لە باپیری دەگێریتەوە : یەکەم کەسی عەرەب پێ هاویشتە شاری موصل (هرثمة بن عرفجة البارقى) سەر لە شکری ئیسلام بوو ، لە سالی ١٦ شازدەی کۆچی سەر لەشکری موسلمانان موسلی کردەوە ناوی (ربعى بن الالفل العزى )بوو ، دووای کردنەوەی موسل لەشکری موسلمانان ویستی درێژە بە ڕێرەوی خۆیبدات بەرەو باکووری موسل بڕوات ، کەسی عەرەب نەبوو وەکو ڕێپیشاندەر شارەزایی هەبێت، هەموو خەلکی موسل زمانی ئاخفتنیان بە کوردی بوو .

مێژووی تەبەری ئاماژەی پێدانە لەشکری موسلمانان پرسیاری پشت چیای مەقلوبیان کرد، ئایا ئاوەدانی تێداهەیە و کێ لە وێندەرێ دەژین ،کەس نەیوو بە زمانی عەرەبی وولامیان بداتەوە گۆتیان پشت گوهی واتە لە پشت چیای مەقلوب

لە مێژووی تەبەری جوزئی(٤ ) چار لاپەرە (٣٥) نووسرایە (پشتی گوهی) (٥٤) مەبەستی پشت چیای مەقلوبی شێخانە

تەبەری ئەو دەستەی واژەیەی لە خەلکی موسلی وەرگرتووە ،کوردی شەبەکی ئێستایە . ئاخفتن و زاراوەیان وەکو زمانی کوردی لۆرستانە

---

٥ تاریخ التەبەری ج ٤ ص٣٥

لۆردکارزۆن شارەزا لە کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست و وەزیری دەرەوەی بەریتانی بوو لە سەردەمی مۆرکردنی پەیمانی لۆزان سالی ١٩٢٣ دەلێت: لۆرییەکان کوردی ئێران رەسەنن لە سەرەوەی رووباری دیز دادەنیشن بۆ لای شاری کەرمانشاە لە رەگەز وتوخمی لۆلۆییەکانن ، سەجەرەی کەریم خانی زەند بۆ ئەوان دەگەرێتەوە لە سەدەی شازدە بە وولاتی لەری بچووك دەگۆترا(لۆرستان ) یان بە لۆرستانی فەیلیەکان ناودەبرا لە سەدەی نۆزدە لۆرستان کرایە دوو بەش :ــ

١ ـ پشت گوە : ئەو دەڤەرە دەکەوێتە رۆژ هەلاتی چیای کەبیرەگوە

٢ ـ پێشی گوە : ئەو دەڤەرە دەکەوێتە رۆژهەلاتی چیای گوە دەڤەری گوە بە لۆرستان ناودەبرێت ، هەروەها دەڤەری پشتگوە بە وولاتی فەیلی ناودەبرێت [٥٣]

زۆربەی هەرە زۆری کوردی شەبەك لە دەڤەرەکانی لۆرستان کوردستانی رۆژهەلاتی لە بناری زنجیرە چیای زاگرۆسی بەدرێژای مێژوو لە سەردەمەکانی بەرێ لە پێشتر باسمان کرد هاتوونە لە موسل ودەشتی موسل ئاکنجی بوونە

شێوەی ئاخفن زاراوەکانی زمانیان بە دیالێکێ زمانی کوردی لۆرستان دەچیت چونکی ووشەی پشتگوە وپێش گوە لە لۆرستان بە کاردێت ،کوردەکانی موسل هەمان زاراوەیان بە کارهێناوە لە دەشتی موسل بە

---

٥ ـ رۆژنامەی ئیتحاد (جریدە الاتحاد)بەزمانی عەرەبی ـ ی.ن.ك یەك شەممە رێکەوتی ٢٠٠٩/٨/٢٣ لەنووسین محمد مندەلاوی

خەلكی دانیشتووی نێوان موسل وچیای مەقلوب گۆتراە پێش گوە واتە دەڤەری پێش چیای مەقلوب

پشتگوە بە دانیشتووانی کوردی پاش چیای مەقلوب گۆترایە هەمان ناو لێنانی لۆرستان ، کوردی شەبەك لە موسل بەكاریان هێناوە ،بێ گومان ئەو روونكردنەوەیە ئەوە دەگەیەنێ پێش هاتنی ئیسلام کورد لە موسل دانیشتینە یەك مالە عەرەب لەو شارە نەبووە . هەمووی کوردی شەبەك ئێزدی بوون . (لە سەردەمی کردنەوەی موسل لە لایەن لەشكری ئیسلام موصل شارۆچكەیەكی بچووك بووە ،دەستی ئاوەدانی هێشتان تێدا پەرەی نەساندبوو ،تەنها سێ گەرەكی لێهەبوو یەكێكیان کوردی زەردەشتی بوون بەئاگر پەرستەكان ناویان دەبرد ،

كەرەكی دووەم مەسیحی بوون گەرەكی سێیەم هەندێ مالە جووهەبوون ، هیچ سیما و روخساری عەرەبی لەو شارەكە دیار نەبووە، دووای هاتنی ئیسلام لە سالێ (٦٤١) ز خانەوادەكانی عەرەب لێی ئاكنجی بوون ،چونكە ئاو هەوایەكی خۆشی هەبوو پاوان لە وەرگای باشی هەبوو بۆ مەڕو مالاتیان زۆر لە بار بوو) [٥٤]

زۆر لە تیرەو بەربابەكانی موسل هەر لە كۆنەوە لە شاری موصل دەژین پێیان دەگۆترێ مسلاوی یان بە خۆیان دەلێن ئێمە میسلاوین بی گۆمان ئەوان رەگ ورچەلەكیان لە توخمی عەرەب نیە جیاوازی زۆریان هەیە لەگەل عەرەب لە رووی سیماو روخساریان یان مامەلەی رۆژانە و شیوازی

[٥] ــ سعید مەموزینی كتێبی موسل وكورد لە دووای ئازادی چابی ٢٠٠٨ ل٧

ژیانیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە ، ئەوانەی دەلێن ئێمە مسلاوین زۆر پێیان ناخۆشە بلێن هنگو عەرەبن ، بێ گومان ئەوانە. بەرچەلەك کوردن یان جوولەکە بوونە بوویتنە ئیسلام یان زەردەشتیەکان بوونە بڕوایان بە ئاینی ئیسلام هێنایە ولە شارەکە مایتنەوە . زۆر بە رەبابی کوردی شەبەك لەگەل خەلکی موسل توایتەوە خۆیان بە عەرەب هەژمارناکەن چونکی ئەوانە هەموویان کەلتوور شیوازی ژیاننیان جودایە لەگەل تاکی عەرەبەکانی عەشیرەتی جبور ،شەمەر،حدیدی ،دلیم،ابو................ئەوانە عەربن [55]

---

[٥] ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی بەردەرەش دانەری ئەوکتێتبە

# پێكهاتەی شەبەك

بێكهاتەكانی كۆمەلایەتی شەبەك بۆ ژیار وشارستانیەتە هەرە كۆنەكانی بەرێ دەگەرێتەوە ، هەر چەندە ئەو پارچە جوگرافیا بچووكە كەوتبوو لێواری شارستانیە كۆنەكان ، لەكاتی دایك بوون و بەیدابوونی لە سەر خاكی ئێستای خۆیان رۆلی بەرچاویان نەبووە چ لە رووی روشنبیرییەوە یان دەستهەلاتداریدا .

شەبەك لە كۆمەلە خێل وعەشیرەتی جووۆراوجۆری رەگەز كورد پێكهاتیە ،هەموو ئەو هۆز وعەشیرەتانە شانازی بە رەگەز و زمانی كوردی خۆیان دەكەن ،هەموویان بە یەك ناو هاوبەشن پێیان دەگوترێ شەبەك، ئەو عەشیرەتانە هەموویان پێكەوە بەرگریان لە قەوارە و پێكهاتەی خۆیان كردووەو ،بگرە هەر لەكۆنەوە هەتا دەگاتە مێژووی هاوچەرخ كە لە لایەن رژێمە یەك لە دووای یەكەكانی عیراق تووش دەهاتن هەر جار بە بەهانەیەك هەندێ جار بە ناوی ئایین دەیانگۆت مەزهەب شیعەنە یان سوننە مەزهەبن یان بە ناوی نەتەوەی كورد یان پێیان دەگۆترا فارس و لە ئیران هاتوونە یان...................)

كۆمەلكای شەبەك وای لێهاتبوو ببوو كۆمەلگایەكی دابراو پەیوەندی زور لاواز ببوو لەگەل كۆمەلگاكانی دەوروبەری . سەرەڕای هەندێ خۆراگربوون و ناسنامەی كەسایەتی خۆیان لە دەست نەدا بە تایبەت زمانیان وتوخم و رەگەزی خۆیان پاراست

گوتمان شەبەك یەك عەشیرەت نیە كۆمە لە عەشیرەتێكی كوردن ، لە راستیدا لە چەند عەشیرەت وتیرەو بەربابی كوردی پێكهاتینە وەكو :

(باجەلان ،شارك،زەنگەنە، لۆر، لەك،زراری،داودی،رۆژبیانی،شكاك، اسماعیل وەند،گێژ،..........)

هەروەها چەندەها خێزان وبەرباب لە عەشیرەتەكانی تری كورد لە دەڤەری شەبەكستان دەژین بە تایبەتی لە دووای هەلگیرساندی شورش ئەیلول لە (١١) ئەیلوولی (١٩٦١) هاتن لە گوندەكانی شەبەكان ژیاون ولەگەلیان تێكەل بوون لەو هۆز وعەشیرەتانە تەمانەبوون : زێدك ، هەركی، دۆسكی ، زیباری ، سورچی ،بۆت، رەشگەری ،ئۆمەربل، شێخ بزێن خدری ،گێژ، بەرواری ،موزوری ژێری،شكاك ، لەگەل هەندێ مالە عەرەب سەر بە عەشیرەتی تەی وحەدیدی وجبور ..............) چەند بەرەبابێكی توركی ئەوانە هەموویان لە بن سیبەری چەتری شەبەك دەژین شەبەك یەك عەشیرەت نیە وهەروەهاچینێك یان كۆمەلێكی ئاینی ئیسلامی نیە ، تێكەل كردنیان لەگەل سارولی وكاكایی وقزلباش وبەكتاش گەورەترین تاوانەكە هەندێ لە نووسەران كەوتوونەتە تێدا هۆیەكەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە هەموویان لە یەك دەڤەر دەژین یان زۆرلێك نزیكن ، ئاخفتنیان دیالێكتی گۆرانیە(یشێوەزاری ماچۆ [٥٦]

هەموویان لە توخم و رەچەلەكی كوردن: گشت ئەو عەشیرەتانەی باسمان كرد هەموویان لە ژێر خیوەتی شەنبەك (الشنبك) دەژین هەر وەكو مێژوونووسی مەقریزی لە رووداوەكانی سالی (٥٦٨)كۆچی باسی خێل وهۆزەكانی كوردی كردووە ((الگۆرانیە بنو گۆران والهژبانیە

٥ ـ د. عبدالفتاح علی یحیی الكورد الشبك ،التواجد والتوجهات والوعی بالتاریخ

والشنويه والشاهنجانيه والسرلجيه والبزوليه والمهرانيه والزرزائيه والكيكائيه والجاك واللو والدنبليه والرداديه والدايسنيه والهكاريه والحميديه والوركيه والمروانيه والجلاليه والشنبكيه والجوبى)) [57]

هەندێ لە مێژوونووسان وتوێژەرەکان ناوی عەشیرەتەکانی شەبەکیان هێناوە کە لەو دەڤەرە دادنیشن وەکو

عباس ئەلعەزاوی لە کتێبەکەی بە ناوی (عشائر العراق)دەڵێت:

(خێلی باجەلان کوردن نیشتمانیان لە سەر رووباری دیالەیە)یەکێك لە لقەکانی عەشیرەتی باجەلان بە ناوی قازانلوا هاتنە ئەو دەڤەرە

ولە گوندی بایبۆخت ئاکنجی بوون بەسەرۆکایەتی عەلی ئاغای قەزانلو هاتبوون [58]

فوئادحەمە خورشید لە کتێبەکەی بە ناونیشانی ( عشائر کوردستان الجنوبیە هەووەها سەراف و ئەحمەد شەوکەت دەڵێن :ئاغواتی قازانلۆ لەگوندەکانی وولات شەبەك تورکمانن و شیعە مەزهەبن بە پالپشتی عوسمانلیەکان لەسەر گوندەکانیان بالآدەست بوون دووای ئەوەی هاتبوونە راسپاردن خەرج وخەراج و باج و سەرانە ( زەریبە) لە شەبەکستان کۆبکەنەوە لە بەر هەندێ ناویان لێنرا باجەلان واتە ئەو ناوە لە کۆکردنەوەی باج هاتیە ، گەورەو ناوداری راستەقینەیان ـ والی ئاغا ـ عزیز ئاغا ـ عبداللە ئاغا ـ نەوەکانیان لە خانەقین و زەهاو و

---

[57] ـ القریزی ـ سەرچاوەی پێشوح بەرگی ١ لاپەرە (١٠١) نامەی مەلا سالم شەبەکی

[58] ـ العزاوی عباس (عشائر العراق ) بغداد ١٩٥٤ ج٢ ص ٨٩

دەوروبەریان نیشتەجێنە ، عەشیرەتی باجەلان لە ١٥ پازدە لق پێکهاتیە ئێستا عەشیرەتی باجەلان لە زۆر گوندی شەبەکان بەلاوون وەکو: بایبۆخت،ئۆرتەخراب،ناوەران،فازلیە،عومەرقاپچی،بەعوێزە،عومەرکان،تۆبزاوە،لەك هەروەها لە گوندی شەهرەزاد هەموویان موسلمانن وسوننە مەزهەبن ، لقی قازانلو شیعە مەزهەبن لە بایبۆخت دادەنیشن.

عەشیرەتی ئیسماعیل وەند لقێکە لە عەشیرەتی هەماوەند لەو گوندانە دادەنیشی: گوندی کەبەرلی ،شێخ شێلی، تۆبزاوە ، خەزنە،منارە،باشبیشە ،توانجە،شەهرەزاد، شێخەمیر ،بەدەنەی کچکە زەهرە خاتوون ، باسخرە، تەیراوە ،شاقولی،عەبدی ئاغا سەرۆکایەتیانی دەکرد.

عەشیرەتی زراری پلەو پایەکی بەرچاویان هەیە لە دەڤەری شەبەکستان لەو گوندانە بەر بەلاوون و ئاکنجی بوونە :تەیراوە،موەفەقیە، قەرقەشە، خرابە سولتان، دەراویش،گوندی باجربۆغ یان پێی دەگۆترێ باژێرابووکا هەروەها لە گوندی تەبرەق زیارە دادەنیشن .

عەشیرەتی داودی مێژوویەکی پڕ خەبات سەروەریان هەیە لە بەرگری کردن و پاراستنی رەگ و چەلەکی کوردی شەبەك لەو گوندانە دادەنیشن: باژێربووك (باجربۆغ) ،کانوونە، خورسباد، ئارپاچی، عومەر قپچی ،جلیوخان.

عەشیرەتی زەنگەنە عەشیرەتێکی رەسەنی کوردە ،کەسی ناوداریان لێهەلکەفتیە ، بە ئەمەك وراست گۆنە ناوی گوندەکانیان:تەرجلە، باسخرە، شاقولی، عومەرکان، گوگجەلیل ،شێخەمیر .

عەشیرەتی رۆژبیان مێژوویەکی پڕشنگداریان هەیە لە هەولێر و دەڤەری گۆرانەتی لە بن چیای مەقلوب بەلاون . ئەو عەشیرەتە لە شەبەکستان لە

گوندانە دادەنیشن : تلیارە، خورساباد، بازوایا،فازلیە، عومەرقاپچی ، تۆبزاوە ،باشبینە

عەشیرەتی شکاك. کە دەگەرێتەوە بۆ سمایل ئاغا شکاك دژی فارسان شورشی هەلگیرساندبوو .نە وەکانیان لە وگوندانە بەلاوون : زەهرە خاتوون ،بازوایا [59].

عەشیرەتی گێژ بەخوێن تێکەلن لەگەل مالی مشیر ئاغا گۆران لە کوندی بامەرزی ناحیەی روڤیا سەر بە قەزا بەردەرەش هەندێ بەرەبابی گێژ لە دەڤەری شەبەك لە و گوندانە ئاکنجی بوونە وەکو ،بازوایە ،زەهرە خاتوون ، عەشیرەتی لەك لە گوندی بازگرتان ،عومەرکان،بەلاوون ،دۆسکی :لە گوندی فازلیە دادەنیشن [60]چەند بەرەبابێکی تورکمان کەمینەیەکن لەگەل شەبەك دەژین لەگەل چەند مالە عەرەبێکی لە عەشیرەتی تەی وحەدیدی و جحێشی وجبور وراشد.. ...............

کەمینەیەکن رێژەیان هێشتان لە تورکمانان کەمترە ،هەموو کەمینەکان رێژەیان ناکاتە(١٢٪)لە سەدی ئەگەر بە راووردیان بکەین لەگەل کوردی شەبەك لە دەشتی موسل بە وولات شەبەك دەناسرێت یان بە شەبەکستان ناو دەبرێت.

پێکهاتەی کۆمەلایەتی شەبەك زۆر تێك ئالایە مێژووی پەیدابوونیان زۆر کۆنە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی نەوەکانی میدیایی وکوردی ساسانی کە رۆلێکی گرنکی یان هەبوو لە ئاوەدانکردنەوەی شاری موسل ودابین

---

٥ ــ نامەی مەلا سالم جمعە شەبەکی بۆ وەرگرتنی ماجستێر ل١٧

٦ ــ د.عبدالفتاح علی یحیی (الکورد الشبك)لاپەرە (٢٢٢)

کردنی رێگای هاتووچۆی کاروانی قافلەی بازرگانی .ئەو زمانەی کوردی شەبەك بەکاری دەهێنن (شێوە زاری ماچۆ)هەمان زمان وئاخافتنی عەشیرەتەکان وخێلەکانی لە ناوچەکانی کرمانشاە وزەهاو وخانقین وقزانیا ومەندەلی وکەلار و وجەلەولایە ، ئەوەش بەلگەیە کە کوردی شەبەکی موسل رەگ ورەچەلەکیان بۆ ئەو ناوچانەی سەرەوە کە باسمان کرد دەگەرێتەوە ، کەواتە نە فارسن نە تورکن نە عەرەبن کوردی رەسەنن کاریگەری کەلتووری عەرەبی لە سەر شەبەك لە سەردەمی هاتنی لەشکری موسولمانان بۆ ناوچە کوردنشینەکانی موسل ئەو کاتی دەستی پێکرد ، زۆربەی خەلکی شەبەك سەرای زمانی دایك زمانی عەرەبی دەزانن لە بەر لێك نزیکی وپێکەوە ژیانی رۆژانەیان مامەلەی کرین وفرۆشتن کاریگەری هەبووە لە سەریان ،هەروەها نوێژکردنیان وقورئان خوێندن بەزمانی عەرەبی ئەوەش کاریی کردبوو سەر تاکی شەبەك کە زمانی عەرەبی بزانن هەندێ لە کەلتەری عەرەب تێکەل بە داب و نەریتی کوردی شەبەك بووە ، هەر وەها زمانی خوێندن لە قوتابخانەکان بەزمانی عەرەبی بوو دانوستاندنیان لەگەل گوندەکانی عەرەبی دەوروبەر ببوونە هۆی بەلاوبوونەوەی زمانی عەرەبی لە ناو دانیشتوانی شەبەکستان ، هەندێ مالە تورکومان لە دەڤەری شەبەك دانیشتوونە لە سەردەمی دەولەتی عوسمانلی هاتبوون لە دەڤەری ئاکنجی بوونەو نەگەرانەوە لەگەل شەبەك تێکەل بوونە ، ئەوەش ئەوە ناگەینی کە شەبەك تورکن هەندێ نووسەر ئەوەی دەکەنە بەلگە شەبەك لە بنچینە وتوخمی تورك هاتوونە.

ئەوەش کۆمەلێك بەلگەی موکوم دەسە لمێنن شەبەك رەگ ورەچەلەکیان دەگەرێتەوە بۆ کورد: -

١ - وولاتی شەبەکستان خاکەکەی درێژە پێدەری جوگرافیای هەرێمی کوردستانە

٢- دیالێکتی ئاخفتنی شەبەك لقێکە لە زارگۆتنی گۆران کە یەکێکە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی رەسەن .

٣- ئەو پێکهاتە تێکەلەیە بە درێژای مێژوو زمان وداب و نەریت و کەلتووری تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە.

٤- دەوروبەریان عەرەبن وکوردی گۆرانن شان بە شانی شەبەك دەژین پێشی سەدان سالە پێکەوە دەژین، زمانی دایك پارێزراوە ولە بیریان نەچوویتەوە سەرەرای هەندێ زمانی عەرەبی وشێوەزار گۆتنی سۆرانی دەزانن.

٥- زۆربەی هەرە زۆری ناوی گوندەکانیان ناوی کوردیە

٦- زمانی شەبەك زمانی فەرمی ئیمپراتۆریەتی میدیاکان بوو لە سالی (٦١٢)پ.ز زمانی کتێبی (ئاڤێستا)ی پیرۆز بوو

٧- کۆمەلگای شەبەك جل وبەرگ کەلتوور وداب ونەریتی کۆنینەی خۆی لە دەست نەداوە ،کاریکەری کەمی تێکراوە

٨- سۆز ونەستی نەتەوەی ورامیاریان هەیە وهەست بە مێژووی رابردوو وداهاتووی خۆیان دەکەن.

٩- شەبەك هەموویان لە یەك توخمن ئەویش توخمی ئاری یە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان گشت پێکهاتەکانی شەبەك هەیە هەموویان شانازی بە شەبەکایەتی خۆیان دەکەن.

**١٠ـ هەموو عەشیرەتەکانی کە لە ژێر ناوی شەبەك دەژین بە شانازییەوە دەلێن ئێمە کوردی شەبەکین.**

**١١ـ پەیوەندییەکانی وداب ونەریتیان کوردی یە.هەموو شەبەکێك زمانی کوردی دەزانن**

**١٢ـ هەموو تیرە وبەرەبابەکان وعەشیرەتەکانی شەبەك پەیوەندی خزمایەتی پێکەوە گرێدەدات بە ژنان تێکەلن جگە لە ڕاچاوکردنی بیروبۆچوون ڕێبازی جودایان لە ئایین ،واتە لە پەیوەندی خزمایەتی وژن خواستن جیاوازی لە نێوان سونە وشیعەمەزهەب نیە پەیوەندی کۆمەلایەتیان بە هێزوبتەوە ،رەگەز پەرستی و تایفەگەری ئاینی لە ناویان نیە خۆیان بە یەك کۆمەلگا دەژمێرن ،[٦١]**

# ووشەی شەبەك

**ووشەی شەبەك بەو خێل هۆز وعەشیرەتە کوردانەی لە دەشتی موسل دادەنیشن بە زمانی کوردی ماچۆ دەپەبڤن بە هەموویان دەلێن شەبەك ووشەی شەبەك لە ناوی عەشیرەتی (الشبنکارە) لە ئیران بە ناو بنگەو لە سەردەمی عەباسییەکان میرنیشین سەربە خۆیان هەبوو .**

**شبنکارە بە زمانی کوردی بە واتای شوانکارە دێت ، هەندێك لەوعەشیرەتە هاتوونە لە دەشتی موسل ئاکنجی بوونە لە شوانکارە بوویتە شبنك پاشان شەبەك ، یان لە ووشەی (الشاەبك)زاراوەکی کوردییە کوردی شەبەك بە میرگەورەی خۆیان دەگۆت (شاە بەگی )بێ ئەوەی بۆ سەرۆك**

---

**[٦] ــ یاسین حەسەن حوسێن گۆران سەرپەرشتاری پەروەردەیی لە پەروەردەرقەزای بەردەرەش / نووسەری ئەو کتێبە .**

عەشیرەتەکانیان بگەرێنەوە ، تاکو بووە ناونیشانی هەموو کوردێکی شەبەکی یە لە دەڤەری موسل ، یاسین العمری لە کتێبەکەی لە شوێنێك بە شوك ناویان دەبات ووشەی شۆك هیچ پەیوەندی زمانەوانی بە ووشەی شەبەك نیە تەنها بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی . بەبێ بەلگە وسەرچاوە ئەو ووشەی بەکارهێناوە.

ووشەی شەبەك بەکارناهێت بۆ عەشیرەتەکانی کوردی لە کوردستانی تورکیا دەژین وەکو (باجەلان، شکاك،اوجەلان، گۆجەلان ،بۆتان،هەسنیان، دەفۆری ، گەرگەری.................)پێیان ناگۆترێ شەبەك ، هەروەها ئەو ووشەیە بەکارناهێت بۆ عەشیرەتەکانی کوردی رۆژهەلاتی کوردستانی گەورە وەکو : (باجەلان ، صالحی ،کاکەیی، زەنکەنە، سیامەنسوری ،هەمەوەند ،رۆژبیانی......)هەروەها خێل وعەشیرەتەکانی کەلهور ولەك وهەورامان و کەرمانشاە وزەهاو خانقین وجەلەولا .......

لە شوێنی ئەصلی خۆیان بە شەبەك ناو نابرێن. زۆر تیرەو بەرەباب وخێلەکانی سەرەوە کە باسمان کردن لە دەشتی موسل دادەنیشن پێیان دەگۆترێ شەبەك .

ووشەی شەبەك تەنها بەو کوردە شەبەکانەی لە دەشتی موسل دادنیشن پێیان دەگۆترێت شەبەك .هەموو هۆز وخێلەکانی شەبەکستان دەگرتەوە.

# بەشی دووەم

## زمانی شەبەك

هەر توێژەرو زمانزان و مێژوونووسێك كاتێ لە رەگ وریشەی زمانی كوردی دەكۆڵنەوە تووشی چەندەها بیروڕای چودا جودا دەبن ، بە تایبەتی لە لایەن گەریدەكان و رۆژهەلاتناسان دەربارەی رەگ وبنچینەی زمانی كوردی توێژینەوەیان لە سەر لقەكانی زمان ونەشونما كردنی مێژووی زمان نووسیووە ، هەروەها بە راووردكردنی زمانی كوردی لەگەل زمانەكانی دەوروبەری ئەوە پێویستی بە توێژینەوە و لێكۆلینەوەی وورد وبەلگەی زانستی هەیە بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونیان. لەبەر بەرفرەیی خاكی كوردستانی گەورە وزۆری شێوە زار ئاخفتنی زمانی كوردی بیربۆچوونی جودا سەری هەلدایە ، زۆر بەی هەرە زۆری گەلانی دونیا لە سەر زمانی پاراوی كۆنی خۆیان نەماوون پەیڤ و دەستەواژەی زمانی دەوروبەریان كاریكەرییان دەبێت بێ گومان ووشەی نامۆ دەگەوێتە تێدا . ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ كارلێكردنی روشنبیری وكەلتورو پێكەوە ژیانی كۆمەلایەتی وهەر وەها فاكتەرێن وی وەكو كۆجكردن و شەڕو مال وێرانی بەسەر كۆمەلگاكان هاتووە .

بۆ زانین زمانی شەبەك زۆر توێژەر تووشی هەلەی زەق وبەرچاو هاتینە ، سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین زمانی شەبەك لقێكە لە زار ئاخفتنەكانی زمانی كوردی ،بۆیە پێویستە سەرەتا باسی لقەكانی زمانی كوردی، تاوەكو

ببیتە نەخشەیەکی روونکردنەوەیی بۆ دیاری کردنی زار ئاخفتنی شەبەك(شێوە زار ئاخافتنی ماچۆ ) لە زمانی کوردی.

هەموو دوژمنێك و ناحەزانی هەر نەتەوەیەك کاتێك بیانەوێت ناسنامەی هەر میللەتێك بشێوینێنن وتێکیبدات سەرەتا هەول دەدات زمانی میللەتە لە ناو ببات و زمانی خۆی بە سەریان بسەپێنی ، زمانە ئەسلیەکەی بتاوێنتەوە ،ئەوە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دوژمنان تووشی میللەتی کورد هاتیە بە تایبەتی کۆمەلگای شەبەك چ لە لۆرستان کە شوێنی بنچینەی نەژادی شەبەك بوو لەلایەن فارسەکان تووشی دژایەتی کردنی زمان هاتبوون . هەروەها لە دەڤەری موسل چەندەها شالاوی زمان گۆرین و رەگەز پەرستی هاتبوون ، سەرەڕای هەندێ ناسنامەی زمان وکەسایەتی خۆیان پاراستووە.

زۆربەی رۆژهەلاتناسان لە نووسینەکانیان کۆکن لە سەر ئەوەی کە زمانی کوردی لقێك نیە یان دیالیکتێك نیە لە زمانی فارسی بە لکو زمانی کوردی خودان تایبەتمەندی وسەربە خۆی خۆی هەیە لە وانە رۆژهەلاتناسان جستی ( Justi )وسوسین(Socin) ئەوە دەسەلێنن [٦٢]

گەلی کورد پێش بەلاوبوونەوە وکۆچکردنی ، لە نیشتمانی کۆنی خۆی لە دەشت ترۆپکەی کە دەکەوێتە رۆژهەلات وباکوور رۆژهەلاتی دەریای قەزوین لە کۆمە لە خێل وهۆز پێك هاتبوون یەك گەل بوون بەیەك زمان ئاخفتنیان دەکرد پێیان دەگۆت (زمانی هندو ئۆرپی) ئەمرۆکە

[٦] ــ فؤاد حمه خورشید اللغه الكرديه التوزيع الجغرافی للهجاتها ل ١٠ مطبعة وسام بغداد

هەموو ئەو گەلانە بەو زمانانە دەپەیڤن پێیان دەگۆترێ زمانی ئاری ، زمانی هندوئۆرپی کە زمانی کوردییە یەکێکە لە لقەکانی بە درێژایی مێژوو نە شونمایی کردووەو پەرەی ساند . مێژووی دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ، لە دووای بە لابوونەوەی ببو سێ کۆمەلە

یەکەم : کۆمەلەی ئەوروپا ودەوروبەری

دووەم : کۆمەلەی هندو دەوروبەری

سێیەم : ئەو کۆمەلەی بەرەو ئاسیای بچووك وچیای زاگرۆس هاتبوون ، ئەوانیش کوتیەکان ومیدیاکان بوون کە باپیرە گەورەی گەلی کوردن هەروەها بارتیەکان چوونە باکوور وفارسەکان چوو بوونە باشووری ئیران ، ئەوانە هەموویان کۆمەلە زمانێکی لێك نزیك بوون پێیان دەگۆتریت کومەلەی زمانی ئیرانی [٦٣]

لەسەر ئەو بنچینەیە زمانی هندو ئیرانی ئەورۆکە کۆمەلە زمانی سەرەکی لەگەل پەل و پۆپی لە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا ، شەش زمانی سەرەکینە لەوانە کۆمەلەی هندو ئیرانی یە .

کۆمەلەی هندو ئیرانی دەبێتە چار بەش زمانی :

١ـ الدردیە　٢ـ الهندیە　٣ـ القزوینیە　٤ـ الایرانیە

کۆمەلەی ئیرانی چەند زمانێك لە خۆ دەگریت لە وانە :

١ ـ کوردیە　٢ـ بلوش　٣ـ سوغدیانی

٤ـبشتووە　٥ـ ئاڤێستا　٦ـ فارسی کۆن

---

٦ ــ سەرچاوەی پێشوو فۆاد حمە خورشید ل١٥

**كۆمەڵەی ئیرانی دەبێتە( ٣ )سێ كۆمەڵەی سەرەكی**

**١- زمانەكانی ئیرانی باكووری رۆژئاوا**

**٢- زمانەكانی ئیرانی باشووری رۆژئاوا**

**٣- زمانەكانی ئیرانی رۆژهەلأت**

**زمانی كوردی سەر بە كۆمەڵەی یەكەمە . زمانی فارسی سەر بە كۆمەڵەی دووەمە ئەوە نیشانەی سەر بە خۆی زمانی كوردییە [٦٤]**

**زمانی كوردی یەكێكە لە زمانەكانی باكووری رۆژئاوای ئیرانی لە بنچینە هاوبەشە لەگەل گشت زمانەكانی هندی ئاری زمانی میدیاكان بوو كە لە دەسپێكی هەزارەی یەكەمی پێش زاینی لە دەڤەری دەریاچەی ئورمێ بە دیار كەفتبوون . بەپێی بیروڕای زۆربەی توێژەران ،كورد پاشماوەی میدیاكانن ،توانیبیان دەستهەلاتی خۆیان بەسەر ئیران وباكووری عیراق وپارچەی تر لە ئاسیای بچووك تاكو رووباری خالص (قزل ئەبرمق)لەو سەردەمی میدیاكان توانیان بە بڕیار وفەرمانی دەستهەلاتیان زمان وئاینی خۆیان بە سەر تێكرایی ئیمبراتۆریەتی خۆیان بسە پێنن بە تایبەتی لە سەر دانیشتووانی خەلكی چیاكانی زاگرۆس [٦٥].**

**مامۆستا سایس دەلێت : گەلی میدیا خێل وهۆزی كوردن لە رۆژهەلاتی وولاتی ئاشوور دادەنیشتن سنووری وولاتیان تاكو باشووری دەریای قەزوین**

---

[٦] ــ فؤاد حمه خورشید سەرچاوە پیشیوو ل١٧

[٦] ــ زبیر بیلال ئیسماعیل (تاریخ اللغه الكوردیه )مطبعة حوادث بغداد ١٩٧٧ ل ١٠

بوو سنووری رۆژئاوا رووباری دیجلە بوو ئەو گەلە لق وبەشێکن لە گەلانی (هندوئۆرپی )لە ڕووی زمان وئاخفتنیان وەلە رەگەزی ئارین بە توخم وخوێن(٥) .

خێل وعەشیرەت وتیرەو بەرەبابەکانی کوردی لە سەردەمی میدیاکان شەبەك بەشێك بوون لە کوردی میدی ، ئەوانە هەموویان لە سەر هێلێکی پان وبەرین بەلاوون بگرە هەر لە ناوچەی دەشتی بشیری دەناسریٚ بە (دەشتی گۆران) لە باشووری دیاربەکری تورکیا تاکو تەلەعفەر ودەشتی موسل وبەربێی یان بەرپێی چیای حەمرین لە باشووری پارێزگای کەرکووك تاکو دەگاتە خانقین لە وێوە بەرەو زەهاو تاکو دەگاتە کرمانشاه ،لە سەر ئەو هێلە پان وبەرینە چەندەها خێل وعەشیرەتی کوردی وەکو : باجەلان ، شێخ بزێنی ، رۆژبیانی ،لەك،لۆر ،کاکەیی، بۆت ،گۆران، کوردە فەیلیەکان،کاکەیی،کوردی ئێزدی،مەسیحی، بەیاتی تورکومان) هەندێ پاشماوەی قرەقوینلۆ سەرەرای ئەوان کوردی ئێزدی وسارولی وکاکەیی ومەسیحی هەموویان پێکەوە دەژین لە سەر ئەو ناوچانەی باسمان کرد ،دتوانین ناوی ئەو هێلە بە هێلی پێکەوژیان فرە رەگەزو ئایین ناوببەیین

٥- زبیر ئیسماعیل سەرچاوەی پێشیو ل ١٤ .

خێل وعەشیرەت وبەرەبابەکانی شەبەکان بەشێوەی ئاخفتنی زمانی کوردی دەپەیڤن وزۆر ووشەو زارا وەکانی کوردی کۆن لە ناو دەقی ئەو شێوەزارە پارێزراوە ، ئەو زمانەی شەبەك ئاخافتنی پێدەکەن کوردی دروستە ووشەکانیان زیاتر لە (٧٠٪) ووشەکانی زمانی کوردی رەسەنە ئاخافتنیان وەکو کوردەکانی باکووری رۆژهەلاتی عیراقە ، کوردی شەبەك دەشێت بە ئاسانیلە ئاخفتنی کوردەکانی دەڤەری هەورامان بگات

سەرەڕای هەندی ، زمانی كوردی شەبەك زۆر ووشە وزاراوەی كۆنی زمانی كوردی رەسەن تێدایە كەس نازانێت مەگەر كەسێك مێژووی كورد بخوێنێتەوە . ئەوەش لەبیر نەكەین هەندێ عەشیرەتی توركومان وعەرەب شان بە شانی شەبەك دەژین وڕێژەی كوردی شەبەك زیاتر لە (٨٠٪) دەبێت بێكهاتەی ئەوانەی تر كە لە (٢٠٪) دەبێت ئەوەش بەپێی ئامارەكانی باوەرپێكراو [٦٦].

سەلمێندراوە وجێگای بڕوایە ئاخافتنی زەردەشت زمانی میدیاكان بوو لە باكووری میدیا لە دایك بووە ، ئێستا دەناسرێ بە هەرێمی (موكری ) دەبینین زمانی زەند ئاڤێستا زۆر نزیكە لە شێوەی ئاخافتنی موككری ئێستا هەرهەمان زمانی موكرییە .زمانی ئاڤێستای زەردەشتی زمانی كوردی ئێستایە وكۆنی میدیاكانە ،لیرە دابەدریار دەكەوێت زمانی كوردی پەیوەندی پارێزراو وقایمی مایە لەگەل رەگ وبنچینەی زمانی ئاری زمانی ئیرانی باكووری رۆژ ئاوا كەدەكاتە زمان حالی میدیاكان ، لە سەردەمی خۆی كە زمانی كوردی شەبەك رەچەلەكی دەگەریتە بۆ زمانی میدیان لە رووی زاراوەو ووشە سازیدا [٦٧]نووسەر و رۆژنامە نووسی كوردی شەبەك (ئەحمەد شەوكەت ) دەلێت :

شێوە زمانی ماچو(machow) رەگ وبنچینەی دیالێتەكانی زمانی كوردی بوو كەونترین زمانی دەڤەركانی ئاری یە هەر لەتە پۆلكەی ئاریان

---

[٦] ــ رشید البندر المقال النشور ڤ مجله الثقافة الجدیده عدد ١٢ لسنه ١٩٩٠

[٦] ــ زبیر بیلال سەرچاوەی پێشو ل٢٨

درێژە پیدەدات لە دەریای قەزوین وچیاکانی زاگرۆس وباکووری ڕۆژهەلاتی عیراق تاکو لێواری کەنداوی عەرەبی ،بەلام لێکولینەوەکانی زمانەوانی مەزندە وبیروبۆچوونی بەدرەوشت و شێواویان هەلبەستیە دژی کوردی شەبەك ئەویش لە بەر چەند ئەگەرێن رامیاری [٦٨].

کەس ناتوانی ملە جورێ (ئینکار) لە زار ئاخفتنی کوردی شەبەك بکات چ عەرەب یان تورك یان فارس هەریەك بۆ مەبەستی تایبەتی (مەرامی گلاویان زمانی شەبەك بۆ خۆیان رادەکێشن )

دەبێ بزانن دیالێکتی شەبەك هەمان زمانی ئەو خێل وعەشیرەتانە یە کە لە زەهاو خانقین ومندلی وکەلار و جەلەولا وناوچەکانی کەرمانشاە ،لە وولاتی عەشیرەتەکانی لەك و لۆر وکەلهور وباجەلان ومامەسەنی وبەختیاری وکوهکلو وگۆرانی رەسەن وهەورامی............) لە خۆ دەگرێت [٦٩].

شەبەك بەخۆیان دەلێن ئێمە کوردی رەسەنین ، دەگەنە خێلی شوانکارە لە دەوروبەری باشووری ئیران هاتوونە ،دووپاتی دەکەنەوە ودەلێن زمانی ئاخافتنمان لە بنەرەتدا زمانی کوردییە ، هەندێ ووشەی فارسی وعەرەبی وتورکی تێکەلی زمانیان بووە . زمانی شەبەك زار ئاخافتنی گۆرانیە کە عەشیرەتەکانی هەورامان وباجەلان ولەك ورۆژبیانی وپالانی وجەباری وقەرە ئۆسلۆ............ قسەی پێدەکەن

---

[٦] ــ احمد شوکت (الشبك الكورد المنسيون )طبع سنه ٢٠٠٣ ص٧٧

[٦] ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری بنەرەتی/ قەزای بەردەرەش

ئەو بانگهێشتەی شەبەکان ژمارەیەك توێژەر وەکو: مینۆرسکی ولۆك ومحمد ئەمین زەکی بەگ وکرمەلی دەیسەلمێنن پشتیوانی لێدەکەن [70]

شێوەزارئاخافتنی کوردی شەبەك یەکێکە لەدیالێکتی کوردی هێچ پەیوەندی بە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی نویٚ نیە تەنها هەندە پەیف نەبێت ئەویش لەبەر شوینی جوگرافیایی تێکهەلکێشانی عەشایری ومامەلەی کرین و فرۆتن وبازرگانی ،زاراوەی شەبەکی زاراوەیەکی کۆنی کوردیە پەیڤی کۆنی رەسەنی تێدایە زۆر نزیکە لە زمانی ئاڤێستا کە زمانی فارسی کۆنە .

ئاخافتنی شەبەك شێوەزارێکی کوردییە وزۆر ووشەی کۆنی لە خۆگرتیە و تێدا پارێزراوە ، هەر چەندە دەوروبەری کاریگەری لێکردووە ، هەندێ ووشەی زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی هاتیە تێدا ، هەروەها نووسەرێکی شەبەك لە ووتارێکی خۆیدا لە کۆڤاری (روشنبیری نوێی عیراقی )بەلاوکرایتەوە دەلێت :

ئەو زمانەی کوردی شەبەك پێی دەپەیڤیت زمانی کوردییە ووشەی وزاراوەکانیان (٧٠٪) ووشەی وزاراوەکان هی کوردی عیراقین دەتوانین پلێین رێژەکە زیاترە لەوەندە.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن شێوە ئاخافتنی شەبەك زار ئاخافتنی کوردی باجەلانیە کە لقێکە لە شێوەزاری گۆرانی ،دەتوانین بە دیاریکردنی

---

[7] ـ الدكتور شاكرخصباك العراق الشمالي مطبعة شفيق بغداد ١٩٧٣ ص٢١٦

رەگ وبنچینە کورد وپەیوەندی شەبەك بەناوچەکانی کوردستانی عیراق دەست نیشانی شێوەزاری شەبەك بکەن [71]

ستیڤی همسلی لونکریك ئەفسەرێکی بەریتانی لە عیراق دەڵێت:شەبەك بەشێوە زاری کوردی خۆجیێ قسان دەکەن

هەروەها توێژەری هۆلندی دکتۆر میشل لیزیرك : هەر کۆمەلە شەبەکێك بەزارئاخافتنێکی تایبەتی خۆجییێ خۆی قسان دەکەن زۆربەی هەرە زۆریان پەیوەندییان لەگەل هەر دوو زارگۆتنی گۆران وهەورامی هەیە یان زارگۆتنی ماچۆ هەیە . [72]

لە بەشی دووەمی کتێبەکەی ئەحمەد صەراف تێیداهاتیە :شەبەك چەند کۆمەلەیەکی تورکومانن لە گوندەکانی لای رۆژهەلاتی شاری موسل دادەنیشن ولەگەل عەشیرەتی باجەلان تێکەلاون کە لە موسل پێیان دەگۆترێ باجوان ،

هەروەها تێکەلن لەگەل تورکومان وکورد وعەرەب وصارولی ومەسیحیەکان ، زمانیان کوردی وفارسی وتورکی تێکەل وتورکیەکە زیاتر زالە بەسەر زمانیان ، دەتوانن بە زمانی عەرەبی بئاخڤن لەبەر تێکەل بوونیان بە عەرەبەکانی شاری موسل . [73]

---

[7] ـ رشید خیون (الادیان والمذاهب )بالعراق ١٤٢٦ هجری ص٤٣٦

[7] ـ زهیر کازم عەبود (الشبك فی العراق)الفصل الثالث لغه الشبك

[7] ـ احمد حامد الصراف (الشبك)بەشی دووەم زمانیان

نووسەر لێرە زمان وتوخمی شەبەكی تێكەڵ كردووە ، بیرو بۆچوونی روون وئاشكرای نیە تەنها مەبەستی شێواندنی زمان كوردایەتی شەبەك بووە

خوێنەران ئەو تایبەتمەندییەی لە شێوە زاری زمانی شەبەك هەیە تورك وفارسی وعەرەب ناتوانن نكولی لێبكەن ئەو شێوە زارئاخافتنەی شەبەك قسان پێدەكەن هەمان ئەو زمانە كوردیە رەسەنە یە كە خێل وهۆزەكانی ناوچەكانی لۆرستانی بچووك وگەورە دەكرتەوە قسان پێدەكەن كە دەكاتە هەمەدان وكرماشان و مەهران وزەها وخانقین قزانیا وكەلار دانیشتووانی ئەو شارانە هەمان شێوەزارئاخفتنی شەبەك موسلیان هەیە . ئەوەش بەلگەیە رەگ ورەچەلەكی شەبەكی موسل دەكاتەوە خێل وهۆزەكانی كە لە سەرەوە باسمان كردن لەگەل دیاری كردنی ناوچەكانیان . هیچ جیاكەرەوەیەكی زمانەوانی لە نێوان زمانی شەبەك وناوچەكانی دیارمان كرد نیە . كاریگەری زمانی عەرەبی لە دووای هاتنی ئیسلام و كردنەوە شاری موسل دێت.

كاریگەری زمانی توركەكانیش لە سەر زمانی كوردی شەبەك دەگەوێتەوە بۆ سەردەمی دەستهەلاتی عوسمانیەكان فەرمانرەواییان لە عیراق دەكرد،هیچ پەیوەندی بە كۆچ وكۆچباركردنی شەبەك نیە لە هەمەدان وخانقین وكرمانشاە بۆ دەڤەری موسل ، تەنها ئەوە نەبێت دەستهەلاتدارانی عوسمانلی لە سەردەمی خویدا بۆ مەبەستی ئاینی وسیاسی خۆیان چەند خێزانی قزلباشی بە ناوی سەیدەكانی توركیا هێنابوو لە گوندەكانی شەبەكان ئاكنجی یان كردبوون بۆ وەرگرتنی خەرج

وخەراجی گوندەکانی شەبەك وبەلاوکردنەوە رێبازگەی ئاینی روشنبیری شیعە مەزهەبی خۆیان بە سەر خەلکی شەبەك لە موسل . [٧٤]

# زار ئاخافتنی (دیالێکتی) شەبەك

بەلێ روون وئاشکرایە زمان ودیرۆوك و خاك وخوێن وئۆل وبەرژەوەندییەکان و روشنبیری هاوبەش وداب ونەریتەکان ئەوانە هەمووی بنەماکانی نەتەوین بەلام برپرەی کۆمەلکاکان زمانە کاردەکاتە سەر ئاستی بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی روشنبییری گشتی هەر میللەتێك . بۆیە زمان پالپشتێکی سەرەکی بنەماکانی نەتەوەیە ، بۆیە کارتێکردنی زمانی شەبەك گرنگییەکی زۆری هەیە لە سەر دامەزراندنی قەوارەو قەبەی گشتی شەبەك.

زمانی کوردی شەبەك تایبەتمەندییەکی تەواوی هەیە لە سەر پێکهینانی قەوارەی شەبەك وبەر چاو بوونیان ، سەرەرای هەندێ دیاردەی رەگەز پەرستی و خۆهە لکێشان وتیرەگەری وئۆل پەرستی لە ناو شەبەك نیە ئەگەر هەشبیت زۆر کێمە. هەر نووسەر و توێژەرێك بیەوێت لە دیالێکتی شەبەك بکۆلێتەوە وبزانێت ،دەبێ سەرەتا شارەزاییەکی تەواوی لەسەر گشت دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەبێت چونکی زارئاخافتنی شەبەك لقێکی سەرەکی کۆنی زمانی کوردی رەسەنە . لێرەدا مەبەستم سەپاندنی زمانی کوردی نیە بە سەر شەبەك ، ئەوە راستیەکە دەبێ

[٧] ـ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری بەروەردەیی قەزای بەردەرەش

بگۆترێ و بێتە زانین. زمانی کوردی زمانی لێکتێگەیشتنە لە نێوان هەموو کوردانی خەلکی کوردستانی گەورە، سەرەڕای زۆری لێك جوودایی لە نێوان دیالێکتیەکان و زارئاخافتنیان ئەوەش لە هەموو زمانێك هەیە زمانی کوردی پالپشتێکی گرنگە بۆ پیکەوە گرێدانی تاکی کورد لەگەل یەکدی ، هەروەها مایەی گواستنەوەی هزروبیرو زانیاری و روشنبیری گشتی یە لە نێوان کەسانی کورد ، هەروەها گواستنەوەی کەلتور و دیادەکانی کۆنی کوردە بۆنەوەکانی ئێستاو داهاتوو ، زمانی کوردی پێشتر باسمان کرد لە زمانی فارسی وەرنەگیراوە خۆی لە خۆیدا زمانێکی زیندووی سەربە خۆیە لە رووی رێزمان و ووشە سازی و زاراوەکانی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ئەوە زیاتر لە (٢٠٠٠ )دووهەزار ساڵە چەندەها کارەسات ومال وێرانی بە سەر ئەو میللەتە هاتووە ، وەکو پێویست خودان قەوارەی سیاسی خۆی نەبووە سەرەڕای هەندێ زمانی خۆی لە فەوتان ولە ناوبردن پاراستووە . هەروەها نەبوونی رێگای هاتووچۆ لە نێوان هۆز وخێلەکان و خاکە سەختەکەیو وزنجیرە چیاکانی دەبوونە لە مبەر بۆ پێکەوە گەیشتنیان و دژایەتی کردنی فەرمانڕوایەکان ودەستهەلاتی دوژمنانی بە درێژایی مێژوو ، سەرەڕای ئەو هۆیانە هەموو شێوە زارەکانی زمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی بەپاك وخاوێنی پاراستووە . هەرچەندە هەندە ووشەی دەرەکی و نامۆ هاتووتە ناو زمانی کوردی ئەوەش لە بەر پەیوەندی بازرگانی و هەندێ بەرژەوەندی گشتی ، لێك نزیك بوونیان و ژیانی هاوبەشیان لەگەل گەلانی دەوروبەریان کاریگەری کردۆتە سەزمان ، وەلەبەر زۆری شێوە زارەکانی زمانی کوردی هەندێ لە توێژەران زمانی

كوردی دەدەنە پال زمانێكی تر وەكو زمانی فارسی یان توركی یان ئەرمەنی............ ). زۆری شێوە زارەكانی زمانی كوردی دەگەرێتەوە بۆ دەولەمەندی ئەو زمانە ، چونكە زیاتر پەیڤ و زاراوەكان لەخۆ دەگرێت ودەبێتە هۆی پاراستنی زمان ومانەوەی بە شێوەیەكی یەكگرتوو و بتەو لە فەوتان رزگاری دەكات.

ئەدمۆندز دەربارەی زۆری ژمارەكانی شێوەزاری زمانی كوردی دەلێت:( كوردستان خاوەن چیای بەرز وبلندە رێگاكانی هەولدێرو سەختە ، چەندەها سەدەیە خاوەن قەبارەیەكی رامیاریی و كەلتوورێكی روشنبیری هاوبەشی نەبووە . هەرچەندە جیاوازی لە نێوان شێوەزارەكانی هەبووە لە و دۆلەی بۆ دۆلێكی تر. بەلام ئاكاری سەرەكی زمانی كوردی دیارو بەرچاوە لە ناو ئەو هەموو شێوەزارەكانی لێك جودای زمانی كوردی ، هەروەها دوری ولێك جودای هۆز وخێلەكانی پێكهاتەی كوردی ،
راڤە كردنی ئەو لێكجوداییە ئەو دەگەیەنێت ، ئەو شێوەزارانەی لە زمانێكی كۆنی رەسەنی كوردی بەهێز وەرگیرایە ئەویشی زمانی میدی یە ) لە كتێبی كورد وتورك وعەرەب ل١١-١٢ ٠ [٧٥]

لە پێشتر روونمانكردەوە هاتنی كوردی شەبەك بۆ موسل دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی میدیاكان لە سالی (٦١٢)پ.ز شاری موسلیان ئاوەدانكرد . لێرە بەدیار دەكەوێت شێوەزاری شەبەك لە موسل لقێكی سەرەكی زمانی كۆنی كوردی میدیاییە كە لە مەلبەندی میدیاكان لە زنجیرە چیاكانی

[٧] ـ سەرچاوە زبیر بیلال اسماعیل (تاریخ اللغە الكردیە ) طبع ١٩٧٧ بغداد ص ٦١

زاگرۆس لە سەردەمی خۆی هاتوونە لە دەشتی موسل جێ نیش بوونە بۆ پاراستنی رێگای هاتوو چۆی کاروانچیانی بازرگانی هاتوو چۆیان دەکرد لە نێوان رۆژهەلات ورۆژئاوا [٧٦]

توێژەری کورد فوئاد حەمە خورشید لە وبارەیەوە دەلێت: باسیل نیکیتین شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە هەلە دابەشی کردیە: ( زمانی کوردی بە سەر چەند کۆمەلەیەك دابەش کردیە)

وەکو : ١ـ لەر ٢ـ کەلهور (لە هەرێمی کەرمانشاە وهەورامان ) ٣ـ سۆرانی (لە سلێمانی ،راوەندوز ، شنو ،ساپلاغ)

٤ـ گۆران لە (ئاکرێ ، ئامێدی، دیاربەکر، بەتلیسس، بایەزید)[(١٧)]

زۆر لە رۆژهەلاتناسان پەیرەوی دابەشکردنی کۆنی کلاسیکیان بۆ شێوزارەکانی زمانی کوردی داناوە:ـ

١ـ کرمانجی باکوور ٢ـ کرمانجی باشوور ٣ـ لەری ٤ـ گۆرانی

١٧ ـ فؤاد حمە خورشید سەرچاوەی پێشو ل١٩

بەلام تێگەیشتن وراستیەکانی جوگرافی وزمانەوانی وایکردووە پەیرەوی ئەو دابەشە هاوچەرخە بکەین:

أ ـ کرمانجی باکوور : ئەو شێوزارە بەربەلاوە لە بەشەکانی باکوور وباکووری رۆژئاوای کوردستان

ب ـ کرمانجی ناوەراست :ئەو شێوەزارە بەربەرلاوەیە لە ناوەندو ناوەراستی کوردستان

---

[٧] ـ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەرەش ،

ج ـ کرمانجی باشوور : ئەو شێواەزارە بەربەلاوانەیە لە ناوچەکانی باشوور وباشووری رۆژهەلاتی کوردستان کە دەناسرێت بە لۆرستان

د ـ شێوەزاری گۆران. [77]

مێژوو نووسی کورد شەرەفخانی بدلیس لە کتێبی (شەرەفنامە) [78]

ماموستا هەژار موکریانی کردۆیەتی بە کوردی دەلێت: شێوەزارەکانی کوردی دەکرێتە چەند بەشی ئەوانەن ١ :ـ کرمانجی ٢ـ کەلهوری

٣ـ لەڕی ٤ـ گۆرانی

ماموستا توفیق وەهبی بەم شێوەیە شێوەزاری کوردی دابەش دەکات

١ـ کرمانجی پێك دێت لە أ ـ کرمانجی باکوور لقەکانی (بادینانی، بۆتانی، ئەشتیایی، هەکاری ، بایەزیدی)

ب ـ کرمانجی باشوور لقەکانی (موکری ،مەهاباد،سۆران،هەولێر، سلیمانی وکەرکووك،سنائی ،ئەردەلانی) ٢ـ لۆری پێك دێت لە

أ ـ بەختیاری ب ـ لەکی ج ـ فەیلی د ـ کەلهوڕی هـ ـ مامەسەنی

٣ ـ گۆرانی پێك دێت لە أ ـ باجەلانی ب ـ کاکەیی ج ـ زەنگەنە د ـ هەورامی

٤ ـ زازایی‌ە . بە دیار دەکەوێت زمانی کوردی هاوچەرخ پێك دێت لە کۆمەلەیەك شێوەزار سنوورەکانی جوگرافی ورامیاری دەیانکاتە دوو بەشی:

---

٧ ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٠

٧ ــ عبدالرحمان هەژار موکریانی (شەرەفنامە)ی بدلیس چاپی کوردی ١٩٧٢

١ - کۆمەڵەی باکوور : لە باکووری کوردستان بەلاوە و بەکرمانجی ناودەبرێت جگە لە شێوەزاری زازایی کە دەکەوێتە ناوچەی دەوروبەری دەرسیم

٢- کۆمەڵەی باشوور : ئەو کۆمەڵەیە کوردنشینی پارچەی باشووری رۆژهەلاتی کوردستان پێی دەدوێن .[79]

زانای روسی زمانی کوردی دابەشی کردیە بە سەر پێنج شێوەزار :

١ - کرمانجی باکوور ٢- لۆری ٣- کەلهوری ٤- گۆرانی ٥- زازایی

دەربارەی شێوەزاری کرمانجی باکوور نووسیتی ودەڵێت: ( ئەو دیالیکتە لە هەموو کوردستانی رۆژئاوا بەربەلاوە بگرە هەر لە موسل تاکو دەگاتە ئاسیای بچووك[80]

دەربارەی زازا مینۆرسکی دەڵێت: (دەبێ باسی لە دانیشتووانی ناوچەی دەرسیم لە پارێزکای خەربوت بکەین دەکەوێتەنێوان هەر دوو رووباری ئاوی فۆرات پێکدەهێنین، ژمارەی کورد لەوێ( ٧ ) هەشت کەرەت ژمارەیان زۆرترە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل رێژەی غەیرە کورد ئەوان بە زمانی کوردی دەدوێن و شێوەزاریان زازاییە ئاینێکی دیاری کراویان هەیە ئەویش عەلی پەرستیە ، کەلتوور کومەلایەتیان کوردی تەواوە .

مێجەرسۆن دەڵێت ( سەرەڕای شێوازاری موکری ولقەکانی چەند شێوەزاریکی تر هەیە لە کوردستان ئەوانەی پێی دەدوێن کوردی رەسەنن

---

[7] - زبیر بلال اسماعیل (تاریخ اللغه الکردیه )مطبعة حوادث بغداد ص ٧٠

[8] - زبیر بلال اسماعیل سەرچاوەی پێو ل ٦٢

[8] - هەمان سەرچاوەی پێشو

لەوانە لە هەموويان گرنگتر زمانی زازا کۆمەلەيەکی گەورەی کوردن بەلاوبووتنەوە لە باکووری دياربەکرو دەوروبەری ئەزرەبەيجان وهله هەندێك ناوچەی ئەنەزۆل نەتەوەيەکی شاخاوينە وزێدە زيرەك وئازانە بە شێوەزاری ئاری زۆر پەتی دەدوێن )کوردی رەسەنن

زارئاخافتنی کوردی شەبەك زۆر نزيكە لە زارئاخافتنی زارا بە ئاسانی لێك تێدەگەن چونكە لە بنەرەتدا کوردی شەبەکی موسل و زازا لە کوردستانی توركيا لە مەلبەندی ميدياكان بۆ ئەو دوو شوێنە بەلاوبووتنەوە

فۆاد حمە خورشيد شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەيە دابەش دەكات : أ ـ شێوەزاری کرمانجی باکوور ب ـ شێوەزاری کرمانجی ناوەراست

ج ـ شيوەزاری کرمانجی باشوور

شيوەزاری کوردی يە لە باکوورە هەرێمەکانی رێگای گشتی درێژە بێدەدات هەر لە قەسر شيرين کەرمانشاه ومەلايەر تاكو دەگاتە دەوروبەری باکووری رۆژهەلاتی کەنداوی عەرەبی لە باشوور ، ئەوە شێوەزارێکی خێل وهۆزەکانی لەری کوردن لەو ناوچانەی سەرەوە پێی

[٨] ـ زبير بلال اسماعيل (تاريخ اللغه الكرديه )مطبعة حوادث بغداد ١٩٧٧ ص ٧٠

[٨] ــ ياسين حەسەن سەرپەرشتياری پەروەردەيی بەردەرەش .

دەدوێن كە بە هەرێمی لەرستان ناودەبرێت لەر پارچەیەكی گرنك و ناوداری گەلی كوردە دەبنە دوو بەشی .

١- لەری گەورە : عەشیرەتەكانی بەختیاری ومامەسەنی وكوهگلۆ دەگرتەوە .

٢- لەری بچووك : لە زۆر كۆمەلەی گەورەی عەشیرەتەكانی كوردی زۆر كۆن ،هەر بە درێژایی مێژووی كۆن كورد لەو هەرێمانە دادەنیشین عەشیرەتە بە ناو بانگەكانیان : دلفان ، بالاگریوە،.........لە ناوچەكانی پێشی گوهی دادەنیشن ، فەیلیەكان لە پشتی گوهی دادەنیشن لە پێشتر بە كۆمەلەی خێل وعەشیرەتەكانی لەری بچووك بە فەیلیەكان دەگۆترا. بەلام ئەمرۆ بەخێل وعەشیرەتەكانی پشتی گوە دەلێن فەیلی. شێوەزاری كرمانجی باشوور بە سەرچەند لقێك دابە شكرایە أ - لەری ئەصلی ب - لەكی ج - كەلهوری د - بەختیاری هـ - مامەسەنی و - كوهگلویی ،

لەری رەسەن :ئەو شێوەزارەیە كە كوردەكانی پشتی گوە ئاخافتنی پێدەكەن .

بەلام لەكی: ئەو شێوەزارەیە كە خێلەكانی كوردی ناوچەكانی پێشی گوە لە لۆرستان پێی دەدوێن ، كەلهور : عەشیرەت وخێلەكانی لە ناو دەقی چیای زاگرۆس دەژین دەبنە دوو لق (شامزادە )و(مەنسوری) .

د - شێوەزاری گۆران:- لەنزیك كرمانشاە خێل و هۆزەكانی هەورامان وریجاب و كاندۆلە هەر وەها لق وپۆپەكانی رەچەلەكی خێلەكانی سنجابی وگۆران وباجەلان. هەروەها شەبەكەكانی لە دەشتی رۆژهەلاتی شاری

---

٨ ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو

٨ ــ یاسین حسن حسین گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش ،

موسل لە دۆلی رووباری خەوسەر نەمانە هەموویان بە شێوەزاری گۆران دەدوێن. شێوەزاری گۆرانی دەبێتە چار لق: ـ١ ـ گۆرانی رسەن ٢ـ هەورامی ٣ ـ باجەلانی ٤ ـ زازایی

گۆرانی رسەن: ناوچەکانی کرند زەهاو جوانروا هەندێ کاکاییەکان تاوق لەگەل عەشیرەتی زەنگەی نزیك گفری هەورامی: یەکانلا شێوەزاریان زۆر رێك ونیانە کاریگەری خۆی هەیە دانیشووانی چیاکانی هەورامان پاوە وپلنگان ودەوروبەری بەو شێوەزارە دەدوێن. شێوزاری باجەلانی: پەرت وبەلاوە لە رۆژ هەلاتی موسل کوردی شەبەك شێوە ئاخافتنیان باجەلانیە ،لەزەها ،باکووری لۆرستان، نزیك شاری خانقین وەلە قۆرەتو وهۆرێن وشێخان (یەکەی کارگێری مەیدان ) لە عیراق شێوە ئاخافتنی ئەو ناوچانە باجەلانیە

زازا : شێوەی ئاخافتنی زازا لقێکە لە شێوەزاری گۆران بەلام ئەوەی جێکای سەر سۆرمانە لە ناو سنووری هەرێمی شێوەزارەکانی گۆران نیە ، شێوەزاری زازا دەکەوێتە نێوان شارەکانی ئەرزە رۆم ـ موشێ ـ خەربوت ) ئەرزنجان لە باکووری کوردستان بە شێوەیەکی روونتر دەکەوێتە نێوان هەر دوو رووباری موراد سۆ وفورات سۆ تاکۆ خالی پێکگە پیشنیان لە باشووری چیای مشیرداغ ، واتە دەڤەرەکانی دەرسیم دەگرێتەوە

---

[٨] ـ فۆاد حمە خورشید سەرچاوەی پێشو ل٤٤

# شێوەزاری ماچۆ

باسمان کرد زمانی کوردی بۆ کۆمەلەی ئیرانی دەگەرێتەوە یەکێکە لە تۆپەلی زمانی هندوئەوروپی ، هەرچەندە زمانی کوردی هەندێ پەیوەندی بە زمانی فارسی هەیە ، بەلام زمانی کوردی خاوەنی کەسایەتیەکی سەر بە خۆی هەیە لە رووی زاراوەکان و ووشە سازیدا ، هەروەها رێزمانێکی دەولەمەندی سەر بە خۆی هەیە ، رەستەکانی بەرێکی دێتە ئاوێتەکردن

(زمانی هەموو کوردەکان دوو شێوەزاری سەرەکیە : ـ

بەسەر ناوچەکانی باکوور وباشووری کوردستان بەلاوبوویتەوە

١ ـ شێوەزاری کرمانجی ـ باکوور ـ

٢ ـ شێوەزاری کوردی ـ باشوور ـ

لە رۆژنامەی روناهی (النور) ژمارە(٨)هاتیە(بەلام شێوەزارێکی سییەم هەیە پێی دەگۆتری (ماچو)خۆیان بە کورد دادەنێن . ئەوشێوەزارەی زمانی کوردی زمانی هۆنراوە وهۆزان بوو لە سەلتەنەتی مەلیکەکانی ئەردەلانی ومیرەکانی بابانیەکان لە سولەیمانی هۆزانڤانەکان لەو سەردەمی هۆنراوە وشیعری خۆیان بە شێوەزارەی ماچۆ دەهۆندەوەو دەخوێندەوە ، کە زمانی وێژە وپێشکەوتنی کەلتوری شارستانیەتی کورد بوو ئەورۆکە قزلباشەکانی تورکیا ـ باجەلان وزازا ـ کۆمەلەی کاکاییەکان

لە عیراق ولە ئێران هەروەها هۆز وخێلەکانی هەورامان لە زاگرۆس ،بەرەو باشوور تاکو دەگاتە خانقین وکرمانشاه) بە شێوەزاری ماچۆ دەپەیڤن زمانی کوردی لە سەر دەستی هۆزانڤانی کورد بابا تاهیری هەمەدانی پەرەی ساند کە بەشێوەزاری ماچۆ هۆزانی دەهۆنیەوە لە سالی (٩٣٥ )زاینی لە دایك بووە هۆزانەکانی دلداری و ئاینی بوو ووشەی زۆر رەسەنی کوردی لە دیوانی هۆزانی خۆی بەکار هێناوە بە شێوەزاری گۆرانە ودەلێن رەچەلەکی بۆ لۆر دەگەرێتەوە کە دەکاتە ناوپشتی شێوەزاری ماچۆ ك زمانی میدیاکان وکتێبی ئاڤێستایە

واتای ووشەی ماچۆ : بە سۆرانی ـ دەلێ ـ بەبادینی ـ دبێژیت ـ بەگۆرانی رەسەن ـ دبێژیت

هەردوو شێوەزاری گۆرانی وماچۆ زۆر پێك دەچن وتێکئالانە زۆربەی توێژەرانی زمانەوانی ناتوانن ئەو هەردوو دیالێکتە لێك جودا بکەنەوە یان بە دوو شێوەزاری جودایان بژمێرن زمانی کوردی پۆلین بکەین بە (٣ )سێ شیوەزاری سەرەکی : ـ

١ ـ **شێوەزاری دبێژیت** : شێوەزارەکانی خەلکانی خۆجێی ئەو ناوچانە لە خۆ دەگرێت: بایەزیدی هەکاری ، بۆتان ، شەمدینان، بەهدینان،شێوەئاخافتنی رۆژئاوا ، وەهەموو شێوەزارێك لەو شێوەزارانەی خۆجێ لق وپۆپی لێهەلدەستیت ،

---

٨ــ عدالستار گاهر شریف ـ المجتمع الکردی ـ منشورات الثقافةالکردیة ص٤٤

٨ ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەرەش

بەپێی بەربلاوی و هۆز وگوند وخێلەکان بەیوەستە

٢ ـ **شێوەزاری دەلێت :** شێوەزارەکانی خەلکانی خۆجییێ ئەو ناوچانە لە خۆ دەگریت :سۆرانی ، موکری ،ئەردەلانی ،سلێمانی،گەرمیانی ،ئەوانەش هەموویان لق و چلی خۆیان هەیە

٣ ـ **شێوەزاری ماچۆ:** :شێوەزارەکانی (لەری رەسەن ، بەختیاری ، مامەسەنی ،کوهکلوی، لەکی، کەلهوری ،گۆرانی رەسەن، هەورامی ،شەبەك، باجەلانی)

بەراستی ئەژمارکردنی شێوەزارەکان لە هەر زمانێك دیاردەیەکی ئاساییە ،نابێت بکرێتە هۆی بریندار کردنی زمانەکە ، هەرچەند لق و پۆپی جۆراوجۆری هەبێت شێوەزارەکان گریدرایە بە رەگ و توخم و رەچەلەکی زمانە رەسەنەکە . ئەگەر تەماشای نەخشەی دابەشکردنی ئەو سێ شێوەزارە سەرەکیە بکەین دەبینین زمانی دەوربەری کاریتێکردیە، ووشەی تورکی لە ناو شێوەزاری

دبێژیت هەیە هەر وەها شێوەزاری دەلێت وماچۆ ووشەی فارسی تێدا هەیە

دووای روونکردنەوە ودیاری کردنی شیوێنەکانی شێوەزارەکانی کوردی بە هەموو لقەکانیەوە ، بە دیار دەکەویت شێوەزاری ماچۆ زارئاخافتنی شەبەك ـ شێوەزارێکی کوردی پەتی و رەسەنە ، هەروەها پاراوترەو پەیوەندیەکی نزیکی هەیە لەگەل زمانی کۆنی کوردی . شێوەزاری ماچۆ رەگ ورەچەلەکی زمانی کوردیە و لە سەنتەری لاندکەی شارستانیەتی

---

٨ ـ احمد شوکت الشبك سەرچاوەی پێشو ل٨٤

کوردی هاتووە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بەلاوبوویتەوە نەشونمای کردیە کە دەکەوێتە رۆژئاوای کۆماری ئیسلامی یان لە رۆژهەلاتی کوردستانی مەزن هەر لە پارێزگاکانی هەمەدان وکەرمانشاە و قەسر شیرین تاکو دەگاتە چیاکانی هەورامان بە هەموو خێل و هۆز وعەشیرەتەکانی لە ناوچەکانی هەرێمی لۆرستان دەژین وەکو شێوەزارەکانی لەر ولەك ومەلهور وبەختیاری ومامەسەنی وکوهکلوری وگۆرانی وبەهەموو لقەکانی دەگریتەوە. گوتمان شێوەزاری ماچۆ بۆ زمانی کۆنی کوردی رەسەن دەگەوێتەوە لەبەر ئەو هۆیانە :

١ ـ زمانی میدیاکان باکووری رۆژ ئاوای ئیرانی لە خۆ دەگریت مەلبەندی ئەو ناوچانەی شێوەزاری ماچۆی تێدا دەگریتەوە

٢ ـ کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشت بەزمانی میدیاکان نووسرایتەوە

٣ ـ شێوەزاری گۆران کۆمەلەیەکی زۆری ووشەی کوردی رەسەنی تێدا پارێزراوە بە زیندویی مایتەوە

٤ ـ شێوەزاری گۆران زمان حالی میدیاکان بوو لە سالی (٦١٢)پ.ز شێوەزاری گۆران بە شێکی گرنگی شێوەزاری ماچۆیە

٥ ـ مەلبەندی کوردی باشوور هۆزەکانی لەك وکەلهور وگۆران و لۆر لەر................) بووە

لەخۆدەگریت ئەوانە هەموویان ناوپشتی شێوەزاری ماچۆ کە دەکەوێتە ناوەراستی زنجیرە چیای زاگرۆس .

٦ ـ شێوە زمانی هۆزانڤانەکانی کورد دەسپێك بە شێوەزاری ماچۆ هۆزانیان دەهۆندەوە وەکو بابا تاهیر هەمەدانی .

٧- دەستهەلاتداران و رژێمەکان یەك لە دووای یەکی عیراقی هەتائێستا دژایەتی شێوەزاری کوردی شەبەکیان لە موسل کردووە لەبەر ئەوەی بە شێوەزاری کوردی ماچۆی رەسەن دەدوێن

ئەو شێوەزارەی کوردی شەبەك پێی دەدوێن هەمان شێوەزاری خێل و هۆزەکانی لۆری بچووك ولۆری گەورەیە کە بە لۆرستان ناو دەبرێت . ناوچەکانی هەمەدان دەهلەران وکەرمانشاە و زەها وخانقین وقەزانیا وکفری وکەلار دەگرتەوە ، ئەوەش بەلگەیە بۆ ئەوەی شەبەکی موسل رەگ ورەچەلەکیان بۆ دانیشتووانی لۆرستان دەگەرێتەوە .لەرووی زمان وپێکهاتەی کۆمەلایەتیان . شێوەزاری ماچۆ لەو هۆز بۆ ئەو هۆز یان لەو خێل بۆ ئەو خێل هەندێ جیاوازی لە ئاخافتنیان هەیە هەست پێدەکەیت. بەلام بنچینەی سەرەکی زارئاخافتنیان یەکە بۆ نموونە: -

شێوەزاری باجەلان تێکەل لەگەل شێوەزاری گۆران وهەورامان وکەلهور لەبەر فاکتەری مێژووی وجوگرافی بەرەچەلەك ئەو لە ناوچەکانی دیاربەکری کوردستانی تورکیا بەرەو هەمەدان رۆیشتن لەبەرچەند ئەگەرێکی سیلسی ئەو سەردەم تێکەل بە خێل وهۆزەکانی گۆران وکەلهور ولەك و لۆر وهەورامان بین شێوە ئاخافتنیان هەندێ گۆران کاری بە سەرداهات وەلە کاتی دووبارە لە وێندەرێ باریان کرد بەرەو دەشتی رۆژهەلاتی موسل تێکەل بە هۆزو خێلەکانی خێنشینی خۆجێ بوون دیسان هەندێ گۆرانکاری بەسەر زارئاخافتنیان داهاتیە . هاتنی باجەلان لە لۆرستان بۆ دەشتی موسل بە خۆرایی نەبووە پەیوەندی خزمایەتی وناسیاری لە نێوانیان هەبووە بەرەزامەندی خەلکی شەبەك خۆجێ و دەستهەلاتی ئەو سەردەمی هاتوونە .

كوردی شەبەكی رەسەنی وولات شەبەك هاتنی ئەوانە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی كەی خەسروی میدی كە لە زنجیرە چیاكانی زاگرۆس دەژیان هاتن لە موسل ورۆژهەلاتی موسل جیّ نیشی بوون دووای لە ناوچوونی ئیمبراتۆریەتی ئاشووری لە سالّی (٦١٢)پ.ز مێژوو كوردی شەبەكی رەسەن زۆر كۆنترە لە مێژووی هاتنی باجەلانیەكان بۆ دەڤەری شەبەك لە موسل . باجەلانییەكان لە دیاربەكری توركیا چووبوونە هەمدانی كوردستانی رۆژهەلات لە سەردەمی هێرش سەركردەی ئیرانی بە ناوی( محمد علی میرزا قاجاری) لە سالی (١٨٠٦)ناوچەكانی باشلق وزهاوی خستە ژێر كۆنترولی خۆی  دووای مۆركردنی پەیمانی زەهاو  سالی (١٦٣٦ ) لە نێوان هەردوو دەولەتی عوسمانی وسەفەوی .

تەنها شێوەزاری  باجەلان وكوردی شەبەك لە موسل و دەشتی موسل شێوەزاری ماچۆیە بیّ گۆمان پەیوەندی خزمایەتی ورەسەنیان یەكە زۆر عەشیرەتی دیكە وەكو سورچی وزێبار وهەركی وگۆران وزێدك.............لە ناو دەقی چیاكانی كوردستان بەرەو شاری موسل ودەوربەری رویشتن ئاكنجی بوون بە تایبەتی لە سالی (١٩٧٠) لە بەر هەلگیرسانی شۆرش ،زارئاخافتنی ئەو عەشیرەتانە هەندیّ جودایی تێدا هەیە بەلام بەگشتی لێكنزیكن تێگەیشتنیان هەیە لەگەل شێوەی ئاخافتنی كوردی شەبەك.

---

[٩] ـ كۆڤاری روشنبیری ژمارە (٣)سالی (١٩٨٣)

شەبەك وباجەلان شێوەزاریان تایبەتمەندی هەیە ومێژووی هەبوونیان لە موسل زۆر کۆنە زمانی شەبەکی لە رووی مێرفولوژیای زمانەوە ، ووشە سازی دەڤاودەق وەکو زمانی کوردیە  وە لەبەرئەوەی تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەیە ، شێوەزارێکی زۆر نزیکە لە زمانی کوردی دایك کەزمانی میدیاکانە بوە.

شێوەزاری ماچۆ لقێکی سەرەکی زمانی کوردی رەسەنە شێوەزاری ماچۆ لە ناو خێل وهۆز وعەشیرەتەکانی کوردی رەسەن پەیدابووە و بە درێژایی مێژوو نەشونماو  پەرەی ساندووە .

شێوەزاری ماچۆ لقێکی سەرەکییە ل شێوەزارەکانی زمانی کوردی وە زمانی کوردی یەکێکە لەکۆمەلەی زمانەکانی ئێرانی کۆن :

## کۆمەلەی زمانەکانی ئێرانی کۆن

ئاڤێستا (ئیرانی کۆن)    البشتوه    السوغدیاتیه    البلوطیة(البلوشیه)

بە پێویستی دەزانم ئەو فەرهەنگە بچکۆلەی شێوەزارەکانی کوردی لە بەر چاوی خوێنەر دابنێم ، بەراووردکردنی ووشە لە شێوەزارەکانی کوردی بکات ، بۆ ئەوەی بسەلمێنین شێوەزاری ماچۆ دیالیکتێکی رەسەنی کوردی یە  هیچ پەیوەندی بە زمانی تورکی و عەرەبی وفارسی نیە بەتنێ هەندە پەیڤی هاوردە نەبیت ، بەدیار دەکەوێت بۆ  مێژوونووسانی ئەوانەی

**ناپاکیان دەرهەق زمانی ماچۆ کردیە دەبێ بزانن شێوەزاری ماچۆ لقێکی سەرەکی رەسەنی زمانی کوردی یە لەم خشتەیە بەدیار دەکەوێت:.**

| عەرەبی | فارسی | لۆری فەیلی | لۆری لەکی | هەورامی | سۆرانی | بادینی | شەبەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| اذهب | برۆ | بچۆ | بچۆ | لووە | برۆ | هەرە | لووە |
| اجلس | بنشین | بنیشن | بنیشن | بنشیرە | دانیشە | رونە | بیشە |
| فوق | بالا | اوبان | بان | سەر | سەرو | ژوور | سەر |
| العسل | انگبین | عسل | عسل | هنگوین | هەنگوین | هنگڤین | هەنگڤین |
| التین | اینجیر | اینجیر | اینجیر | هەنجیر | هنجیر | هێژیر | هەنجیر |
| الشعیر | جۆ | جەوە | جەو | یەو | جۆ | جە/جۆ | یەو |
| انهض | بەرخیز | ئەلس | فیری | هورزە | هەلسە | رابە/هلۆ | ئۆرزە |
| العنب | ئەنگور | ئەنگۆ | ئەنور | هەنگور | ترێ | تری | هەنگیر |
| الیوم | ئیمرۆز | ئیمرۆز | ئیمروا | ئارۆ | ئیمرۆ | ئیرۆ | ئارۆ |
| لا اعرف | نمی زانم | نازانم | نازانم | مەزانۆ | نازانم | نزا/نزانم | نمەزانۆ |

**چەند نموونەیەکی دیکە بە شێوەی/ ماچۆ ـ کوردی ـ عەرەبی**

| ماچۆ | کوردی | عەرەبی |
|---|---|---|
| ئاشکراکردە | ئاشکراکردن | اجهار |
| مهاندبین | ماندوبوون | اجهاد |
| بیشە | بنیشە | اجلس |
| راستە | ئاراستە | اتجاە |
| ئاشکرابی | ئاشکرابوو | اتچح |
| گوناە | گوناە | اپم |
| ئاوی تەحل | ئاوی تال | ماو مر |

| | | |
|---|---|---|
| بەزۆری | بەزۆری | اجباری |
| جوانتر | جوانتر | اجمل |
| سەنگیاتی | سەنگین | احترام |
| گران | گران | غالی |
| هەرزان | هەرزان | رخیص |
| شیرین | شیرین | حلو |
| حشك | هشك | یابس |
| رۆجە | رۆژی | صیام |
| نەرم | نەرم | ناعم |
| جەم | چاو | عین |
| بۆرە | بخۆ | کل |
| بۆسە | بنوە،بنڤە | نم |
| بنیشە | دانیشە | اجلس |
| هوری | هوردە | صغیر |
| زوان | زمان | لسان |
| لیچ | لچ، لێو | شفه |
| پت | کەبۆ، کەپ | انف |
| لەپ | لەپ | کف |
| چێر | ژێر | تحت |
| سەر | سەر | فوق |
| جەرگ | جەرگ | کبد |
| زەلام | زەلام | رجل |
| کناچە | کچ، کێژ، کنە | بنت |
| هابۆ | ئابو، مام | عم |
| فرە | فرە ، زۆر | کپیر |

| بیکئەما | پێکهات | اتفق |
|---|---|---|
| وا | با ، هەوا | ريح |
| مروچه | مێروله، میروستان | نمل |
| گوه | گوه ،کێو،چیا | جبل |
| مزه | بزن | معز |
| کرده | کردن | عمل |
| ئاو | ئاو | ماو |
| کوشته | کوشتن | قتل |
| دوه | دوو | اپنان |
| سه | سێ | پلاپه |
| چوار | چار ،چوار | اربعه |
| پینچ | پێنج | خمسه |
| شش | شەش | سته |
| گەرم | گەرم | حار |
| ترش | ترش | حامچ |
| قوته | کورته، قوته | قصير |
| سجا | سووت | احترق |
| کلیك | کلك، تپل | اصبع |

# بەشی سێ یەم[7] :

# جوگرافیای دەڤەری شەبەك

## جوگرافیای دەڤەری شەبەك و گوندەكانی

جوگرافیای هەر دەڤەرێك كاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر پێكهاتەی كەسایەتی مرۆڤ و بیرو چۆنیەتی هزركردنەوەی ، ژیانی شاخاوی و ساردی ئاوو هەواكەی جیاوازی تەواوی هەیە لەگەڵ ژیانی بیابانەكان ، واتە جوگرافیای هەردەڤەرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە ڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر پیشەی ژیانی ڕۆژانەی ، زمان و باری ئابووری و سیاسی.

جوگرافی زان و گەڕیدەكان سنووری دەڤەری كوردی شەبەكیان لەناو دەشتی موسل ( مرج ) دەستنیشانكردووە . فرستاق المرج دەكەوێتە پاڵ ڕستاقی نینوی ئەویش دەشتێكی پان و بەرینە كشتوكاڵییەو زۆرمەڕومالاتی تێدا هەیە، باژێڕێك تێیدایە بەناوی سویكی

---

[9] ــ یاسین حسن حسین سەرپەرشتیاری بنەڕەتی لەپەروەردەی بەردەڕەش.

[9] ــ فرستاق : هەموو شوێنێك گوند و كردەی كشتوكاڵی تێداهەبێت ، بەباژێڕی ناگوترێ یاقوت الحموی ج [1] لاپەڕە ( ٣٨ )

[9] مرج موسل : ئەودەشتەپان و بەرینەیە ( شەبەكستان و دەشتی ناوكوڕ )

یەك شەممە جۆرەها بازرگان تێداکۆدەبنەوە بۆکڕین و فرۆشتن و گۆڕینەوەی کەلو پەلەکانیان ، ئەو بازارە دەکەوێتە بناری چیای مەقلۆب لەسەر ئاوی خازر کە ئاوەکەی دەڕژێتە ناو ئاوی زێی گەورە
شوێنی بازاڕی یەك شەممە دیارنیە تەنها دەڵێن لەدەشتی موسلە لەنێوان چیای مەقلوب و ئاوی خازر بازاڕی یەك شەممە دەکەوێتە پەڕگەی ڕۆژهەڵاتی موسل لەدەشتایی یەکەی بازرگان و جوتیاران لێکۆدەبنەوە بۆکڕین و فرۆشتن ، دەشتی موسل و گوندەکانی سەرکردەی ئیسلام ( عوتبەی کوڕی فەرقەد ) لەساڵی ٢٠ی کۆچی هاتە ئازاد کردن
دەگرێتەوە لەشێوەی سێگۆشەیە بنکەکەی لەباکوورە ڕێگای شێخان — ئاکرێ سنووری بنکەی باکووری یەتی ئەو عەردە دەگرێتەوە کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە تاکو دەگاتە نەمرود سەری سێگۆشەیەکە ئاوی زێی بادینان دەڕژێتە ناو ئاوی دیجلە ، لای ڕۆژهەڵاتی هێڵی گەیاندنی ئاوی خازر لەگەڵ زێ لەئاکرێ.

---

[٩] ــ سعید دیوەچی مێژووی موسل ١٩٨٣ لاپەڕە ( ٤٥٩ ) ( المجمع العلمی العراقی )

[٩] ــ نامەی ماجستێر سالم جومعە خضر ٢٠١١ جامعە (الحرە)

## سنووری دەڤەری كوردی شەبەك

دەڤەری كوردی شەبەك بەشێكە لە دەشتی موسل ( مرج الموصل ) چیاكانی ناوەران و فازلیەو مەقلوب دەكەوێتە باكووری تاكو دەگاتە نەمرود لەباشوور ، هەروەها گوندەكانی دەكەوێتە نێوان قەراغ چەبی ڕووباری دیجلە تاكو ڕووباری خازر بەلای ڕۆژهەلاتی یەوە . واتە ئاو لۆ ئاو

كوردی شەبەك لەباكوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسل نیشتەجێنە ڕووباری خەوسەر لەڕۆژئاوای تاكو دەگاتە ڕووباری خازر لەڕۆژهەڵات هەروەها چیای زەردك و چیای مەمكوب و چیاكانی باشیك و فازلیەو ناوەڕاست لەباكووری یەوە دەڤەری شەبەك وەكو پردێكی بازنە ئاسایەبۆگەیاندنی شاری موسل بەناوچەشاخاوی یەكان لەئاكرێ وشێخان

هەروەها ڕێگای هاتووچۆی سەرەكی هەردوو باژێڕی هەولێرو موسل بەناو جەرگەی دەڤەری شەبەك تێدەپەڕێت دەڤەری شەبەك وەكو پشت بەندێك لەباكووری موسل و ڕۆژهەلاتی و باشووری ئەوشارەی گرتۆتەوە. شەبەكستان ئەوكەوانە خاكە كشتوكالیە لەدەوری موسل ئالایە ، خاكێكی پڕ پیت و بەرەكەتە لەزۆربەی سالەكان بارانی وەرزی مسۆگەرە، لەكۆنەوە بەمێرگی موسل ناودەبرا ( مرج موسل ) لەبەر زۆری چاندنی كشتوكال ، نزیكی ئاوی ژێرزەوی كەمتر لە ١٠ مەتر بێتە كۆلان ئاوی دەستهەلێنجە بۆچاندنی شینایی و ئاودان و بەخێوكردنی مەڕومالات بەكاردێت.

[٩] ــ زهیر كازم عبود الشبك فی العراق  كتێبی سەردەم سلیمانیە ٢٠٠٦

هەرلەکۆنەوە هەرێمی شەبەکستان بە ( هەرێمی حەدیاب ) دەهاتە ناسین لەسەردەمی فورس و میدیاکان وئاشوورییان بەهەرێمی حەدیاب ناودەبرا، لەکۆنەوە چەند پایتەختێك لەشەبەکستان دامەزرایە بەناوبانگترین شارەکان ((کالح نمرود )) لەسەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر ، ئاشوور ، قەسری شرودین خورسابادی ئێستا کەبە ( دورسروکین ) دەناسرێ ، لەشکری نادر شاهی ئێرانی لەدەشتی موسل خیوەت و سەربازگەی خۆی دامەزراند بۆ هێرشکردنە سەر شاری موسل

محمد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبەکەی کورد و کوردستان دەڵێت : (کوردی شەبەك بەپێی ڕووداوەکانی مێژووی یەك لەدووای یەکەکان ڕوویدابوو هاتونە لە دەشتی موسل ئاکنجی بوونە شوێنی جوگرافیایی وولات شەبەك هەر لەکۆنەوە هاوسنوور بووە لەگەل ئاشوورییەکان بوویتە گۆرەپانی شەرگەی شەرێ زلهێزەکان ، دوواتر لە لایەن ساسانیەکان و رۆم و بیزەنتیەکان داگیر کرا تاگەیشتە لەشکرکیشی نادر شاە دوواتر لاشاوی قاچارییەکان بۆ سەر باجەلان و زەند لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عیراق لە شارەکانی کرمانشاە خانقین و زەهاو بەتایبەتی لەسەردەمی محمدعەلی میرزای قاچاری راویانی نابوو ببوو هۆی ئاوارەبوون دەربەدەری سەدان خێزان بۆشوێنی تر) لەبەرئەوەی خاکی شەبەکستان پڕپیت و بەرەکەتەو دەکەوێتە نزیك

[٩] ــ احمد شوکت الکورد المنسیون چاپی ٢٠٠٣ دراسە تاریخیە لاپەڕە ( ٥٣ )

شاری موسل و شوێنێکی ستراتیژی هەیە لەهەموو ڕوویەکەوە ، هەروەها پارچەیەکە لەجوگرافیای کوردستان ، بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژوو

چاوی دوژمن و نەیارانی لەسەربووە بگرەهەتا ئێستا هەول دەدرێت تۆپۆگرافی ئەو دەڤەرە بگۆڕن ، ناووهێماو سیماکانی کوردەواری تێدا بسڕدرێتەوە. کوردەکۆنەکانی قەلای موسلیان ئاوەدانکرد ، ڕێگای بازرگانی لەوسەردەمی بەناو موسل دادەهات لەبەر دز و جەردەو ڕێگری کاروانی بازرگان لوموترسی دابوو کەلەڕۆژهەلاتەوە بۆموسل دەهاتن کوردەکان لەوسەردەمی لە نوادشێر = موسل دەرکەفتن چەند خانی و ئاواییان دروست کرد بۆدابینکردنی ئاسایشی هاتوچۆی کاروانی بازرگانان هەرلودەشتە مانەوە

---

[٩] ــ احمد شوكت الكورد المنسيون چاپی ٢٠٠٣ دراسه تاريخيه لاپەڕە ( ٥٣ )

# دانـیـشـــتوانـی کــوردی شــەبـــــەك

تاكو ئێستا سەرژمێریئیەکی وورد بۆدانیشتوانی کوردی شەبەك بەڕاست و دروستی ئەنجام نەدراوە هیچ ژمارەیەکی فەرمی لەبەردەست نی یە تەنها هەندێ توێژەر دەڵێن ژمارەی دانیشتوانی کوردی شەبەك کەبەسەر ٦٠ گوند دابەش بوونە ژمارەیان دەگاتە ١٠٠ تا ١٥٠ هەزار کەس بەلام بەپێی سەرژمێری فەرمی دانیشتوانی شەبەك لەسالی ١٩٧٧ گەیشتە ٨٠هەزارکەس بەری هەنگی لەسالی ١٩٦٠ نەگەیشتبوو ١٠ هەزار کەس سەرەڕای هەندێ پێش ئازادی عێراق نزیکەی ٢٥هەزار کوردی شەبەك لەناو شاری موسل دەژیان لەو گەڕەکانە بلاو بوونەوە ( عەتشانە ، فەیصەلیە ، نوعمانیە ، زهور ، کەرامە ، جزائیر ، عەدەن ، نەبی یونس ، تەئمیم ، شوهەدا ، بەکر ، قودس ، ئارپەچی ، تەحریر...) چەند گەڕەکێکی تر لەموسل سەرژمێری لەلایەن بەڕێز عبدالرزاق شکارە بەیاداشتی ژمارە ٥٤٧ لە ڕێکەوتی ٢٥ / ٥ / ١٩٥٢ دەربارەی ڕێژەی دانیشتوانی قەزای حەمدانی یە بەم شێوەیە بوو شەبەك و بێجوان ١٣٣٩٨ مەسیحی یەکان ١١٩٩٩ عەرەب ٢٦٣٥ تورکومان ٢٥٩٧ سارۆلیا ١٢٨٤ هەروەها لەلایەن یەکەی کارگێڕی ئەو قەزایە سالی ١٩٩٧ سەرژمێری یەك ئەنجام درا

بۆ دابەشکردنی کورسی یەکان بەسەر ئەنجومەنی شارەوانی لە قەزای حەمدانی یەو هەردوو ناحیەی نەمرود و بەرتلە سالی ٢٠٠٤ ڕێژەکە بەم شێوەیە بوو شەبەك ٤٢٠٠٠کەس مەسیحی ٤٠٠٠کەس عەرەب ٢٥٠٠٠کەس تورکومان ٧٠٠٠کەس کاکەیی ٤٥٠٠کەس بوون . ئەو

سەرژمێری یە دروست نی یە تەنها بۆ مەبەستی دابەشکردنی کورسی یەکان بوو بەسەر پێکهاتەکانی سەرەوە بەپێی سەرژمێری سالی ١٩٧٧ ژمارەی کوردی شەبەك ٨٠٠٠٠بوو بەراوورد بکەین لەنێوان سالی ١٩٧٧ تا ٢٠٠٤ دەتوانین بلێین ژمارەی کوردی شەبەك دەگاتە ١٥٠٠٠٠ کەس لەساڵی ١٩٦٠ حکومەتی عێراقی ژمارەی کوردی شەبەکی بە ١٠٠٠٠ کەس دانابوو،

بەلأم ئینگلیز لەساڵی ١٩٢٥ لەسەرژمێری خۆیان کوردی شەبەکیان بە ١٠٠٠٠ کەس دانابوو، ئایا دەچێتە عەقلْ و کێ باوەڕ دەکات لەماوەی ٣٥ سالْ یەك تاکی شەبەك زێدەی نەکردبێت ئەوەش بەلْگەیەکی ئاشکرایە بۆبزرکردنی ڕاستی یەکان هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کوردی شەبەك ڕێژەیان بەراوورد بکەین لەگەلْ دانیشتوانی عێراق شەبەك ٤ ٪ دانیشتوانی عێراقن واتە هەرلە ٢٥ ملیۆن کەس ملیۆنێك کوردی شەبەك هەیە لەعێراق ، ئەوکێشە لای زۆربەی پێکهاتەکانی عێراقی هەیە جگە لەعەرەب کەخاوەن دەستهەلأتە ، بۆیە زۆر پێویستە سەرژمێری یەکی گشتی ئازاد لەعێراق ئەنجام بدرێت بۆئەوەی سەرجەم ژمارەی پێکهاتەکانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەدیاربکەوێت. ، شەبەك کۆمەلەیەکن لە نەتەوەی کوردی ڕەسەن لەڕۆژهەلاتی پارێزگای موسل دەژین ، ئاکنجینە لەسەر باکوری هێلی پانی ( ٣٦ ) وەلەسەر هێلی درێژی ( ٤٣ ) ، ڕۆژهەلأتی ڕووباری دیجلە تاکو ڕووباری خازر گوندەکانی گەورەو لێك نزیك و پڕ دانیشتوانن دەڤەری شەبەك دەکەوێتە سەر ڕێگای

[9] ــ دکتۆر عبدالفتاح علی یحیی ( الکورد الشبك ) هەولێر ٢٠٠٧

حەریر ئەسکەندەری مەقدۆنی پێداهاتبوو بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات و وولاتەکانی,

دەشتی موسل کورد بە شەبەکستان ناوی دەبەن ( شەبەکستان sebekista ) ئەوخێل و تیرەو بەرەبابانەی لە شەبەکستان دادەنیشن ئەوانەن باجەلان ( لق و پۆپیان هەیە لە خانەقین و کەرکوك و کۆیە ) زازا ( لەدیاربەکر و دێرسیم ) زراری ( لەڕۆژئاوای شاری
هەولێر دادەنیشن ) زەنگەنە ( کەرکوك و خانەقین و کرمانشان ) لۆر لەك و هەمەوەند ( بەربەلاون لە هەولێر و کەرکوك و خانەقین و کرمانشان ) داودە ( لەباشووری کەرکوك هەنە ) ڕۆژبیانی ( لەبەردەڕەش و کەرکوك و کرمانشان ) شکاك ( لە ورمێ ی ئێران و عەفرین و ئورفای سوریا هەنە) گۆران و زێبارو هەرکی و زێدك و مزوری ، گێژ ، ڕەشگەری ، دۆسکی ، ئۆمەربل ، شێخ بزێنی ، بۆت ) هەروەها هەندێ خێزانی عەرەب لەگەل چەند بەرەبابێکی تورك هیتر... لەشەبەکستان دەژین . گوندەکانی شەبەکستان تێکڕای لەدەورووبەری ٢٥٠ م لەسەر ئاستی دەریا بەرزە ، گوندی مەخلەت دەکەوێتە باشووری شەبەکستان ٢٠٠م لەسەر ئاستی دەریا بەرزترە چەند سەرکەویت بەرەو باکوور دەشتی شەبەکستان بەرزتر دەبێتەوە تاوەکو دەگاتە بناری چیای زەردك و چیای مەقلوب بەرزی چیا زەردك ٦٠٠م و بەرزی چیای مەقلوب ١٠٣٣م چیای فازلیە ( فەزیلە ) ٦٠٨م لەسەر ئاستی دەریا بەرزترن.

# گـونـــدەکانـی کـــــوردی شــەبـــەك

بەکورتی پێناسەی گوندەکانی شەبەکستان دەکەین هەریەکە بەپێی شوێن و دانیشتوان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەی ڕابردوو ئێستایان . گوندەکان گوزەران و بژێوی ژیانیان پێك دەچن . هەر لەکۆنەوە خەریکی بەخێوکردنی مەڕو مالات بوونە لەگەل کاری کشت و کاڵی بریتی یە لەچاندنی گەنم و جۆی دێمی ، لەسالانی شێستەکان تاکو دەگاتە ئازادی عیراق دابەستی یان بەخێو دەکرد ، دەشتی شەبەکستان گونجاو بوو بۆ بەخێوکردنی مەڕومالاتی سەلحی و هەروەها دابەستیکردنی جوانەگاو کاوڕ گۆشتی موسل و پارێزگاکانی دەوروبەری گۆشتیان لەسەر گوندەکانی کوردی شەبەك بوو بەلکو ڕەوانەی باشووری عێراقیش دەکرا لەبەخێوکردنی دابەستی بالادەست بوون تاکو دەگاتە سالانی نۆهەتەکان لەڕووی گواستنەوە دەڤەری شەبەکستان ڕۆلێکی گرینگیان بینیوە، دەولەمەندی گەورەیان لەناو پەیدابووە چەندەها بوزینك و ترێلەی گواستنەوەی جۆراوجۆریان هەیە کاردەکەن لەگواستنەوەی کەل و پەل لەنێوان پارێزگاکانی عێراق ، هەروەها دەولەمەندەکانی شەبەك تانکەرێکی زۆریان هەیە بۆگواستنەوەی بەروبوومی نەوت لەناوەوە بۆ دەرەوەی عێراقیش. خوێندن و خزمەتگوزاری لەناو گوندەکانی کوردی شەبەك فەرامۆش کرابوو وەکو گوندەکانی تری ناوچەکانی کوردستان بایەخی پێنەدەدرا تاکو ساڵی ١٩٧٨ خوێندنی تەنزیمی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دەستی پێکرد قوتابخانە گەیشتە گوندەکانی شەبەکستان خوێندن و خوێندەواری لەناو

کۆمەڵگای کوردی شەبەك بلاە بۆوەو سال لەدوای سال چینی ڕۆشنبیر لەناویان پەیدابوو خاوەنی بڕوانامەی بەرز لەناو کوردی شەبەك سەری هەڵدا لەهەموو بووارەکانی ژیان ڕۆڵی خۆیان بینی ناوی دەڤەری خۆیان دیارکرد

ئەوەش کورتەیەك لەسەر ناوی گوندەکانی شەبەکستان بەپێی یەکەی کارگێڕی خۆیان لەپارێزگای موسل گوندەکانی سەربەیەکەی کارگێڕی ناوچەی باشیك سەربەقەزای سەنتەر پارێزگای موسل ئەوانەن

## ١ – گوندی گۆگجەلیل :

گوندی گۆگجەلیل بۆتە کۆمەلگایەکی گەورەی کوردی شەبەك ، چەند کات ژمێرێك لەسەنتەری موسل دوورە درێژە پێدانی گەڕەکەکانی شاری موسلە ، بەلای ڕۆژهەلاتی شاری موسل ، ڕێگای سەرەکی موسل – هەولێر بەناو جەرگەی کۆمەلگای گۆگجەلیل تێدەپەڕێت ، زەوی کشت و کالی گوند نەماوە هەمووی بۆتە ئاوەدانی ، گوندێکی زۆر کۆنە لەسەدەی هەژدە نیبۆری گەڕیدە پێیدا تێپەڕیوە بە ( کوجلی ) ناوی هێناوە

لەسالی ١٩١٩ یەکەم قوتابخانەی کوردی بەشێوازی ماچۆ لەگوندی گۆگجەلیل هاتبوو کردنەوە[١٠] گۆگجەلیل مێژوویەکی پڕشانازی هەیە، هاوکاری شۆڕشەکانی کوردی یان کردووە لەحەوانەوەو یارمەتیدانی پێشمەرگە، هەستی نەتەوایەتییان هەبووە .

---

[١] ــ نووسەری ئەم پەرتووکە

[١] ــ کتێبی نیبور لاپەڕە ( ١٥٠ )

ئەوگوندەو گوندی بازیوە بڕبڕەی پشتی بازرگانی شاری موسل بوونە لەبەخێوکردنی مەڕومالات و هەناردەکردنی گۆشت و دابەستی زیندی بۆ ناوەوەی عێراق و دەولەتەکانی دەوروبەری عێراق .ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری سالّی (١٩٥٦ ) ١١٠٠ کەس بوونە دانیشتوانی گۆگجەلی بەپێی فۆڕمی خۆراکی سالّی ( ٢٠٠٣ ) ١٤١٠٨ چاردەهەزارو سەد و هەشت کەس بوونە

## ٢ – بازوایا ، بازیوە :

بازیوە لەڕووی زمانەوانی یەوە بەواتای بالّندەی باز دێت چونکە لەکۆنەوە پیشەی ڕوو ڕاوچی زۆر تێدا هەبووە[١]

بازوایا لەڕووی لێکدانەوەی ووشەکە بەواتای ( مالّی زاوا ) دێت ( بیت زاوا ) یان بیت الزابیین بازوایا لەکۆنەوە ئاوایی زۆر گەورەی لێدروست کرابوو وەکو حەسار لەهەرچا زاویەکانی قوولەی تێدا

درووست دەکرا بۆ چاودێری حەسارەکە بۆیە ناوی لێنرا بازوایا

١٤ کیلۆ مەتر لەشاری موسل دوورە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر موسل ، گەورەترین کۆمەلگایە لەدەڤەری شەبەك ،

---

[١] ـ خسرو گۆران الکورد فی محافظة الموصل اربیل ٢٠٠٦

[١] ـ عبدالفتاح علی یحیی الکورد الشبك مگبعە خانی / دهۆك

[١] ـ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو

[١] ـ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل٦٩

[١] ـ د. خزعل یاسین مامۆستای مێژوو دانیشتووی بازوایا

كەسانی زۆر دەولەمەندی تێدایە خاوەن گەلە گەشتی گواستنەوەی ووشكایی بەروبوومەكانی نەوت دەگوازنەوە شێوە زاری ماچۆیی گۆرانی كۆنی خۆیان پاراستووە لەووشەی نامۆو بێگانە ، هەستی نەتەوایەتی لایان زۆربەهێزە ، كۆمەلگایەكی داخراوون بەسەر خۆیان ، دابوونەریتی تیتالی كۆنی خۆیان لە فەوتان ڕزگاركردووە ، زۆربەی كەسانی ئەو كۆمەلگایە بەكاری بازرگانی و ئابووری جۆراوجۆر خەریكن.

زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەوكۆمەلگایە ڕەچەلەكیان دەگەڕێتەوە بۆ خێلە بەناوبانگەكانی كورد وەكو زراری و ڕۆژبیان و گۆران و گێژ و سورچی و هەركی پەیوەندی كۆمەلایەتی بازرگانی و نەتەوەیی یان زۆر موكومە لەگەڵ خەلكی كوردستان هەر لەبەر هەندێ تووشی شالاوی ڕووخاندنی مالەكانیان ببوون هاتنەگواستنەوە بۆكۆمەلگای زۆرەملێی باسرمە لەدەشتی هەریر بەپێی ئاماری سالی ١٩٥٦ دانیشتوانی گەیشتبوو ( ٨٠٠ ) كەس .

گوندی بازوایە لەبەر پەیوەنییان بەشۆڕشی ئەیلول بۆیە كورد پێداگیری كرد كە بكرێتە ناحیە یەكەیەكی كارگێڕی سەربەخۆبێت لەبەر هەندێ لەڕۆژی ٢ / ٨ / ١٩٧٢ بەپێی فەرمانی كۆماری ژمارە ٣٤١ گوندی بازوایا بوو بەناحیە سەربەقەزای موسل چەند گوندێكی دەوروبەری پێوە هاتە لكان بەلام زۆری نەكێشا لەبەر سیاسەتی بەعسی

[1] ــ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / بەردەڕەش

[1] ــ خسرو گۆران سەرچاوەی پێشوو

فاشی دژایەتی کوردی شەبەك هاتە کردن ، لەڕۆژی ١٦ / ٢ / ١٩٧٦ بەفەرمانی کۆماری ژمارە ٢٤ بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە .

## ٣ – گوندی فازلیە ، فەدیلە :

فازلیە لەڕووی زمانەوانی یەوە ناوی کەسێکە دەگەڕێتەوە بۆ باوکی فازلی عەباسی کوڕی علی کوڕی ئەبی تالب (ڕەزای خوای لێبێت ) ، هەتا ئێستا مەزاری لەناو قەبرستانی گوندی بەرچاوە [1] لەبەرێ بە فەدیلە ناو دەبرا ، فەدیلە بەواتای زەوی کشت و کالی فەدلە واتە زێدە ، ناوی کەس لەسەر نەبێت بەسەر گوند دابەشبکرێت بەیەکسانی بۆکاری چاندی کشتوکالی فازلییە گوندێکی گەورەیە عەشیرەتی جۆراوجۆر تێدا دادەنیشن وەکو باجەلانی و زێدك و داودی و کاکەیی و مزوری و بەرواری و هەندێ خێزانی ئێزدی کەئیسلام بوونە ، دەکەوێتە باکوری موسل بەدووری ٢٥ کیلۆمەتر چەندەها کانیاوی هەبوو لەبەر هەندێ بەسەروکانی ناودەبرا بەلام لەسالانی هەفتاکان کانیاوەکان ئاویان ووشك بوو ، ئەوڕۆکە نزیکەی ٦٠٠ خێزان تێدا دادەنیشن کۆلانەکانی ناڕێکن ، بەرەبابەکانی سەرەکی گوندی فازلیە ئەمانەن ئیسماعیل خلیل الوقاس ، حاجی محمد سلیمان ، محمد معروف ، سالم یوسف ، اسماعیل ملا حسن ، حمزە حاجی حسن ، حجی صالح ، سولتان عبداللە ، اکرم محمود ، توفیق حسین ، حازم عبداللە

---

[1] ـ ملا سالم شەبەك لە وقائع العراقیە ژمارەی ٢٥١٤ وەری گرتووە

[1] ــ یاسین حسن حسین / سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / بەردەڕەش

(حمابو) افغانی یە ، ابراهیم قاسمی داودی ، علی سعید ، محقوف مصطفی ، عبدالله علی نوری حسین کاکەیی

لەنوسراوەکانی ئاشووری باسی گوندی فازلیە هاتی یە زۆر بەئاوە بیستانی دارزەیتونی تێدا زۆرە ، دەکەوێتە بناری زنجیرە چیای مەقلوب ، هەروەها لەکتێبی معجم البلدان کەلەلایەن یاقوت الحموی ( ٥٧٥ ك — ٦٢٦ ك ) ژیاوە. دەلێت گوندێکی گەورەیە وەکو باژێڕە سەربە موسلەدەکەوێتە نزیك باشیکە ڕووبارێکی تێدایە قەیسەری بازاڕی کڕین و فرۆشتنی تێدایە بەبازاڕی باشیك دەچێت بەلاّم باشیك داهاتی زۆرترەو بەناوبانگترە

زۆربەی دانیشتوانی فازلیە لەعەشیرەتی باجەلانن سوننە مەزهەبن ، هەندێ خانەوادەی شیعە مەزهەبی تێدایە چەندکارگەیەکی تەحین و تورشی تێدابلاّو بۆتەوە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٥٥٠ کەس بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٦

بەپێی فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە ( ٢٨٥٠ ) کەس

---

[١] ــ ئیماعیل خلیل باجلایی ناسراو بە أبو وقاص

[١] ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ( ٥٤ )

[١] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ( ١٨١ )

[١] ــ عبدالغنی علی یحیی الکورد الشبك لاپەڕە ( ٢٣٥ )

**٤ – خورساباد ، خورسبادا ، خورسباد ، خرستاباد ، دورشروکین :** واتای خورساباد دوو ووشەی لێکدراوە = خسرۆ+ئاباد واتا کەسێك ناوی خەسرۆ بووە ئەو شوێنەی ئاوەدان کردووە خورساباد خۆر ( هۆر ) مانای ڕژ دێت ساباد یان سابات بەواتای سێبەری کەپر خۆر + سابات = سێبەری کەپر لەکۆنەوە ئەو گوندە دارو نەمامی زۆری هەبووە بەردەوام لەبن سێبەری دارەکان ژیاون

.شرۆکین : سەرچاوەکانی مێژوویی دەڵێن بەواتای ( پیاوی ڕاستگۆ ) ( الرجل الصادق ) یان دەڵێن مەلیکی شێر (الملك الاسد) . دوور شرۆکین :پایتەختی مەلیکەکانی ئاشووری بوو بەتایبەتی لەسەردەمی ئیمبراتۆریەتی سەرجوونی دووەم دامەزرێنەری سولالەی ئەکەدی سەرجوونی یەکەم بوو بەزمانی ئەکەدی بەواتای شروکین دێت . خانی یەکانی باژێڕی پایتەختیان بەواتای دوور شرۆکین دێت . دەستهەلاتی ئەم ئیمبراتۆرییەتە ٢٣٣٤ تا ٢٢٧٩ پ . ز خایاندبوو شوێنێکی کوردی بوو پێش هاتنی ئاشووری یەکان یاقوت الحموی لەکتێبەکەی معجم البلدان دەڵێت گوندێکە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە ئاوێکی زۆری هەیە بە دارمێوە سەروکانی ئاوەکە لەناوەڕاست دێت بەکشت و کاڵ دەناسرێت باژێڕی سەرعون خرابە لەتەنیشتی یەتی چەند کیلۆمەترێك دوورە لە فازلیە دانیشتوانی کوردی شەبەکن زۆربەیان لەعەشیرەتی بەجالانن شارستانی یەتی کوردی شەبەك بووە لەدوای لەناوچوونی ئیمبراتۆریەتی ئاشووری لەسەردەستی مادییەکان ( المیدیین الکورد ) بوبوو پارچەیەك

[1] ــ یاسین حسن حسین نووسەری کتێب

لەکارگێڕی ئیمبراتۆریەتی کوردی میدی تاکو ساڵی ٢٠ ی کۆچی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی. دەکەوێتە سەرڕێگای موسل شێخان بەدووری ٢٠ کیلۆمەتر زۆربەی خاکەکەی بەرابوو داری بەری و سەوزەواتی زۆری لێدەهاتە چاندن ،ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئامارەکانی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٦ ٤٥٠ کەس دەبوو .

گوندی خورسیباد مێجەرسۆن دەڵێت لەکۆنەوە شاری ئاشووری یەکان بووە خورساباد ناوێکی کوردی یە بەواتای شوێنی هورچ دێت بەڕاستی بەهەڵە شلۆڤەی کردییە بەواتای خسرۆ+ئاباد دێت واتا لەسەردەمی کەی خوسرەو ئاواکرایە

لەسەردەمی ئاشووری یەکان زۆر کەس و خێزانی کلدانی یەکانیان بە بارمتە (ئەسیر) گرتبوو بەزۆرەملێ لەناوچەکانی ئاشووری یەکان ئاکنجی کرابوون ، کاری زبارەو زۆرەملێیان بەوکەسانە ئەنجام دەدا. بەتایبەتی ئاوەدانکردنەوەی دوور شروکین لەخرسابادی ئێستا بەدەست و بازووی وان دروست کرابوو لێرەدا شروکین بەواتای شەڕوکین دێت چونکی بەخورتی زۆرەملێ ئاوەدان کرابوو دڵی کلدانی یەکان پڕی ڕق و کین بووە چونکە دەستەسەرکرابوون و کاری ئاوەدانی یان پێیان کردبوو بۆیە ناونرایە شەڕوکین پاشان بویتە شروکین ئەوناوەیە لەسەردەمی ئاشووری یەکان

---

١ ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٥٥)

١ ــ خسرو گۆران سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٨٢)

١ــ مەلا سالم شەبەك نامەی ماجستێر لاپەڕە (٣٥)

لەسەرچاوەکانی مێژوویی دوورشروکین ناوبرایە

. پەپێی سەرژمێری فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ ( ٢٣٨٠ )کەسن

## ٥ – عومەر قاپچی ، ئۆمەرقاپسی :

واتا کەسێك بەناوی عومەر دەرکەوانی کردووە دەبێ ئەو عومەرە دەرکەوانە گوندی عومەر قاپچی ئاوەدانکردبێت عومەر قاپچی = عومەر + قاپچی دەکاتە عومەری دەرکەوان هەندێ جار بە عومەر قاپسی ناودەبرێت واتە عومەر قاپی فافۆنی دروست کردووە بۆیە بەوەناودەبرێت.

٢٣ کیلۆمەتر دوورە لە لای باکووری ڕۆژهەلاتی شاری موسل _ چینە کەسێکی ڕۆشنبیری تێدا هەیەو هەستی کوردایەتی یان بەهێزە لەباکوری گوندی خرابەیەکی کۆنی مێژوویی بەناوی تبەکۆر هەیە کە٧٠ پێ بەرزترە لەدەشتەکەی تێیدایە ، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە گوندی عومەر قاپچی مێژووی بۆ چەرخەکانی کۆنی مێژوو دەگەڕێتەوە و فاریزە بەرهەمی بەرەبابەکانی خرابەی تەپەکۆرەنە لەوێندەرێ مایتنەوە شەبەك کوردی ڕەسەنن لەودەڤەرە قۆناغەکانی مێژوویان بڕیوە دابونەریتی کۆنی کوردەواری خۆیان پاراستووە تاکو ئەمڕۆکە لەسەرمولکی خۆیانن و خاکی کەسیان داگیرنەکردووە

---

[1] ــ یاسین حسن نووسەری کتێب لێکدانەوەی خۆم

[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ( ٢٣٥ )

[1] ــ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / بەردەڕەش

. ساڵی ١٩٥٦ دانیشتوانی گەیشتۆتە ٤٥٠ کەس بەپێی ژمارەی کارگێڕی ، دانیشتوانی بەپێی فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ دەگاتە ٢٠٤٠ کەس

## ٦ – گوندی ناوەران ، ناوران ، سەری ناعور

ناوەران بە قەسر ناودەبرێت یەکەم جار مالی باجەلان قەسریان لێدروست کردبوو ناوەران بەواتای نەورایی دێت، نزمتر بێت لەدەوروبەری دەکەوێتە کۆتایی زنجیرە چیای مەقلوب باشیك فازلیە ناوەران : ئاو بەناو نەورایی یەکە دەڕوات ، شوێنی نزمە و بەنێوان دووبەرزایی دەڕوات

کانیاوێکی گەورەی هەیە ئاوێکی زۆری لێ هەڵدەقوڵێت دەکەوێتە باکوری موصل لەڕۆژهەلآتی ڕوباری دیجلەیە[1]

ئاوێکی هێجگار زۆری هەبوو ١٥ ئاشی ئاوێ لەسەر ئەو ئاوە دەسووڕا[1]

ئەو کانی یە لینوفەری لێدەڕوێت دەیانفرۆشت و داهاتی بۆگوندی هەبوو . ئاوی ناوەران زۆربەی زەوی گوندی بەراو دەکرد هەروەها زەوی گوندی خرسابادی بەراو دەکردشینایی وەرزی هاوینەیان پێ بەراو دەکرد هەروەها کونجی و برنج و کێلگەی زەیتونەکانیان پێ ئاودەدا لەگەل

[1] ـ خسرو گۆران سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ( ١٨١ )

[1] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ( ٢٣٥ )

[1] ـ یاسین حسن نووسەری کتێب

[1] ـ مەلا سالم شەبەکی سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠

[1] ـ مەلا سالم شەبەکی لە کتێبی یاسین العمری وەرم گرتووە ل ١٢٧

چاندنی سەوزەوات بەبەردەوامی ساڵ بەلام سالی هەفتاکان ئاوی کانیەکە هێدی هێدی ووشك بوو ئێستا بەئاوی ژێر زەوی دەژین.

دانیشتوانی ناوەران براگەورەکانی باجەلانی تێدا نیشتەجێن لەگەڵ چەند مالێکی بەگەواتی موصل لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەموصل بەرەو ناوەران هاتن بۆخۆسەپاندن بەسەر زەوی و زاری کشت و کالی گوند، ١٥ کم لەموسل دوورە لەسەر ڕێگای موسل _ شێخان [1]

بەپێی سەرژمێری یەکەی کارگێڕی سالی ١٩٥٦ ز گوندی ناوەران ( ١٠٠ )کەس بوون [1]

ناوەران بەسەروکانی ناودەبرا[1]

# ٧ – گوندی ئۆرتەخراپ

ئۆرتەخراپ : ووشەیەکی کوردی لێکدراوە پێکهاتووە لە ئۆرتە + خرابە = ئۆرتە : بە واتای بەواتای ناوەڕاستی مەیدان یان ناوەندی گۆڕەپان

خرابە : چەند خرابەیەکی مێژوویی کۆن لەدەورەی گوندی هەیە ئەو تەپانە لەکۆنەوە شوێنی ئاوەدانی بووە لەچەرخەکانی ڕابردووی کۆن ، شوێنەواری ژیانی پێوە دیارە [1]

---

[1]ــ أحمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٥٦

[1] ــ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٢

[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٥

[1] ــ یاسین حسن نووسەری کتێب

دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل چەند کیلۆمەترێك لەشاری موسل دووره، دانیشتوانی هەمووی کوردی شەبەکن هیچ نەتەوەیەکی تری تێدا نی یە ، هەموویان موسولمانن سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبن هەموویان پێکەوە بەخۆشی دەژین هەموویان بەخزمایەتی تێکەلن ، نەوە لەدوای نەوە پەیوەندی کۆمەلایەتی موکوم و بەهێزە.

ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری یەکەی کارگێڕی سالی ١٩٥٦ ز ( ١١٠٠ ) کەس دەبوون[1] ئۆرتەخراپ بە گوندی حسن ئاغای کوڕی علی ئاغای باجەلانی لەتیرەی قزانلو بەناوبانگە.

## ٨ - بازێڕ بووك ، باجەربوغ ، باجریق ، ئەبو جەربوعە بازێڕا بووکا :

ووشەیەکی کوردی لێکدراوە پێکهاتی یە لە بازێڕ= شار + بووك دەبێتە بازێڕا بووکا یان بەگوندی خۆشی و شادی ناودەبرێت[1]

گوندی بازێڕ بووك ١٥ کم لە موسل دووره دەکەوێتە سەر ڕێگای موسل _ ئاکرێ بەرامبەر گوندی دەراویش پەیوەندی خزمایەتی یان هەیە لەگەلێ یەکدی ، گوند پێکهاتی یە لە ٤٠٠ خانی ژمارەی دانیشتوانی ٣٥٠٠ کەس دەبێت ، خەریکی کاری کشت و کالی و بەخێوکردنی ئاژەلن لەکەرتی بازرگانی و گواستنەوەی ووشکایی کاردەکەن قوتابخانەی سەرەتایی تێدایە قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکەن زۆربەی قوتابیانی کچ

---

[1] ـ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨١

[1] ـ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەڕەش

لەماڵەوە دادەنیشن بەردەوام نابن لەخوێندن چونکە قوتابخانەی ناوەندی لەگوند نی یە [1] ووشەی ئەبو جربوعە هیچ بنەمایەکی نی یە تەنها بۆ سووك کردن و لەکەدارکردنی ناوی ڕەسەنی کوردی باژێڕابووکا بەعەرەب کردنی ئەو ناوە جوان و پیرۆزە کەبەهاران دەوروبەری

ئەو گوندە دەڕازێتەوەبەجۆرەها گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری جوان . قەفتکەکا بۆنداری ئەو گولە لەشێوەی پێکهاتەی گوند ڕازایتەوە کەلەچەند عەشیرەت و خێڵی کوردی ڕەسەن پێکهاتوون لەوانە داوودی و ڕۆژبیانی و زراری هەرلەکۆنەوە پێکەوە لەو گوندە دەژین پشت بەپشت نەوە لەدوای نەوە داگیرکەرنەبوونە بەڵکو بەردەوام هەڕەشەیان لێکراوە چونکە لاوەکانیان هەست بەبوونی خۆیان دەکەن کەکوردی ڕەسەنن هەستی نەتەوایەتی یان بەرزە . هەرلەکۆنەوە پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئابووریيان لەگەڵ خەلکی ئاکرێ و دەڤەری گۆرانەتی لەبەردەڕەش و شێخان هەبووە گوند خاوەن ئابووری یەکی بەهێزە . داب و نەریت و کەلتووری خۆیان پاراستووە وەکو کەرەستەکانی پەیڤی زارگۆتنی ماچۆ زۆر نزیکە لەشێوەزاری گۆران[1] لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٦ ز ژمارەی دانیشتوانی گوند ٦٢٧ کەس بوو[1] . بەپێی فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ ز دانیشتوانی دەگاتە ٢٢٥٠ کەس [1] . ووشەیەکی کوردی

---

[1] ــ عبدالزهرە ئاغا پێناسەی هەندێ گوندی شەبەکی کردبوو

[1] ــ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەڕەش

[1] ــ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٠

[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

لێکدراوە بەواتای قەبرستان یان گۆڕستانی غەریبان دێت دێت ،هەندێ جار ناوی دێت بە گۆڕ قەربان: مانای دێت بە گۆڕ قەربان = گۆڕی قوربانیان [1] هەندێ لە ئاغەواتی باجەلان و بەگەواتی موسل تێدا دانیشتبوون بەتایبەتی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم وەکو دەرەبەگ خۆیان بەسەر زەوی و زاری گوندی سەپاندبوو بەناوبانگترینیان محمود ئاغاو عزیز ئاغا و کامل بێگ و براکانی ، وەمندالی سلیمان ئاغا دوای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی کشت و کالی بەرەو شاری موسل گەڕانەوە ، بوونە کاربەدەست لەفەرمانگەکانی میری جارێك لەلایەن عەرەبی عەشیرەتی جحێش هێرش کرایە سەرگوندی دانیشتوانی گوند هەموویان لەناو برد بەپێی فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ز دانیشتوانی ٤٥٠ کەسن لەئاماری سەرژمێری یەکەی کارگێڕی سالی ١٩٥٦ ز ژمارەیان ٢٥٥ کەس بوون [1] گوند دەکەوێتە دەشتایی یەکی کشت و کالی پان و بەرین ئاخێکی پڕ پیت و بەرەکەت ، پیشەیان چاندنی دەغل و دان و بەخێوکردنی مەڕو مالات بەتایبەتیدابەستی [1]

## ٩ – گۆڕی غەریبان

---

[1] ــ یاسین حسن نووسەری ئەو کتێبە

[1] احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٦١

[1] عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

[1] خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٠

[1] ــ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٤٠

## ١٠ – دەراویش ، دراووج

دەراویش لەووشەی دەروێش هاتی یە لەسۆفی گەری و خوداپەرستی هاتی یە ، شوێنی خوداپەرستی تێدایە لەوانە تەکیەی سید قاسم سید محمد لەسەر ڕێبازی بەکتاشی و قزلباشی ( یاسین العمری ) لەکتێبەکەی باسی کردووە ل١٢٤ دەلێت : ئاماژەی بەگوندێکی تر داوە لەهەمان شوێن بەناوی ( حسن فردۆش ) گوندێکی گەورەی ئاوەدانە . بەلام ئێستا ئەو گوندە لەگەڵ گوندی دەراویش تێکەڵ بووە چونکە گۆڕی حسن فردۆش دەکەوێتە ناوگوندی دەراویش ئارامگەی حسن فردۆش مێژوویەکی کۆنی پیرۆزی هەیە لای کوردی ئێزدی ، سالانە لەوەرزی بەهار سەردانی مەزاری حسن فردۆش دەکەن لەڕۆژی هەینی پێی دەلێن تەوافی هەینی ئێزدییان سالانە کەرنەڤال و ئاهەنگێکی مەزن سازدەکەن بەو بۆنەئاهەنگە دەلێن تەوافی گەورە یان تەوافی دەراویش خەلکانی تری کوردی شەبەك پشکداردەبن، لەوئاهەنگە بەتایبەتی لەڕۆژانی ٢١,٢٤ی نیسانی هەمووسالێك ئاهەنگ دەگێڕن. کوردی شەبەك ئەو شوێنەیان ئاوەدان کردی یە لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لەسەردەستی میدیاکان دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ١٠کم لەسەر ڕێگای موسل _ ئاکرێ ئەو گوندە دیارەو چالاکی ئایینی تێیدا بەرچاوە زۆرنەمایە ببێتە پایتەختی ئایینی دەڤەرەکە[1] گوندی دەراویش چەند خرابە (تەپە) ی کۆنی مێژوویی تێدایە بەدروستی لێکۆڵینەوەی لەسەر

---

[1] احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٦١

نەكراوە زەقورەیەكی سەردەمی ئاشوورییان لەتەپە شاردرایتەوە. ،
ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی ١٩٥٦ز ٤٢٠ كەس بوون [١]
ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆڕمی خۆراكی ساڵی ٢٠٠٣ ١٦٢٣ كەس بوون [١]

## ١١ – گوندی باریما ، بارمە ، سەكەند

ناوی باریما بە ئارامی بەواتای ماڵی پایەبەرز دێت ( بیت الرفعه ) سەكەند سێ كەند یان سێ دۆڵی تێداهەیە بارمە ناوی چیایەكە دەكەوێتە نێوان هەردوو پارێزگای موسل و تكریت كەبە چیای حەمرین ناو دەبرێت دەكەوێتە باكوری موسل لەنێوان گوندی ناوەران وخرسابادە [١] ، باریمە = بیری + ئێمە بوویتە باریما بیرێكی كۆن لەنزیك گوندی باریمە هەیە دەبێت ئەو ناوە لەو كەونەبیرە هاتبێ . ناوی دروستی سێ كەندە، بۆ مەبەستی تەعریب كردنی ناوەكەیان گۆڕی یە ، دوومزگەوتی تێدایە مزگەوتی یەكەم بە ناوی نەبی یونس لەساڵی ١٩٥٤ ئاوەدان كرایە ، مزگەوتی دووەم بەناوی خەتاب لەساڵی ٢٠٠٥ ئاواكرایە ، مەزارێكی ڕووخاوی تێدایە لەبەر كەمتەرخەمی گوند بەناوی شێخ ئەحمەدی خوراسانی ، مەزارگەیەكی دیكە لەدووری گوند هەیە بەناوی دوازدە ئیمام. گوندێكی گەورەیە دەكەوێتە لێواری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خەوسەر ئاو بیستان و شینایی تێدا زۆرە ، ناوچەیەكی گەشت و گوزاری یە

---

[١] خەسرەو گۆران سەرچاوەی پێشوو

[١] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

[١] ــ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٢٧

لەبەهاراندا ، پێکهاتەی گوند کوردی شەبەك لەعەشیرەتی باجەلانی تێدایە لەگەڵ کوردی شەبەکی ڕەسەن لەدێرزەمانە تێیدا دەژین لەگەڵ هەندێ ماڵە عەرەب . زمانی ئاخافتنیان زمانی کوردی ڕەسەنە بەشێوە زاری ماچۆ تێکەڵاوە بە گۆرانی و سۆرانی لەری گوندێکی کۆنی کوردی شەبەکە داب و نەریت و کەلتووری خۆیان پاراستی یە[1] سەرژمێری دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ز ٤٠٥ کەس بوون[1] بەپێی ئاماری فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ز ژمارەیان ١٤٥٦ کەسە[1]

## ١٢ – دێرك ، دێرچ ، دێرکە ، دێرکی

واتای دێرك دێت : دڕك یان دیرە ڕێ ، ١٣ کم لەموسل دوورە لەسەر ڕێگای موسل شێخان ، شوێنەکەی کەونەئاوەدانی بوو سالی ١٨٨٥ علی ئاغای باجەلانی ئاوەدانی کرد ، علی ئاغا سەربازگەیەك و گرتوخانەیەکی تێدا دروست کرد بۆئەو کەسانەی لەژێرفەرمانی دەربچن علی ئاغا ناسراوبوو بەدلتێر و بەخشندە ، بەرگری دەکرد لەشەبەکی ستەملێکراو وەکو قەلغانێك بوو بەرامبەر دەرەبەگ و دوژمنانی شەبەك ،
شێوە زاری ئاخافتنیان کوردی ماچۆیە ،ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ز ٢١٠ کەس دەبن[1]

---

[1] ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٥٦
[1] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٢
[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٥
[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٤

لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٦ یەکەی ناوچەکە ئەنجامی دابوو ٣٠ کەس بوون [1]

## ١٣ – بایبۆخت ، بایبوخ

بایبوخ : باخی مەلیك (بستان الملك )[1]

بایبوخت : ووشەیەکی کوردی لێکدراوە بای + پوخت

بای بەواتای خودان واتە خاوەن دێت ، یان بای بە واتای بنکە یان سەنتەر دێت پوخت : کارێکی رێك و گونجاوە ، بای بوخت بەواتای خودان کاری پوختە دێت[1] دەکەوێتە سەر رێگای موسل _ شێخان بەلای باکوری رۆژهەلاتی موسل ١٠ کم لەشاری موسل دوورە ، کەسانی کوردی شەبەکی دەولەمەند تێدا دەژین پەیوەندییان لەگەل کاربەدەستانی موسل باش بوو رۆلێکی گرنگیان هەبوو لەدارشتنی نەخشەی سیاسی دەڤەرەکە لەسەدەی حەفتەمی پێش زایین ئاشووری یەکان دەستیان بەسەر داگرتووە پاشان کەوتە ژێر دەستهەلاتی میدیەکان ئەنجا ساسانی یەکان ، کەسانی هەشیار و بیرو هزر والای تێدا هەبوو پەیوەندییان زۆربەهێزبوو لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ناودارەکانی گوند ( علی ئاغا و حسن ئاغا و فازل ئاغا ) یەك لەدوای یەك سەرکێشی کوردی شەبەکیان دەکرد ، لەبەر هەندێ رەفتاری دەولەتی عێراقی بەرامبەریان خراپ بوو

---

[1] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٦

[1] ــمەلا سالم شەبەکی سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣

[1] ــ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەرەش

بەتایبەتی لەسەردەمی بەعس تووشی شالاْوی ئەنفال و ڕاگواستنەوەهاتن ، زەوی و ئەملاکیان دەستبەسەر کرا [1]

بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٦ ز دانیشتوانی گوند ٣٥٠ کەس بوون[1] سەرژمێرییان لەئاماری فۆرمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ز ژمارەیان ٧٥٠ کەس بوو[1] تاکو ئێستا شوێنەواری خانووبەرەی دەولەمەندییان پێوە دیارە زۆربەی دانیشتوانی لەعەشیرەتی باجەلانن لەتیرەی قزانلو گوندی بایبوخت قەلای کوردایەتی بوو لەشەبەکستان گوندی فازل ئاغای باجەلانی یە نەوەی علی ئاغای باجەلانی تیرەیەکە لەقزانلو شەهیدی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو[1]

## ١٤ – گوندی قەرەتەپە شەبەك

قەرەتەپە = قەرە + تەپە ، قەرە بەواتای ڕەنگی ڕەش ، تەپە : بە خرابە یان گرد دێت واتای دێت گردی ڕەش ، گردێکی مێژوویی کۆن دەکەوێتە باکوری گوند دولێن گەنجینەیەکی بەژمارەو مێژوو سەردەمی چەرخەکانی کۆنی تێدایە، هەتا ئێستا شوێنەوارناسان لەو گردەیان نەکۆلیتەوە توێژینەوەی لەسەر نەکرایە [1] دەکەوێتە سەر ڕێگای موسل _ عقرە بەلای ڕۆژهەلاْتی بەدووری ١٤ کم لەموسسل ، دانیشتوانی سوننە مەزهەبن لەگەل هەندێ شیعە مەزهەب ، لەنێوان خەلکی گوند

---

[1] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٠

[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٤

[1] ــ دکتۆر عاصم محمد سالم باجەلانی وتارێك ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢٨

[1] ــ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩

هەندێ کەس سەرگەرمی ڕێبازی بکتاشی و قزلباشی تێدایە پەیوەنییان لەگەل سەییدەکانی هاشمی هەیە ، کەسی سادەو نوکتە خوانیشی تێدا هەیە[١] لەسەرژمێری سالی ١٩٥٦ ژمارەیان ١٣٧ کەس بوو [١] لەئاماری فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ٣٦٣کەس بوو [١]

## ١٥ – قەرەتەپە عەرەب ، قەرەتەپەی باشوور

دەکەوێتە نزیك ئۆرسماق لەڕۆژهەلاتی موسل ، باجەلانی یەکان ئاوەدانیان کردبوو، لەبەر هەندێ ناکۆکی کۆمەلایەتی لەنێوان هەندێ کوڕی شەبەك و باجەلانی یان ڕوویدابوو ، هەندێ مالە عەرەبی عەشیرەتی جحێش خۆیان بەسەر گوندی سەپاند، هەموویان بەشێوازی ماچۆ دەپەیڤن ، ئاستی ئاوی ژێر زەوی نزیکە لەسەر ڕووی زەوی لەبەر هەندێ بوویتە هۆی زۆربوونی کاری کشت و کالی [١]

دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ١٩کم ،سەربەکارگێڕی ناحیەی بەرتلەیە ژمارەی دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ نزیکەی ١٦٨ کەس دانیشتوانی کوردی شەبەکی ڕەسەنن. هەروەکو گوندی قەرەتەپە لێك نزیك و زمان و خەلك و پێکهاتەی کۆمەلایەتی و شوێنەواری مێژوویی پێك دەچن لەسەر دەستی

---

١ ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل٦١

١ ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل١٨٠

١ ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٣

١ ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل٦٠

باجەلانی یەکان ئاوەدان کرایە[١] ١٨ کم دووره لە موسل دەکەوێتە خوارووی گوندی خرساباد مێژووی ئەو گوندە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخەکانی پێش مێژوو پاشماوەی قەلای تێدایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆناوەڕاستی هەزارەی سێ یەم پێش زایین، ئەو قەلایە لەلایەن میری کرابوو بنکەیەکی چاودێری ، هەروەها لەسالی ١٩٣٣ نوێنەری شوێنەوار لەپەیمانگەی ڕۆژهەلات لەزانکۆی شیکاگۆی ئەمریکی بەسەرۆکایەتی دکتۆر فرانکفۆرت بۆلێکۆلینەوە چەند مۆرو چەك و تەستەقولە دۆزرایەوە ، ناوی جنجی لەنوسراوەکانی مەلیکی ئاشووری سەنحاریب (٧٠٥ – ٦٨٦ پ . ز ) هاتیە[١]

## ١٦ – گوندی جنجی ، جنکجی ، جەم جی

ژمارەی دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ گەیشتبوو ٨٠ کەس[١]

دانیشتوانی جەم جی لەفۆڕمی خۆراکی ٢٠٠٣ ١٢٢ کەس بوو[١]

## ١٧ – گوندی سماقیە ، وەرسماق ، ئۆرسماق ، ئۆردی سماق

ئۆرسماق : وادیارە ئەو گوندە زۆر داری سماقی تێدا هەبووە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری موسل ١٦کم لەمووسل دووره لەسەر دەستی کوردی

---

[١] مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٣٤

[١] خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٢

[١] عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٤

شەبەك ئاوەدان کرایە گەڕیدەی بەناوبانگ نیبور لەسەدەی هەژدەهەم بەدۆلە سماقە ناوی بردووە ( وادی سماق )[1]

باجەلان گەل و کوردی شەبەك تێدا دەژین ، کێلگەی پەلەوەرو بیستان و چاندنی جۆراوجۆری تێدا دەکرێت ، خەلکی گوند بەشێوە زاری ماچۆ ی کوردی ڕەسەن دەئاخڤن [1] ،سالی ١٩٥٦ ژمارەی دانیشتوانی ١٦٠ کەس بوو بەپێی ژمارەی کارگێڕی [1] ، بەپێی ئاماری پسوولەی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ژمارەیان ٦٣٥ کەس بوو [1]

# ١٨ – گوندی تۆبزاوە

تۆبزاوە ووشەیەکی کوردی یە بەواتای ئەوشوێنە بەزەبری تۆبز ئاواکرایە چ بە زۆرە ملێ یان بەزەبروزەنگ ، لەدوو وشەی لێکدراو پێك هاتیە تۆبز+ئاوا. لێکدانەوەیەکی تر :تۆبز +زاوا، زاوا ڕوداوێکی لێکەوتبێ، یان دەلێن شوێنی تۆپخانە بووە[1]

، گوندێکی گەورەو ئاوەدانە،دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری موسل بەدووری چەند کیلۆمەترێك بەلای ڕۆژئاوای ڕێگای سەرەکی موسل _ هەولێر، لەبەر بوونی هەستی نەتەوایەتییان و پەیوەندی دانیشتوانی گوند بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو هەروەها دەستهەلاتی بەرچاویان لەڕووی

---

[1] ـ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٣٦
[1] ـ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٦٠
[1] ـ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨١
[1] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٤
[1] ـ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٣٧

ئابووری یەوە لە پارێزگای موسل کاردانەوەی نێگەتیڤی هەبوو لەسەریان[1] گوندێکی زۆر کۆنە لەسەردەمی ساسانی یەکان کوردی شەبەك تێدا ئاکنجی بووە کۆمەلە خرابە ( تەپە ) ی هەیە لێکۆلینەوەی شوێنەواری تێدا نەکراوە، بەلاّم لەئەنجامی هەلکۆلینی خەلکی ئاوایی هەندێ کەرەستەی کۆن دۆزرابۆوە نیشانەی ساسانی یان لەسەربوو[1]

لەسەرژمێری سالی ١٩٥٦ ژمارەی گوند ٤٦٠ کەس بوو[1]

بەپێی پسوولەی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ژمارەیان ٥٠٠٠کەس بوو[1]

## ١٩ – گوندی تەیراوا ، تەهراوە ، گهراوا

گوندێکی گەورەو ئاوەدانە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ١٣ کم گوایە ناوی ئەم گوندە لەناوی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر وەرگیراوە[1] زۆربەی دانیشتوانی ئەم گوندە لە عەشیرەتی زرارین، ناودااریان بایز عەلائەدین ئاغا و فارس عەلائەدین ئاغا لەهەردوو گوندی قەپەکیان و مامەخەلان ی سەربەپارێزگای هەولێر لەهەردوو بەرەبابی شێخ عەلائەدین ئەحمەد و شێخ یوسف ئەحمەد نەوەکانیان کەلەگەڕەکی تەیراوەی هەولێر دادەنیشن هاتبوون تەیراوەیان ئاوەدان کردی یە[1]

---

[1] ــ احمد شوکت   سەرچاوەی پێشوو  ل٦٩

[1] ــ مەلا سالم شەبەك  سەرچاوەی پێشوو  ل٣٧

[1] ــ خسرۆ گۆران   سەرچاوەی پێشوو  ل١٨١

[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی   سەرچاوەی پێشوو  ل٢٣٤

[1] ــ مەلا سالم شەبەك   سەرچاوەی پێشوو  ل٥٠

[1] ــ احمد شوکت   سەرچاوەی پێشوو  ل٦٩

نەوەکانی عەشیرەتی زراری لەگوندەکانی شەبەکان بەربلاوون وەکو گوندی بازوایا ، خرابە سولتان ، قەرقەشە ، دەراویش ، خەلکی تەیراوە هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی یان بەرچاوبوو هەرلەبەر هەندێ وەکو گوندەکانی تری شەبەکستان تووشی بەعەرەب کردن و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ هاتبوون

## ٢٠ – گوندی شێخ شیلی ، شێخ شیلان

شێخ شیلی لەناوی شێخێك وەرگیرایە گۆڕەکەی لەقەبرستانی گەورەی گوندی یە بەلای باکووری ، موسولمان سەردانی ئەو مەزارە دەکەن ، گوندێکی بچکۆلەیەو ئاوەدانە ، خاکەکەی بەپیت و بەرەکەتە دەکەوێتە لێواری ڕووباری خازر بەدووری ٣کم ، دەکەوێتە نزاری چیا زەردك ، کانیاوی زۆری تێدا هەیە قەبرستانێکی زۆر گەورەی هەیە نیشانەی هەندێ یە هەزاران سالە ژیان تێدا هەبووە بەتایبەتی برا ئێزدی یەکان تێیدا ژیاوون لەپێش چاخی ئیسلام ، مردووەکانیان لەقەبرستانێ بەرەو ڕۆژهەلات نێژرانە ، نیشانەیەکی بەلگە نەویستە ئێزدی لەوگوندە ژیاون ژمارەی دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ ٨١ کەس دەبوون [١]
ژمارەی دانیشتوانی بەپێی پسوولەی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ دا ٧٠کەس دەبێت[١]

## ٢١ – گوندی کانوونە ، کانی نوێ ، کانی نو

[١] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل١٨١

[١] ـــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٤

ناوی ئەو گوندە ووشەیەکی لێکدراوی کوردی یە کانی + نویٚ بوویتە کنوونە ، گوندێکی ئاوەدانی بچکۆلانەیە دەکەوێتە بناری چیای فازلی یە سەربە زنجیرە چیای باشیکە. دانیشتوانی کوردی شەبەکن ، دووبەرەبابی گوند تووشی کێشەیەکی کۆمەلایەتی هاتن چینێك لەگوندی باریان کرد مولکی خۆیان فرۆشتە هەندێ مالە عەرەبی حەدیدی ئێستا ئەو عەرەبانە لەگەل کوردی شەبەك لەگوندی ئاکنجینە[1] ژمارەی دانیشتوانی لە فۆڕمی خۆراکی ٢٠٠٣ ژمارەیان ٢٠٠ کەس بوو[1]

## ٢٢ – تێسخراپ کچکە، تێس خراپ ،

## تێس خراپ ووردیلە

تێس یان تێز ووشەیەکی کوردی پەتی یە ، لەکۆنەوە چەند جۆرە سیلاحێك هەبوون بەباروودی دەیان حەشاند مس یان پارچە ئاسنی لەشێوەی کەلا دەیانکردە تێدا لە ڕاست باروودەکەی لای دەرەوە شوێنێکی تایبەت هەبوو هەندێ باروودیان تێدەکرد و ئاگریان تێبەردەدا بەڕێگای کونێکەوە ئاگرەکە دەگەیشتە باروودی ناو لوولەی سیلاحەکە گڕی دەگرت و دەتەقی کەلامسەکەی ئاراستەی شوێنی مەبەست دەکرد، ئەگەر باروودی دەرەوە گڕی زووبگەیاندایە باروودی ژوورەوە دەیانگۆت تێسی ئەو چەکە سەرکەوتووە یان پێی دەگوترا تێس بەرتێسە

یان لەکۆنەوە ئاگریان بەبەردو بەردەئەستێ ئاگریان دەکردەوە ئەستێیان لەبەرد دەدا چروسکەی دەکەوتە سەرپووشی دار پفی لێدەکرا

---

[1] ــ نووسەری کتێب سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەڕەش

[1] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٥

دەبوو بە ئاگر ئەگەر زوو ئاگریان پێ پەیدا بکردایە دەیانگۆت تێس بەرتێسە واتە هەرزوو ئاگری کردەوە ، بەلام وادیارە ئەم گوندەیە تێسی سیلاح و ئاگر کردنەوەیان خراپ بووە و زوو بە زوو دەست حەل نەبووە ئامانجی خۆی نەپێکاندووە، هەر لەبەر هەندێ ناوی ئەو گوندە بوویتە تێس خراپ گوندێکی شەبەکە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ١٨ کم لەسەر دەستە چەپی ڕێگای کۆنی موسل _ ئاکرێ .

مەلا سالم شەبەك لەکتێبەکەی خۆی لاپەڕە ٤١[1] دەلێت:- گەڕیدە نیبور لەسەدەی هەژدەهەم ئەو گوندەی بە ینکجە ناوبردووە(

تێس خراپ ووردیلە هەروەها ناوی بە انکجە دەبەن دانیشتوانی لەکوردی شەبەك و هەندێ مالە تورکمان تێداهەنە ژمارەی دانیشتوانی لەپسوولەی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ بریتی یە لە ٢٦٧کەس [1](

ململانێی زۆر لەسەر زەوی کشت و کالی لەو گوندە ڕووی داوە بەتایبەتی خەلکی گوند لەگەلْ مالی نوجەیفی لەسەردەمی ڕژێم

گوندێکی بچووکەو ئاوەدانی تێدایە دەکەوێتە ناو دۆلێکی قۆر لەڕۆژهەلاتی گوندی تێسخراپی سەرەوە ،

شوێنی ئیمام ڕەزای لەخۆ گرتی یە ، لەیادەوەری یەکانی ئایینی کوردی شیعە سەردانی دەکەن،ناوچەیەکی گەشت و گوزاری جوانە بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا خەلکانی موسل و دەورووبەری سەردانی دەکەن کوردی شەبەك بەگوندی سەرەوە دەلێن تێس خراب بەگوندی خوارەوە دەلێن

---

[1] ـ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل٤١

[1] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٣

ئیمام ڕەزا ، گۆڕی ئیمام ڕەزا لەوێ نی یە بەلکو پێیدا تێپەڕیوە شوێنەواری کرایتە مزگەوتێکی گەورە [1] ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی ٢٠٠٣ لەپسوولەی خۆراك ١١٥٠ کەسە.[1] لەبەر ڕاسپاردەی سەرۆکی هەرێم بەڕێز مسعود بارزانی مزگەوتی ئیمام ڕەزا نووژەن و بەرفرە کرا خەرجی یەکەی لەئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو

## ٢٣ – تێس خراب

## ٢٤ – کانی کەوان / کانی کاروان

کانی کەوان = کانی + کەو کانی یەك لەو گوندە هەبی یە باڵندەی کەو ئاوی لێ خواردی یە ، کانی کاروان = کانی + کاروان ڕێگای هاتووچۆی بازرگانی بووە کاروانچی بازرگانی لەسەر ئەوکانی یە حەسایتنەوەو دەواری خۆیان ئاودایە ، گوندی کانی کەوان دەکەوێتە قەدپاڵی چیازەردك ٢٨ کم دوورە لەموسڵ کوردی شەبەك ئاوەدانیان کردووە ، شوێنەواری کۆنی تێدا هەیە بۆ ژاخەکانی کۆن دەگەڕێتەوە دەستی شوێنەوارناسانی نەگەیشتووتێ لەبەر نەخۆشی ڕێگای گوند.بەپێی سەرژمێری فۆڕمی خۆراکی دانیشتوانی گوند (٤٥ ) کەس دەبن [1]

---

[1] ـ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەیی _ بەردەڕەش

[1] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

[1] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٥

## ٢٥ – گوندی تلیارە :

گوندێکی بچووکە دەکەوێتە ڕۆژهەلآتی گوندی بایبوخت لەباکووری ڕۆژهەلآتی موسل .

تلیارە = تەل + یار ، گردێکی کۆنی مێژوویی لەناوەڕاستی گوندە دانیشتوانی باجەلان و ڕۆژبیانی و سەیدەکانی حەیدەری تێدا دادەنیشن هەموویان کوردی شەبەکن ، دوومزگەوت لەگوندی هەیە مزگەوتی تەوحید برا سوننەکان نوێژ لێدەکەن هەروەها حوسەینی یەی قەمەربن هاشم بۆ برا شیعەکان پەیوەندی کۆمەلآیەتی یان بەهێزە و خزمایەتی یان لەگەڵ یەکدی هەیە ، لەساڵی ١٩٧٦ قوتابخانە لەگوندی کرایتەوە ٢٠٠ قوتابی دەبێت هەروەها قوتابخانەی خوێندنی زمانی کوردی لەساڵی ٢٠٠٦ کرایتەوە ژمارەیان ٢٠ قوتابی دەبێت.

لەسالآنی هەشتاکان لێژنەیەکی شوێنەوارناسی عێراقی بۆمەبەستی لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری خرابەی گوند ١٠ ڕۆژ لەگوندی مابوونەوە ، چەند پەیکەرو گۆزەی جۆراوجۆریان دۆزیبۆوە مێژووی بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕایەوە لەدەسپێکی سەدەی بیستەم سەرلەنوێ ئاوەدان کرایەوە ڕووداوێك:خەلکی گوندەکانی دەورووبەری تلیارە بەهاوینان باڵندەیەکی زۆر ڕووی خۆیان دەکەنە لای خرابەی تلیارە ی ئێستا نزە ئاوێکی کەم هەبوو باڵندەکان دەورەیان لێدەدا بۆ خواردنەوە، هەلیان کۆلی دەبینن چالە ئاوێك بەبەردێکی گەورە سەرپۆش کرایە بەردەکەیان لادا چالێکی عەقد کراو ئاوێکی شیرینی تێدا، هەتا ئێستا هەرمایە بەچالی گەورە

ناودەبرێت پێش لێدانی بیری ئیتیوازی خەلکی بەکندڕی ئاویان لێدەکێشا بۆ خواردنەوەو مەڕو مالات[١]

ژمارەی دانیشتوانی گوند بەپێی فۆڕمی خۆراکی سالّی ٢٠٠٣ بریتی بوو لە ٨٤١ کەس[١]

## ٢٧ – گوندی عەباسی یە

گوندێکە کچکەیە ، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاّتی شاری موسل ، ئەو گوندە بەناوی عەباسی کوڕی عەلی کوڕی أبو تالب کرایە ، دایکی هەلگری ئالای حسێن بوو لەکارەساتی کەربەلا ئافرەتێکی خانەدان و چەلەنگ بوو دەناسرا بە قەمەری بەنی هاشم کەس نازانێ هۆی ناونانی ئەم گوندە بە ناوی عباس لە چ و کەی هاتی یە ، لەبەر پابەندبوون و خۆشەویستی کوردی شەبەك بەکەسایەتی عەباس ئەم گوندەیان بۆی ئاوەدان کرد وەکو هێمایەك لەهێمایەکانی شیعە ، لەڕۆژانی مانگی موحەڕەمی هەموو سالێك لەم شوێنە کۆدەبنەوەو خێرو خێرات دەکەن و دروشمەکانی حوسەینی یە دەلێن ،

هەروەها خەلکانی شەبەکستان لەڕۆژی یەکەمی جەژنی ڕەمەزان و لەڕۆژی دووەمی جەژنی قوربان لەگوندی عەباسی یە ئاهەنگ دەگێڕن و

---

[١] ــ لەزاری مامۆستا حیدر عبو سلمان ڕێڤەبەری خوێندنی کوردی لە گوندی تلیارە وەرگیرایە

[١] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٤

کوشتە دەکوژنەوەو بەسەر خەلکانی هەژارو کەم دەرامەت دابەش دەکەن ئەو شوێنە پیرۆزە لەبەهاران دەبێتە سەیرانگای دەڤەرەکە[1]

لەساڵی ١٩٥٦ بەپێی ئاماری یەکەی کارگێڕی ژمارەیان ٣٣ کەس بوو[1]

عەباسی یە گونێکی کوردی شەبەك بوو لەسەردەمی مەلەکی ١٩٢١ تا ١٩٥٨ هاتە بەعەرەب کردن کرایە مولك لەسەر ناوی هەندێ موسلاوی[1]

# ٢٨ – گوندی ئارپەچی / اربچیه

لەکۆنەوە گوندێك بوو لەڕۆژهەلاتی موسل لەقەراغ شاری بەلام ئێستا لەبەر پەرەسەندنی ئاوەدانی کەوتە ناو سنووری شارەوانی موسل هەرلەکۆنەوە کوردی شەبەك ئاوەدانی کردووە ئارپەچی کۆنترین گوندی عێراقی یە ئەوەش بەپێی یاداشتی پڕۆژفیسۆری ئینگلیزی میوان لەسالی ١٩٣٣ لێکۆلینەوەی شوێنەواری لەسەر گردی ئارپەچی کردبوو بەدیارکەوتبوو کۆنترین گوندە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زایین لە گۆرگیس عەوواد وەرگیرایە[1] . ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری یەکەی کارگێڕی سالی ١٩٥٦ ٢٠٠ کەس بوو[1]

---

١ ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری بنەڕەتی_ بەردەڕەش

١ ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٩

١ ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

١ ــ مەلا سالم شەبەکی سەرچاوەی پێشوو ل ٦٠

١ ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٠

،.ژمارەی دانیشتوانیان بەپێی فۆڕمی خۆراکی ٢٠٠٣ ژمارەیان ١٥٠٠ کەس بوو[١]

## ٢٩ – گوندی ئۆلمش

گوندێکی کوردی شەبەك بوو لەقەراغ شاری موسل بەلای ڕۆژهەلاتی ئاوەدان کرابوو بەلام لەبەر پەرەسەندن و ئاوەدانی لە ناو شاری موسل گوندی ئۆلمش کەوتە بەر سنووری شارەوانی موسل هەردوو گەڕەکی (مەصارف و قاهیرە ) هەروەها گەڕەکی برید ( پۆستە ) گوند و هەقاری گوند ئاواهی پێشکەوتووی لەسەر دروست کرا .

## ٣٠ – جیلە ، باجبارە ، باجباری

ناوی گوندێکی شەبەکان بوو دەکەوێتە ڕۆژ هەڵاتی موسل بە دووری یەك میل یاقوت الحموی لەکتێبە بەناوبانگەکەی باسی ئەو گوندەی کردووە دەکەوێتە سەر ڕووباری خەوسەر بازاڕێکی تێدا هەبوو لەبەر بەرین بوونی سنووری شارەوانی موسل ئەو گوندە لەسەر نەخشە قووت درا شوێنەواری نەمایە ئەو گوندەیە هاتە دامەزراندن لەدوای ڕووخانی ئیمبراتۆری یەتی ئاشووری لەسەر دەستی میدی یەکان و ساسانی یەکان هەرلەکۆنەوە گوندی کوردی شەبەك بووە[١] چەند گوندێکی تر هەیە لەکۆنەوە گوندی شەبەك بوون بەلاّم لەبەر بارودۆخی سیاسی تەعریب کرانە یان کاولْ بوونە سەربەناحیەی باشیکە ئەوانەن

---

[١] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٥

[١] ئەحمەد شوکەت سەرچاوەی پێشوو ل ٥٩

٣١ – **گوندی ئەسقۆف لەساڵی ١٩٥٧ هاتە بەعەرەب کردن**

٣٢ – **باعەدرێ لەکۆنەوە گوندی برا ئێزدی یەکان بوو**

**دەکەوێتە بناری چیا زەردك لەسەر لێواری ئاوی خازر**

**شەبەکی تێدا هاتە ڕاگواستنەوەو عەرەب لەسەر نیشتەجێ بوون**

٣٣ – **خراب دەلیل عەرەب تێدا دادەنیشن**

٣٤ – **حەسار** هەندێ خانەوادەی عەرەبی ساڵی ١٩٣٥ لەو گوندە ئاکنجی بوو

٣٥ – **قۆپان لەسەردەمی مەلەکی عەرەب تێدا دادەنیشن**

٣٦ – **پیر حەلان** ئەو گوندەش شەبەك تێدا دەرکران عەرەب لەوێ ئاکنجی بوون

٣٧ – **شەرەف حەیران لەسالی ١٩٥٧ عەرەب تێدا دادەنیشن**

٣٨ – **گوندی گوداد گوندێکی شەبەکانە مولکی یەتی ئەو گوندە بۆ عەزیز ئاغای ناوەران دەگەڕێتەوە عەرەب تێدا دادەنیشن پشتی ڕاگواستنەوەی خەلکی گوند بۆ کۆمەلگای چڕە**

٣٩ – **شۆڕك** **لەسالی ١٩٥٧ عەرەب تێدا نیشتەجێ بوو ن و هەندێ لەزەوی کشت و کاڵی ئەو گوندە خرایە سەر گوندی فازلی یە ئەوەش ناوی چەند گوندێکی شەبەکستانە کاول بووە و ئاوەدان نەکراوەتەوە لەوانە شێخ بەگ و کەندالەسۆر**[1]

[1] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

# گوندەکانی شەبەکستان لەقەزای حەمدانیە سەربە ناحیەی بەرتلە

## ١ – گوندی خەزنە ، خەزنە تەپە :

گوندێکی بەپیت و بەرەکەتە پێی دەڵێن خەزنە یان دەلێن لەبن خرابەی گوند خەزێنەیەکی گەورە شرایتەوە لەرۆژهەلاتی گوند هەرلەبەرهەندێ پێی دەلێن خەزنە تەپە لەسالی ١٩٢٧ لێکۆلینەوەی شوێنەواری لەو گردە ئەنجام درا زۆر شتی کۆن دۆزرایەوە گەریدە نیبوری ئەڵمانی پێیدا رۆیشتبوو لەسالی ١٩٥٦ بەپێی یەکەی کارگێری ژمارەیان ٤٩٢ کەس بوو[١] . بەپێی پسوولەی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ژمارەیان ٦٠٠٠کەس بوو[١] . گوندی خەزنەتەپە بازنە ئاسایی یەو شوێنێکی ستراتیژی هەیە لەسەر رێگای موسل هەولێر هەروەها دەکەوێتە نێوان بەرتلە باشیك سەرەرای هەندێ رێگای دهۆك_هەولێر بەناو گوند تێدەپەرێت سالی ١٩٨٨ ٨٨خانی رفێندران و خەلکەکەیان راگواستەوە بۆ دەشتی هەولێر.

## ٢ – گوندی بازگرتان بازگرتان = باز+گرتن

بەواتای راوی باڵندەی بازی تێدا کراوە ئاوی ژێر زەوی شیرینەوسەرعەردە لەبەرهەندێ شینایی زۆری تێدەکرێت ٣٠کم لەشاری موسل دوورە دەکەوێتە سەررێگای هەولێر نزیك گوندی تەرجلەیە

---

١ ــ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

١ ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

## ٣ – باشبیپە ، باشمنایا ، باشبیپا :

ئەوگوندە مێژوویەکی کۆنی هەیە ناوەکەی مەسیحی یە لەکۆنەوە ناصارا تیّدا ژیاون بەلاّم ئیّستا کوردی شەبەك تیّدا دەژین ژمارەی دانیشتوانی لەسالّی ١٩٥٦  ٥٥٩کەس بووە[١]

ژمارەی دانیشتوانی بەپیّی فۆڕمی خۆراکی ٢٣٠کەس بووە .

## ٤ – منارە :

گوندێکە لەگوندەکانی کوردی شەبەك ١٥کم دوورە لەموسل ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندە بۆ سەدەی هەڤدەی زایینی دەگەڕێتەوە چونکە لەباکووری ئەو گوندە شوێنەواری کاوەلە گوندێکی گەورە دیارە خودان بازاڕێکی گەورەبووە بەمنارە ناودەبرێت لەبەر ئەوەی شێوەی دروستکردنی خانووەکانیان قووچەکی بووە لەشێوەی خانووەکانی سەردەمی ساسانی یەکان دەچێت لەسەر دەستی سەید جەعفەری دووەمی کوڕی سەید محمد تەکیەکی بەکتاشی لەگوندی دروستکرا وانەی ئایینی و لەبەرکردنی قورئان خوێن تێدا دەخوێنرا بەرێگای ئەو تەکیەیە تەکیەی تر لەگوندەکانی دەوروبەری منارە بلاّوبووە هەستی ئایینی لەناو خەلکی ئەو گوندە بەرزوبەرچاوە[١]

، زۆرکەسی ئایین پەروەر و ڕۆشنبیر و هۆزانڤان پەیدابوون لەوانە ئەندازیار محمد ، جەمشید عبدالله ڕۆلێکی گرنگی ڕامیاری و ڕۆشنبیری

---

[١] ــ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٤

[١] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

هەبوو ژمارەی دانیشتوانی گوند بەپێی پسوولەیخۆراکی ٢٠٠٣ زیاتر لە٣٢٠٠کەسە[١]

٥ – گوندی جلیوخان ، جریوخان ، جیلوخان:

چلیوخان= چل+خانە بەکەسێك دەگوترێت چل شەوو ڕۆژ خەلوەی بکێشیت و خواپەرستی و نزای تێدا بکات ، یان جلێو + خان دەلێن جلیو ناوی سەرکردەیەکی لەشکری نادر شاه بوو لە کاتی گەمارۆدانی موسلدا ، خان بە واتای شوێنی تەوێلەی دەوارەکانی لەشکربووە ،هەرلەکۆنەوە کوردی شەبەك تێدا ژیاون دەڵێن سەرلەشکری فارس جلیوخان سەرکێشی لەشکری فارسی دەکرد لەهێرشی نادر شا بۆسەر موسل دەڵێن جیلوخان لەوگوندە مردی یە ناوی لێنرایە جیلوخان (سەمعانی) دەلێت جیلوخان کوردێکی لۆڕستان بوو ژمارەی هەرەزۆری لەشکری نادر شا بۆسەرموسل لەسەردەمی عبدالفتاح بگ الجلیلی زۆربەیان کوردی لۆڕستان بوون[١]

## ٦ – گوندی شهرزاد :

شهرزاد = شار + ئازاد ، یان شارێکی پڕزاو واتە بەپیت و بەرەکەت و دەولەمەندە گوندێکی بچووکە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ٧کم ئێستا دەکەوێتە تەنیشت گەڕەکی ئینتیسار ( حی الانتصار ) دانیشتوانی کوردی شەبەکن زۆربەیان لەهەردوو عەشیرەتی باجەلان و ئیسماعیل وەندن. ژیانیان لەسەر کاری کشت و کالی و بەخێوکردنی مەڕومالاتە پشت دەبەستن بەئاوی بارانی وەرزی زستان گەنم و جۆیان بەناوبانگە تەمەن

---

١ ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

١ ــ أحمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢

درێژەکانی ئەو دەڤەرە دەگێڕنەوە یەکەم کەس ئەو گوندەی ئاوەدان کرد خوالێخۆشبوو شکری الیاس محمد بوو لەگوندی زەهر خاتوون باری کردبوو گوندی شهرزادی ئاوەدان کرد[٢]

ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠ (١١٥٠)کەسە[٢]

## ٧ — تەبرەق زیارەکۆن ، تەبرەق زیارەی بچووك

تۆبراق=کۆمەلەکەسێکی جۆراوجۆر ، واتە کۆمەلەکەسێکی جۆراوجۆر سەردانیان کردی یە. گوندێکی کچکەی ئاوەدانە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ١٢کم ئەوگوندە کەونترە لەتۆبرەقی گەورە چونکە گەڕیدەی ئەلمانی نیبۆر لەکتێبەکەی باسی کردووە ، ئاوی تالە و ژیانیان لەسەر کاری کشت و کالی یە پشت دەبەستن بەئاوی بارانی زستانە ژمارەیان بەپێی فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ (٧٥٠) کەس بوو[٢]

## ٨ — گوندی لەك

بەواتای ژمارەیەکی زۆر و کۆمەلەیەکی گەورە دێت مێژوو نووس و گەڕیدە بیانی یەکان باسی ئەو گوندەیان کردووە یاسین العمری دەڵێت زەوی یەکەی خرایتە سەر وەقفی نبی یونس پێغەمبەر (علیە السلام )[٢]

---

[٢] ــ یاسین حسن گۆران نووسەری کتێب

[٢] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

[٢] عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

[٢] ــ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٤٦

دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی موسل بەدووری ١٥ کم کوردی شەبەکی ڕەسەن لێدادەنیشن لەعەشیرەتی باجەلانن ڕژێمەکانی پێشتر هەولێکی زۆریان دابوو بۆ ڕەشکردنەوەی سیماو ناوی کورد لەو گوندە بە ناوی باجەلانیان گۆڕی بە بێجوان بۆسەپاندنی ناوی عەرەبی و تاواندنەوەی هێماو نیشانەکانی کوردی شەبەك لەوگوندەیەو گوندەکانی تری شەبەکستان ژمارەی دانیشتوانیان بەپێی سەرژمێری یەکەی کارگێڕی ١٩٥٦ ٢٤٩ کەس بوو[٢] گوندێکی بەناوبانگە بەکاری کشت و کالی و یەك لەدەی بەرهەمی خۆیان پێش کێشی مزگەوتی نەبی یونس دەکرد چونکە گوندەکە وەقف بوو.

## ٩ – گوندی باسخرە، باسفرا ، باسقرا

باسخرە با=خودان ، سخرە: کاری زۆرەملێ خودانی گوند بەکاری زۆرەملێ قەسروخانووبەرەی ئاوەدان کردی یە. گوندێکی گەورەیە دەکەوێتە بناری چیا زەردك دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر، دانیشتوانی زۆرتریان کوردی زەنگەنەیە لەبن چەتری شەبەك دەژین هەروەها عەشیرەتی باجلان تێدا دەژین بەشانازی یەوە هەموویان خۆیان بەکوردی شەبەك دادەنێن دەلێن لەکۆنەوە باغ و بیستان و داری بەری زۆر هەبووە بەتایبەتی دار مێو ترێی تاکو وەرزی زستان دەما شێوە ئاخافتنیان بەزاری ماچۆ دەپەیڤن نزیکە لەشێوەزاری گۆرانەتی سەربەقەزای بەردەڕەش،چونکە پەیوەندی کۆمەلأیەتی و هاتووچۆلەنێوانیان موکوم

[٢] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٧

و بەردەوامە. ژمارەیان لەپسوولەی خۆراكی سالی ٢٠٠٣ دانیشتوانەكەی ٢٥٠٠كەس دەبوو[١]

## ١٠ – گوندی تەرجلە

ترجلە: تەڕ + جلە ، تەڕ بەدەوام خاكی تەڕەو شهە ئاوی هەیە ، جلە بەواتای گیای شین واتە شینكەی هەیە، ناوەكەی بەگیای شین و تەڕ دێت بەتایبەتی لەكۆتایی وەرزی بەهار و وەرزی هاویندا ، لەو گوندەیە شەڕێك ڕوویداوە لەنێوان لەشكری زین الدین مسعود الزنگی و یوسف كوڕی علی كوچك لەسالّی ٥٠٨ ی كۆچی لەشكری یوسف بەسەر لەشكری زەنكی یان كەوتبوو گوندی تەرجلە یاقوت الحموی باسی كردووە گوندێكی زۆر كۆنەقۆناغ بووە بۆ حەسانەوەی قافلەو بازرگانی لەڕۆژهەلاّت بەرەو ڕۆژئاوا دەچوون هەر لەكۆنەوە كوردی شەبەك ئەو گوندەیان ئاوەدان كردووە شوێنێكی ستراتیژی هەبووە لەسەر ڕێگای حریر بووە ، كوردی باجەلان و زەنگەنە تێدا ئاكنجی بوونە ، لەئاماری سالّی ١٩٥٦ بریتی بوون لە ٢٣٢كەس[٢]

## ١١ – گوندی شاقولی

شاقولی : شاه + قولی ، قولی ناو شاه بەو گوندە تێشەڕیوە گوایە نادر شاه بووە لەسالّی ١٧٤٣ كاتێ لەشكری بردبوو سەر شاری موسل بۆ داگیر كردنی لەو گوندە ڕاوەستابوو هەروەكو مەلا سالم شەبەك دەلّێت: كاتێ گەڕیدەو مێژوو نووس ریح لەئاوی خازر پەڕیبووەوە گوندی شاقولی

---

[١] ــ عبدالفتاح علی یحیی   سەرچاوەی پێشوو  ل ٢٣١

[٢] ــ خسرۆ گۆران  سەرچاوەی پێشوو    ل ١٧٥

دیتبوو کەدەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر _ موسل بەدووری ۳۰کم گوندێکی هاوچەرخە جۆگە ئاوێك بەناو گوندی دەڕوات بۆکەرمەلێس دەچیت مافی خەلکی گوندی شاقولی نی یە ئەو ئاوە نەبۆ کاری کشتوکالی بەکاربینن ، نەبۆ خواردنەوە ئاوەکە کبریتی یە ناخورێتەوە وادیارە ئاوەکە زێڕکرە تەنها مافی گوندی کەرمەلێسە[۲]

## ۱۲ – گوندی موەفەقی یە

موەفەقی یە گوایە کەسێکی گوندی تەیراوە ناوی موەفەق بووە ئەو زەوی یەی کڕی یە لەبەر ئەوەی نزیك گوندی تەیراوا بوو سەربەهەقاری وان بوو بوویتە گوند بەناوی موەفەقیە ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆڕمی خۆراکی ۲۰۰۳ (۱۵۰۰) کەس دەبیت

## ۱۳ – گوندی توبرەق زیارە

هەمووچینە کەس و ئایین سەردانی دەکەن ، شوێنێکی پیرۆزە لای ئیزدیی یەکان ئەوان لەیادەوەری یەکانیان سەردانی دەکەن و کوردی شەبەك تێدا ئاکنجینە لەو گوندەیە پێشبڕکێی سوار بازی ماین و هەسپ تێدا ئەنجام دەدرا ژمارەی دانیشتوانیان لەئاماری ۱۹۵٦ دەگەیشتە ۱۸۷کەس[۲]

---

[۲] ــ یاسین حسن گۆران نووسەری کتێب

[۲] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ۱۷٥

## ١٤ – گوندی ئالی ڕەش ، عەلی ڕەش

بەواتای عەلی ڕەش دێت شوێنی ئیمام عەلی کوڕی ئیمام حسین کوڕی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالب لەو گوندەی هەیە لەکارەساتی عاشوورا لەگەڵ باوکی بوو لەو سەردەمی تەمەنی ٢٣ساڵ بوو بەڵام ئەوەی ڕاست و دروستە گۆڕی ئیمام علی حسین علی ابی تالب لە قەبرستانی بەقیع لەمەدینەی مونەوەرەیە لە سعودیە لەڕۆژانی مانگی موحەڕەم زۆر لەکوردی شەبەکی مەزهەب شیعە سەردانی ئەو گوندە دەکەن ، هەر وەکو پایتەختێکی ئایینی شەبەکستان لێهاتی یە.[٢]

## ١٥ – گوندی شێخە میر ، شێخ ئەمیر

ئەو ناوە لەناوی شێخ و میرەکانی ئێزدی نزیکە، لەکۆنەوە هێماو نیشانەی ئایینی زەردەشتی یەکان وەکو ئاگردان لەباشووری خرابەی گوندی دیارە ، ٢٥کم لەشاری موسل دوورە لەسەر ڕێگای هەولێر لەلای باشووری ڕێگا،لەکۆنەوە دەرگای ڕۆژهەڵات بوو،ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی١٩٥٦ بریتی بوو لە ٢٣٩کەس بەپێی ئاماری کارگێڕی ناوچەکە[٢] ژمارەی دانیشتوانی لەپسوولەی خۆراکی ٢٠٠٣ ( ١٧٥٠ ) کەس بوو[٢]

---

[٢] ــ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٥٢

[٢] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٤

[٢] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

## ١٦ – گوندی قەرەشۆڕ

قەرەشۆڕ: قەرە+شۆڕ واتە زێدە شۆڕە یان ڕەشی شۆڕە واتە خاکەکەی ڕەش و شۆڕە سوێرە. گوندێکی کۆنی شەبەکە ٢٥کم لەموسل دوورە دەڵێن لەسەدەی حەڤدە هەندێ لەجوتیارانی گوندی بلاوات هاتوون ئەوگوندەیان ئاوەدان کردووە.

## ١٧ – گوندی یارمجە

یارمجە: یارم + جێ ، یارم لەو شوێنە بووە

دەکەوێتە باشووری موسل لەسەر ڕووباری دیجلەیە ئێستا کەوتۆتە ناوسنووری شارەوانی موسل ، هەرلەکۆنەوە کوردی شەبەك ئاوەدانیان کردبوو لەودواییانەدا هەندێ ماڵە عەرەب و تورکومانی دەرەبەگ لەم دواییەدا هاتبوون تێدا ئاکنجی ببوون خەڵکەکەی زۆربەیان لەدادگای موسل بەشاهید نەدەچوون چونکە زۆربەیان کۆتر و باڵندە بازبوون.

## ١٨ – گوندی شمس یات:

ژمارەی دانیشتوانی ٢٧٥٠کەسە لەوانە ٤١٠ کوردی شەبەکن ڕێژەی دانیشتوانی ١٥٪ شەبەك ٥٠٪تورکمان ٣٥٪عەرەبن.

## گوندەکانی قەزای حەمدانیە

## سەربەناحیەی نەمرود ئەوانەن:

### ١ – گوندی عمرەکان ، ئومەرەکان :

لەناوی کەسێك هاتی یە عومەر یان ئۆمەر بوون ، دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی موسل لەسەر ڕێگای کەرکوك، گوندێکی گەورەی شەبەکستانە پێش چەند هەزار ساڵە ئاوەدان کرایە پێکهاتەی کۆمەلایەتی لەچەند بەرەبابێکی باجلانی و قازانلۆیی و هەنێ کوردی شەبەك پێك هاتی یە ، مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە لەبەرەنگاربوونەوەی ناحەزان و زمان و داب و نەریتی کۆمەلایەتی خۆیان لەدەست نەداوەو پاراستوویانە. ژمارەی دانیشتوانی لەئاماری ساڵی ١٩٥٦ دەگەیشتە ٥٣٨کەس[٢] بەپێی سەرژمێری فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیان ٣٨٠٠کەس دەبوون ، ئەگەر ژمارەیان ٤٠٠٠ کەس بێت ڕێژەی شەبەك تێدا ٩٥٪ ئەوەی تر هەندێ ماله عەرەبی تێدا دەژین[٢]

### ٢ – گوندی قەرقەشە :

قەرە قەشە: قەرە + قرشە واتە: زۆر بە قرشە و پەەش و پەلاخە ، یان دێت بەمانای تەشویش و ئاژاوە، بەلأم مانای یەکەم دروستترە. دوورترین گوندە لەموسل دەکەوێتە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی شەبەکستان لەسەر ڕووباری ئاوی خازرە ، گوندێکی زۆر کۆنە، گوندێکی بەناوبانگە

---

[٢] ـ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

[٢] ـ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٢

بەچاندنی گەنم و جۆ و پڕ پیت و بەرەکەتە لەبەرهەندێ بەردەوام ناکۆکیان هەبووە لەگەڵ کەسانی دەرەبەگ بۆ داگیرکردنی زەوی و زاری کشت و کالییان، لەساڵی ١٩٥٦ ژمارەیان ١٧١ کەس بوو [١] گوندی قەرقەشە کوردی شەبەك و کاکەیی و تورکومانی تێدا هەیە حسین ئاغا و حسن ئاغا مولکداری گوند بوون هەندێ مالە تورکمانیان هێنابوو گوند بۆ ساغبێری کاری کشت و کالی وەکو ڕێنجبەر دوای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی کشت و کالی تورکومان بوونە خاوەن زەوی و لەگوند مانەوە . بەرەبابی گەورەی گوند نەوەی ڕشید ئاغا لەعەشیرەتی زراری ، ناکۆکی بەردەوام هەبوو لەنێوان ئاغاکانی گوند و محمد نجیفی لەسەر زەوی کشت و کالی گوند.

## ٣ – گوندی خرابە سولتان

گوندی خرابە سولتان دەکەوێتە سنووری ڕۆژهەلاتی شەبەکستان بەدووری ٤٠ کم لەموسل ، گوندێکی کۆنی کوردی شەبەکە ، خەلکی گوند بەهێز و توانای خۆیان توانیان دژی مالی نوجێفی ڕاوەستن ، یەکڕیزی گوند وایکرد زەوی کشت و کالی گوندی خۆیان لەدەست دەرەبەگەکان بپارێزن و بەتایبەتی مالی نوجێفی ژمارەی دانیشتوانی ٢٢٧ کەسن بەپێی ئاماری سالی ١٩٥٦ [١]

---

[٢] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

[٢] ــ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

## ٤ – گوندی تەل عاگوب، گردی ئاقوب ، گریاقوب

گوندێکی گەورەو کۆنی کوردی شەبەکە دەکەوێتە باشووری موسل لەسەر ڕێگای کەرکوك بەلای ڕۆژئاوای ڕێگا پێکهاتەی کۆمەلایەتی گوند کوردی شەبەك و چەند بەرەبابی بەجەلانی و لەگەل هەندێ تورکومان

## ٥ – گوندی شنف:

دەکەوێتە دوورترین ڕۆژهەلاتی شەبەکستان،کوردی شەبەك و عەرەب تێدا دەژین ، مالە عەرەبەکان لەدوای هاتنی ئیسلام هاتنە گوند. ژمارەی دانیشتوانی ٧٥٠کەس دەبێت لەوانە ٧٥کەس کوردی شەبەکن ڕێژەیان بەم شێوەیە ١٠٪کوردی شەبەك ٦٠٪ عەرەب ٣٠٪ تورکومان[٢]

## ٦ – گوندی پلاوات ، بلا باذ ، بلەوات

لەزمانی ئاشووری بلاتۆ بە مانای ژیان دێت بەکوردی بەواتای خاکێکی بەپیت و بەرەکەت[٢] دەکەوێتە باشووری موسل بەدووری ٢٥کم زۆربەی دانیشتوانی کوردی شەبەکن لەچاخەکانی پێش زایین ئاوەدانیان کردووە یاقوت الحموی لەکتێبەکەی بە (بلاباژ) ناوی بردووە[٢] لەسالی ١٨٧٨ لەشوێنەواری گوند دەرگای قەسری مەلیك شلمانسەری ئاشووری دۆزرایەوە وێنەو ڕووداوەکانی مێژوویی لەسەر نوسرابوو.

---

٢ ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٢

٢ ــ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٥٧

٢ ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢

گوندی بلاوات دەکەوێتە نێوان دێرماربهنام و قەرەقوش نزیکەی ٢٠٠کوردی شەبەك تێدا ئاکنجینە دەلێن:پێش ڕێگای ئەسکی کەلەك بکرێتەوە ڕێگای کۆنی هەولێر و موسل بووە ، خانێکی هەبووە قافلە و کاروانی بازرگانان تێدا حەسایتنەوە ، هەروەها دەرگای قەسری هاوینی مەلیکی ئاشووری شەلمانسەری سێ یەم (٨٥٨ – ٨٢٤ ) پ . ز فەرمانڕەوایی کردووە لەسالی ١٨٧٧ دۆزرابۆوە ژمارەی دانیشتوانی سالی ١٩٥٦ گەیشتبوو ١٨٧کەس[٢] . ژمارەی دانیشتوانی کوردی شەبەك ١٧٥کەسە بەلام ژمارەی گشتی گوند٣٥٠کەسە نیوەی دانیشتوانی عەرەبن لەسالی ١٩٥٧ هاتوونەتە گوند[٢]

## ٧ – سەلەمێ ، سەلامیە:

دەکەوێتە باشووری شەبەکستان ، شارۆچکەیەکی گەورەیە ، لەسەر لێواری ڕووباری دیجلەیە ، گەنم و جۆو داری بەڕی هەیە بەچاندنی شفتی و گندۆرە بەناوبانگە پێکهاتەی کۆمەلایەتی لە شەبەك و عەرەب و تورکومان پێکهاتووە. ژمارەی دانیشتوانی بەهەموویان دەگاتە ٢٦٠کەس بەپێی ئاماری پسوولەی خۆراکی ٢٠٠٣ .

## ٨ – بەساتلی ، خدر و الیاس. :

دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەلاتی موسل ، نزیکە لەڕووباری خازر گونجاوە ببێتە بنکەیەکی بازرگانی ، زۆربەی دانیشتوانی ، زۆربەی دانیشتوانی کوردی شەبەك و کاکەیینە ، لەگەل هەندێ مالە عەرەب و تورکمان مۆرك

---

[٢] ــ خسرۆ گۆران　　سەرچاوەی پێشوو　　ل ١٧٤

[٢] ــ عبدالفتاح علی یحیی　　سەرچاوەی پێشوو　　ل ٢٣٢

و نەریتی کوردەواری بەخەلکەکەی دیارە ، هەندێ لەباجەلانی (جمور) تێدا دادەنیشن ، زمانی ئاخافتنیان بەشێوەزاری ماچۆی کوردی یە.

**٩ – قزفەخرە ، بافخاری ، قصر :**

تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کوردی شەبەك لێدادەنیشن بەلام لەدووای جێ بەجێ کردنی یاسای دابەشکردنی زەوی کشت و کالی ، عەرەب و تورکمان خۆیان هاویشتە تێدا و داگیریان کرد، دەکەوێتە باشووری موسل بەلای ڕۆژئاوای ڕێگای موسل – کەرکوك ، لەڕووباری دیجلە نزیکە.

**١٠ – گوندی قەرەتاغ :**

ژمارەی دانیشتوانی ١٢٠٠ کەس دەبێت زۆربەیان تورکمانن چەند مالە شەبەکێك تێدا دادەنیشن ژمارەیان ٦٠ کەس دەبێت[2]

ئاخافتنی دانیشتوانی بەشێوەزاری ماچۆ و تورکمانی کۆنە. گوندێکی شەبەکستانە ، کوردی شەبەك و عەرەب تێدا دەژین ژمارەی شەبەك ١٠٠ کەس دەبێت

**١١ – حاوی ئەرسەلان**

---

٢ ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٢

# گوندەكانی سەربەناحیەی كەلەك

## ١ – ئاچ قەلا ، ئاش قەلا :

ئاژ قەلا : بەواتای سێ قەلا دێت ، ئاش قەلا : ئاش + قەلا ، دەكەوێتە سەر ڕووباری خازر دیارە لەكۆنەوە ئاشی ئاوێ لەپال قەلابووە كوردی شەبەك ئاوەدانیان كردووە ، كاولە ئاشی ماوە ، گوندی ئاشقەلای ئێستا لەبەرزتر ئاوەدان كرایتەوە لەسەر ڕۆخی خازر.لەسالی١٩٨٨ گوندی ئاش قەلا هاتە تەعریب كردن ،بەلام لەدوای ئازادی عێراق خەلكەكەی پێشوو گەڕانەوە زێدی باب و باپیرانیان.

## ٢ – گوندی موفتیە :

مفتی ئەوكەسەیە كە شلۆڤەی پرسە ئایینی یەكان لێك دەداتەوە كێشەكان یەكلایی دەكاتەوە ، موفتی نازناوی خانەوادەیەكە كەمالی موفتی دەلێن عبدالعزیز موفتی موسل ، لەسەر دەستی چەند جوتیارێك ئەو گوندەی ئاوەدان كردەوە ، كوردی شەبەك تێیدابوون دەیەكی بەرهەمی كشت و كالی خۆیان بەمالی موفتی دەدا، ژمارەی دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ دەگەیشتە ١١٠كەس[٢]

## ٣ – گوندی كەبەرلی :

كەبەر:ناوی جۆرە ڕووەكێ:ی وەرزی یە كەلەسەر قورمی خۆی دەبێت زۆر بەدڕكە ، گوندێكی گەورەو ئاوەدانە. خرابەیەكی دێرین دەكەوێتە نزیك

---

[٢] خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

**گوندی چەند کەلوپەلی کۆنینە تێدا دۆزرایتەوە، دانیشتوانی پێکهاتی یە لە کاکەیی و کوردی شەبەك سەدان سالە پێکەوە ژیان دەکەن ژمارەی دانیشتوانی سالی ١٩٥٦ گەشتبووە ٣٨٣کەس[٢]**

## ٤ – گوندی بەدەنەی گەورە ، بەدەنەی سەروو

**بەدەنە : گیاییێکی پڕ خێر و بەرەکەت دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر لەڕۆژهەلاتی موسل نزیکە لە ڕووباری خازر . ژمارەی دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ گەیشتە ١٩٧کەس[٢] .بەپێی ئاماری فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ژمارەی دانیشتوانی ٩٥٠کەس دەبێت[٢]**

## ٥ – گوندی بەدەنە کچکە :

**هەردوو گوند لێك نزیکن ، بەلام بەدەنە کچکە کۆنترە ئاوی شۆڕەو نزیکە لەڕووباری خازر ژمارەی دانیشتوانی لە سالی ١٩٥٦ بریتی بوو لە ٢٣٨کەس[٢]**

**ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ ٦٥٠ کەسە[٢]**

---

[٢] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

[٢] ــ خەسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٤

[٢] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

[٢] ــ خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٤

[٢] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣١

## ٦ – گوندی زەهرە خاتوون

گوندێکی گەورەیە ئاوەدانی شەبەکستانە ، ٢ کم لەئاوی خازر دوورە و دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی موسل بە دووری ٣٥ کم گەڕیدەی بەریتانی (ریج) ئەو گوندەی ناوهێنایە بە (سارە خاتوون) گەڕیدەی ئەلمانی (نیبور) ئەوگوندەی ناوبردی یە بە (بەردی خاتوون) (صخرە خاتوون) ، گوندێکی کشت و کالی یە لەوەرزی زستان گەنم و جۆ دەچێنن پشت دەبەستن بەئاوی باران لەوەرزی هاوین شینایی دەچێنن بەئاوی خازر ، هەندێ کەسانی دەولەمەندی موسل زەوی و زاری گوندیان لەسەر ناوی خۆیان تۆمار کردبوو بەرامبەر ئازاد کردنی مندالیان لەخزمەتی سەربازیدا ژمارەی دانیشتوانی لە فۆڕمی خۆراکی سالی ٢٠٠٣ گەشتووەتە ١٢٠٠ کەس[١]

٧ – گوندی شێرەکان ، شیرکان

٨ – گوندی چەمە کۆر .

---

[١] مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل ٥٥

# گوندەکانی شەبەکستان

## لەسنووری کارگێڕی قەزای تلکێف

### ١ – گوندی سەیدگەل

گوندێکی گەورەیە لەباکوری شاری موسل شارۆچکەیەکی گەورمیە تێکەل بووە لەگەل هەردوو گەڕەکی حدبا و سوکەر
حی ( الحدباو و سکر ) سەیدەکانی بەنی هاشم دەگەنە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالب سەلامی خودای لەسەربێت (
دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی دیجلە بازاڕ و قوتابخانەو جادەی تێدایە زۆربەی دانیشتوانی (سادەالهواشم) بەهەردوو زمانی شەبەکی ماچۆ و تورکی دەئاخڤن بەکتاشی و قزلباشینە لەسەردەمی عوسمانیەکان لەتورکیا هاتوونە لێرە ئاکنجی بوونە(

### ٢ – بەعوێزە ، باعویزا، بایزە

دەکەوێتە باکوری گوندی سەید گەل ، ٧کم لەشاری موسل دوورە لەلای ڕۆژهەلاتی ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە، لەڕووی زمانەوانی یەوە بەواتای بەخێوکردنی بزن دێت ، گوندێکی گەورەی شەبەکستانە پێش سەدەها سالە ئاوەدانیان کردووە ، گەڕەکەکانی موسل دەوریدایە زۆر نەمایە گوند

[٢] ئەحمەد شەوکەت سەرچاوەی پێشوو ل ٦٠

لەناو شاری موسل بەرزە ببێت ، ژمارەی دانیشتوانی لەسالی ١٩٥٦ بەپێی ئاماری یەکەی کارگێڕی ناوچەکە ٨١کەس بوو[٢]

**٣ – شریخان:**

٤ – **ڕەشیدی یە** : لەکوردی شەبەك و تورکمان پێکهاتی یە هەروەها ئەوگوندانەش گوندی شەبەکستان بوو لەسەردەمی مەلەکی ١٩٢١-١٩٥٨ شەبەك دەرکران و بەعەرەبیان کرد بەبیانووی هاتنەکرین لەلایەن دەولەمەندانی موسل گوندەکان ئەوانەن : ــ

**١ – تلیابس**

**٢ – نەجمۆل**

**٣ – ڕەزیانە**

**٤ – قایم**

**٥ – سماقیە**

**٦ – بزگرە**

**٧ – چقلۆ**

**٨ – رکاوا لەقەزای شێخان**[٢]

---

[٢] خسرۆ گۆران سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٩

[٢] ــ عبدالفتاح علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٣

# بەشی چوارەم

## ئایین و بیروباوەڕی کوردی شەبەك

ئاینی ئسلام هات راستی و دادپەروەری لەگەل خۆی هینا رێنماییەکانی‌ئاشتی پێکەوەژیان بوو بۆ هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی ، کوردی شەبەك ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان بەدڵێکی فره وەرگرت ، بەلام دووای ماوەیەك هەندێ کەس بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کوردی شەبەکیان لە رێی ئیسلامەتی راست و دروست لادا ئاینیان بەکارهێنا بۆ پێکاندنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بۆ زاڵ بوونی دەستهەلاتیان بەسەریاندا بۆ لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەییان و پچراندنی پەیوەندی کۆمەلایەتیان هەروەها راگواستنەوەیان و هێنانی هەندێ خێزانی تر بە ناوی راپەڕاندنی فەرمانی والی یان دەستهەلاتدارانی ئەو سەردەم .

هێلێکی درێژهەیە لەباشووری ئامەد دەست پێدەکات بەرەو ڕۆژئاوای پارێزگای دهۆك دەڕوات بەرۆژهەلاتی شاری موسل تێدەپەڕێت بەرەو کەرکووك تاکو دەگاتە خانەقین لەوێندەرێ بۆ دەڤەری دەهلەران و کرمانشاه، فره ئایین و ڕەگەزی جۆراوجۆر و ڕێچکە ئایینەکان لەسەر ئەو هێلە هەیە دەتوانین بەوهێلە بلێین هێلی فرەئایینی و پێکەوەژیان بەزۆری بەرچاودەکەوێت.شوێنی توێژینەوەکەمان شەبەکستانە دەکەوێتەسەر ئەوهێلە،دەڤەری شەبەکستان هەرلەخۆی کورد و عەرەب و تورك و ئاشووری و کلدان و سریانی و کاکەیی و ئێزدی لەباوەش دەگرێت.بێگومان لێکنزیکبوون و دانوستاندنی ژیانی ڕۆژانەیان لەیەك

شوێن لەگەل یەكدی كاریگەری تەواو دەكەوێتە سەرئەو پێكهاتانە بەتایبەتی لەڕووی زمان و بیروبۆچوونی ئایینەكان،سەربەخۆیی قەوارەیان لەدەست دەچێت،شتی نوێ پەیڕەو دەكەن دوای دویڤچوون لەیەكتر وەردەگرن بەدرێژایی مێژوو هەندێ بیرو بۆچوونی ئایینی و یاد و بیرەوەری یەكان كاریگەری لەسەر یەكتر دەكەن. بۆنموونە:مقامی فیردەوس لەگوندی دەراویش كوردی ئێزدی و كوردی شەبەك لەگەل یەك سەردانی ئەو مەزارە دەكەن ئەوشایانی گوتنەدەبێ بگوترێ ئایینی كوردی شەبەك ئیسلامە دابەش دەكرێت بەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی و مەزهەبی جەعفەری دوازدە ئیمامە بەرێژەی ٣٥٪ سوننەیە و ٦٥٪شیعەیە هەموویان بە دیالێكتی گۆرانی شێوەزاری ماچۆ دەئاخڤن واتە زمانی هەموویان لقێكی كوردی رەسەنە سەرەڕای هەندێ زۆربەی شەبەك زمانی عەرەبی دەزانن هەندێكیش توركی دەزانن بەتایبەتی سەیدەكانی دانیشتوانی هەردوو گوندی سادەو بەعوێزە سەیدەكان لەسەر مەزهەبی ئیمامی حەعفەرن بەگشتی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەكانی باشووری زنجیرە چیای زاگرۆس موسولمانن بەسەر هەرچوارمەزهەبن زۆرینەیان شافعی مەزهەبن ١٥٪ خەلكی كوردستان شیعە مەزهەبن.

ئەوەی جێگای داخە زۆربەی گەڕیدەو مێژوونووسانی نووسین و ووتاریان لەسەر كوردی شەبەك نووسیوە چەپەلۆكی بێ بەزەییان لەكوردی شەبەك وەشاندی یە بەسەلامەتی لەدەستیان دەرنەچوونە شتی پڕووپووچ و بیروبۆچوونی نابەجێیان خستۆتە سەركوردی شەبەك بەتایبەتی أحمد حامد الصراف و عباس عزاوی و الكەرمەلی و كامل مصطفی الشیبی.

کتێبی الشبك /دانەری احمد حامد الصراف زۆر زانیاری هەلەی تێدایە زانیارییەکانی بە شێوەی نهێنی لە زاری چەند کەسێکی وەرگرتیە بێ ئەوەی سەرچاوەی زانیارییەکان ساغبکاتەوە یان بیروبۆچوونی خۆی لەسەربدات .

أحمد حامد الصراف دەلێت : بیروڕای شەبەك تێکەلە لەزەردەشتی و ئێزدی و مەسیحی و یەهودی یان دەلێت(شەبەك چەند کۆمەلەیەکی تورکن)[(] کامل مصطفی الشیبی دەلێت : شەبەك عەشیرەتێکی تورکومانییە و سوکایەتی یان پێدەکات لەکردارەکانی شەرعی گوایە حەلالیان حەرام کردیەو ئەرکەکانی ئایینی یان لەسەر خۆیان لادایە وەکو نوێژ و حەج و زەکات و.... چوونەلای یەك حەلالە بەتایبەتی شەوی کەفشە

(ئێمە بەشەوەڕەشەی ناودەبەین ئەودیاردەیە باوی نەماوە گوایە لەکۆنەوە لەناو سارووللییان هەبووە).

الاب الکرملی دەلێت: شەبەك ئایینێکی دیاریکراوو تایبەتمەندیان نی یە

شاکر صابر مێژوونووسی تورکمانی لەکتێبی تورکمان دەلێت:شەبەك پارچەیەکن لەتورکومانی عێراق و دەلێت بیروڕای ئایینییان هاوپشکە ئەوەی دەکاتە بەلگە و پالپشت بۆسەلماندنی قسەکانی.

---

[٢] ــ احمد حامد الصراف شەبەك ل٢

[٢] الادیان والمژاهب بالعراق رشید خیون مطبعة سبحان ٤٢٦

[٢] ــ کامل مصطفی الشیبی الطریقة الصفویة ورواسبها ل ٢٨ــ

عبدالمنعم الغلامی لەکتێبەکەی (بقایا الفرق الباگنیه فی الموصل ١٩٥٠[١]) دەلێت: شەبەك چینێکی زیادەڕەو(الفلاە) دەرچوونە لەئیسلام.

عباس العزاوی دەڵێت: ڕاددەبەدەر لەئایین دەرچوونە وەکو کاەکیی یەکانی کەرکووك[٢]

لەدائیرە موسوعە المعارف الاسلامیە نوسرایە شەبەك ئیمامی عەلی دەپەرستن وەکو خودا، شەبەك وەکو سارووليیان ئایینیان بەدزی یەو لەپەنێیە[٣]. لەوبەڵگە نامانە بەڕوون و ئاشکرا دیاردەکەوێت بیروبۆچوونی ئایینی کوردی شەبەکیان لەکەدارکردووە و توانجیان لێداوە و بێشواندنی ئایینیان و کەمکردنەوەی پلە و پایەیان لەناو ئیسلامدا تەنها لەبەر ئەوەی شەبەك کوردی ڕەسەنن،

ئەوەش بۆمەبەستی لێکترازاندنیان لەکۆمەڵگای گەورەی کوردی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ڕەگەزپەرستی بۆجێبەجێ کردنی مەبەستی ڕوامیاری و ئارمانجە گلاوەکانیان بێتە دی بەلێ با ئەوانە باش بزانن شەبەك کوردی ڕەسەنن هەمووی موسولمانن کتێبی پیرۆزیان قورئانەو پێغەمبەریان موحەممەدە (صلی اللّه علیه وسلم) پێغەمبەری ئاخر زەمانە.

---

[٢] ــ عباس العزاوی شارع العراق بین الاحتلالین ل٤٢٩

[٣] ــ دائرە موسوعە المعارف الاسلامیە ٢٣٨ــ ٢٣٩

# ئایینی کوردی شەبەك پێش ئیسلام

کوردی شەبەك هەروەکو کۆمەڵگای کوردی بەدرێژایی مێژوو ئایینێکی هەبووە پێڕەویان کردووە؟ پێش هاتنی زەردەشت دیاردەکانی سروشتیان پەرستووە وەکو ڕۆژ و هەیڤ و ئاگر و تاکو ئایینی زەردەشتی نیوەی دووەمی سەدەی حەفتەمی پێش زایین سەری هەڵدا، لەدەورووبەری ٦٦٠پ.ز لەسەردەمی میدی یەکان بووە .

کوردی شەبەك لەسەردەمی میدی یەکان لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆس هاتن قەلای موسلیان ئاوەدان کرد واتە هەموو کورد پەیڕەوی ئایینی شەبەکیان کردبوو کەئایینێکی یەکتاپەرستی بوو ڕێزیان لەئاگر دەگرت بەهێمای ژیانیان دادەنا،گەلی کورد پاشماوەی شارستانیەتی میدی یەکانە بەلگەی زۆریش هەیە لەوانە پەرستگای ئاگر لەزۆرشوێنی کوردستان بەلاوە، هەروەها لەخرابەکانی دەشتی شەبەکستان دۆزرایتەوە ئاگر لای کورد پیرۆزە زۆرجاردەبینین و دێتە گوێمان کەسی کورد سوێند بەئاگر دەخوات دەلێت (بەوئاگرە )هەروەها ڕێزگرتن لەپیرە دار و مردووەکان ئەوانە هەمووی پاشماوەی ئایینی زەردەشتی یە لەناوکورد مایتەوە.

هەندێ مێژوونووس دەلێن: زەردەشت پێغەمبەر بووەهەرچەند ناوی لەقورئانی پیرۆز نەهاتووە بەلام قورئان دەلێت (ماأرسلنا من رسول الی بلسان قومه لنبین له )[٢]

[٢] ـ قورئانی پیرۆز سورەتی ابراهیم ئایەتی/ ٤

کتێبی ئاڤێستا کتێبێکی پیرۆزی زەردەشتی یە یاساو ڕێنماییەکانی تێدایە بەشێوە زاری گۆرانی نووسرایە نزیکە لە زارئاخافتنی ماچۆی دیالێکتی کوردی شەبەك. ئایینی زەردەشتی لەدەشتی شەبەکستان بلاٌوبۆوە بەبەلگە لەئاگردانێکی زەردەشتی لەڕۆژهەلاتی گوندی باسخرەی بناری چیا زەردك دۆزرایتەوە، هەروەها لەخرابەی گوندەکانی شەبەکستان شوێنەواری خانووی ئاگری زەردەشتی لەخەزنە تەپە و گوندی شێخ شێلی دۆزرانەوە.

# شەبەك و ئایینی ئیسلام

هەندێ هێماو نیشانەی ئایینی زەردەشتی هەتا ئێستاش لەناوکۆمەڵگای شەبەکستان هەرماوە وەکو سوێندخواردن بەئاگر و بەهیچ شێوەیەك نابێت تف لەئاگر و ئاگردان بکرێت، هەروەها هاویشتنی پیسایی بۆناو ئاگر،ڕێزگرتن لەشینایی و داری بەری،کەسی شەبەك پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگیان لەلق و پۆپی دارەکان دەبەست بەتایبەتی ڕەنگی کەسك تێدەئالا نیشانەی پایەی ئایینی یە. لەسەردەمی جێنیشی دووەمی ئیسلام ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب بەسەرۆکایەتی سەرلەشکر عوتبەی کوڕی فەرقەدی سەلەمی لەسالی ٢٠ ی کۆچی شاری موسل ئیسلام بوو دوای کوشتارێك لەنێوان کوردانی قەلای موسل و لەشکری ئیسلام پاشان ڕێککەفتنێك کرا لەگەل خودانێ قەلای سەرانە بدەن و ڕێگە بدرێت ئەوەی بڕوات پاشان لەشکری ئیسلام گوندەکانی شەبەکستانی کردەوە هەروەها گوندی باعەدرێ و حیتون و حنانە و معلە و دامیر

[٢] ــ د .شاكر خصباك الاكراد دراسه جغرافیه ل٤٨٤

هەمووقەلاکانی کوردان کرانەوە[1] . گوندەکانی کوردی شەبەك بەسینگێکی کرایەوە پێشوازییان لەئیسلام کرد و بوونە ئیسلام چونکە کوردی شەبەك هەربەخۆیان یەکتاپەرست بوون بڕوایان بەخوداهەبوو لەزەردەشت وەریان گرتبوو لەسەردەمی جێنشینی سێیەم عوسمانی کوڕی عەفان حەکیم کوڕی سەلامی عەزامی کاروباری موسلی بەڕێوەدەبرد، وەلەسەردەمی خەلیفەی چوارەم ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالب لەسالی ٣٩ یکۆچی عبدالرحمن الخپمی موسلی بەڕێوەدەبرد وەلەسالی ٦٧ ی کۆچی ناکۆکی یەك کەوتە نێوان المختار الپقفی و عبیداللە ی کوڕی زیادی کوڕی ئەبیە لەسەردەمی عبدالملك کوڕی مروان. المختار الپقفی دەیویست تۆلەی خوێنی سەری ئیمامی حوسەین لە عبیداللە ی کوڕی زیاد بکاتەوە، بۆیە شەڕێك لەبەرتلە (برطلة) لەنێوانیان ڕوویدا لەشکری المختار الپقفی سەرکەوت بەسەر لەشکری عبداللە ی کوڕی حملە کوڕی عبدالرحمن الخپمی سەرۆك لەشکری عبیداللە بوو ئەوەلەڕۆژی عاشووورای سالّی ٦٧ ی کۆچی ڕوویدابوو ابراهیمی کوڕی مالك الاشتر النخعی سەرکەوت بەسەر لەشکری عبیداللە ی کوڕی زیاد لەگوندی باربیپا کەدەناسرێت بە باشبیپا، ئەوکارەساتانە لەدەشتی شەبەکستان ڕوویدا هەندێ مێژوونووسان بەشەڕی خازر ناوی دەبەن[2]

کۆلەگەکانی ئیسلام لای شەبەك :ــ

[1] ــ البلاذری فتوح البلدان ل٤٢٣

[2] ــ مەلا سالم شەبەکی نامەی ماجستێر تأریخ الشبك فی الموصل

**یەکەم شەهادە : ووتەی ( لا اله الا الله محمد رسول الله) بیروڕای ئایینی هەموو موسولمانێکە**

**دووەم نوێژ: ئەرکێکی ڕۆژانەیە جێ بەجێ دەکەن بەتایبەتی نوێژی بەیانیان (أقیم الصلاه لدلوك الشمس الی غسق اللیل وقرئن الفجر إن قرئن الفجر كان مشهودئ)[2] ، هەروەها داکۆکی لەسەر تەسبیحات و ووێردەکانی دوای نوێژدەکەن زۆر سەلاوات لێدان لەسەر گیانی پێغەمبەر بەپێچەوانەی ئاخافتنەکانی أحمد حامد العراف کەنوسیویەتی شەبەك نوێژەکان جێ بەجێ ناکەن وەکو موسولمانەکانی تر[2] بەناو موسولمان زۆرکەس نوێژنەکەر هەیە ئەوەهەرهەبووە.**

**سێیەم ڕۆژوو گرتن: مانگی ڕەمەزان لای موسولمان زۆرپیرۆزە هەروەها کوردی شەبەك هەر سی ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن و زیاتر تێدا خوداپەرستی ئەنجام دەدەن ، هەروەها زۆربەی شەبەك بەتایبەتی شیعە مەزهەب نۆڕۆژان لەدەستپێکی مانگی موحەڕەم لەهەموو سالێك بەڕۆژوو دەبن وەکو سوننەتێك یان ڕۆژووی تێدا قەزا دەکەنەوە**

**چارەم زەکات و بەخشین: زەکات ئەرکێکی گرینگە لەناو بەرنامەی ئیسلامدا لەگەڵ نوێژ بەسترایتەوە ( وأقیم الصلاه واتوا الزكاه واركعوا مع الراكعین)[2]**

---

[2] ــ قورئانی پیرۆز سورەتی إسراء ئایەتی/ ٧٨

[2] ــ أحمد حامد العراف الشبك سەرچاوەی پێشوو ل٩٦

[2] ــ سورەتی بەقەرە ئایەتی/ ٤٣

کوردی شەبەك پێگیری بەزەکات و بەخشین دەکەن دەڵێن هەرکەسێك بەربەست و ڕێگر بێت لەبەخشینی مالی خودا ئەوکەسە کافرە، خواردن و خواردنەوەی لەو مالی ناخۆن دەڵێن حەرامە. أحمد حامد العراف دەڵێت شەبەك زەکات لەمالی خۆیان دەرناکەن لەناو شەبەکستان زەکات و خومس یەك لەسەر پێنج هەیە زەکات بۆچین و توێژەکانی کەم دەرامەتن لەناو شەبەك خومس یەك لەسەر پێنج بۆپشکی سەیدەکانە، ئەوەشیعە مەزهەبەکان پەیڕەوی دەکەن چونکی سەیدەکان لەخانەوادەی پێغەمبەرن زەکات لێیان حەرامە ، پێنج یەك لەدەستکەوتی شەڕەکان و بەرهەمی کانزا و دەریاکان سەیدەکانی بەڕەگەز دەگەنە ئیمامی عەلی پشکیان تێدا هەیە. کوردی شەبەکی شیعە: وەکو ئۆبالێك لەسەر شانی خۆیدانایە نابێت پێنج یەکی پشکی سەیدەکان بخوات هەرکەسێك بـض خوات هەروەکو ئاگری دەخوات بەئەرکێکی گرینگ دەزانن ئەوەش لەبەر خۆشەویستی نەوەی پێغەمبەرە دروودی خوای لەسەربێت بەفەرزو دەستکەوتێکی گەورەی دەزانن، ئەوبەشەی لەبەرهەمی کشت و کاڵی و ئاژەلەکانیان دەردەکەن بۆسەیدەکان پێی دەگوتریێت(نیاز)[2]

پێنجەم حەج: لەکۆنەوە شەبەك وەکو کوردەواری خۆمان ئەرکی حوجیان جیٚ بەجیٚ کردووە، باروبارگەی خۆیان تێکناوە و بەپشتی حوشتر چەند مانگێگ لەڕێگا مایتنەوە بۆمەبەستی حەج کردن. بەهەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەوە، بەلام کوردی شەبەکی شیعە زیاتر سەردانی زیارەتەکانی

[2] ـ مەلا سالم شەبەك سەرچاوەی پێشوو ل١٠٠

نەجەف و کەربەلا دەکەن بەتایبەتی لەیادی ڕۆژی عاشوورا چلەی ماتەمینی ئیمامی حوسەین ڕەزای خوای لەسەربێت.

# ڕێبازگەی بەکتاش

بەکتاش بەواتای بەردی خاوێن و پاك یان پیاوی تێهەیی و بەرکەوتی،یان خاوێن پاك دەبیتەوە لەگوناحەکان. بەخزامتی دەگاتە ئیمامی عەلی ڕەزای خوای لێبێت ناوی تەواوی: محمد ابراهیم موسی اسحاق محمد ابراهیم حسن ابراهیم ئیمامی مهدی محمد أبی عبدالله الحسین (خرقە) ابراهیم موسی أبو سبحە ٢٢٠کۆچی ابراهیم کچکە ئیمام موسی کازم کوڕی ئیمامی جعفری صادق کوڕی ئیمام محمد الباقر کوڕی زین العابدین کوڕی ئیمامی حسین شهید کوڕی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالب لەسالی ٦٤٥ کۆچی لەنیسابۆری سەربە خوراسان لەدایك بووە وەلەسالی ٧٣٨کۆچی لەسەر ١٣٣٧ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. قەبری لەپارێزگای نۆشن لەتورکیا خەلکی تورکیا بەحاجی بکتاش وەلی ناوی دەبەن.پیاوێکی خواپەرست و وەلی بوو خودان کەرامات و لەپیاو چاکان دەهاتە هەژماردن[( لەسەدەکانی پازدە تاکو سەدەی نۆزدە چەند ڕێبازگەیەکی ئایینی وەکو قادری و نەقشبەندی و بەرزنجی و بەکتاشی و قزلباشی کەسانی بیرمەند و ئایین پەروەر هەرکەسەو سەرکێشی ڕێبازگەی خۆی دەکرد لەناو کۆمەلگای کوردەواری ڕۆلی خۆیان دیتبوو

[٢] ـ زهیر کازم عبود الشبك فی العراق سلیمانیە ٢٠٠٦

حاجی بەکتاش وەلی لەئەنادۆل بەشێوەیەکی بەرفرە ڕێچکەیەکی سۆفەری‌بەربەلاوی بلاو کردەوە لەسەرمەزهەبی شیعە دەڕۆیشت ستاییشی ئیمامی عەلی ئالی بەیتی دەکرد دەسەلاتی تورکی لەسەردەمی عوسمانی یەکان کەزۆربەیان سوننە مەزهەب بوون لەخۆیان ترسان ڕێبازگەی حاجی بەکتاش تورکیا دابگرێت دژیان ڕاوەستاو پڕوپاگەندەی نابەجێی ئەگەر ڕاست ئەگەر درۆ بەدوایانی هەلێخست زۆری لێیان کوشت و گرت زۆریش هەلاتن بەتاییەتی لەسەردەمی سولتان مورادی چوارەم لەبەرئەوەی ڕادەبەدەر باسی ئیمامی عەلی و مەزهەبی شیعەیان دەکرد کەهەندێ بیروبۆچوونی نابەجێ و ناڕەوا تێدا دەگوترا ئەوانە ناوی خۆیان بەسەیدەکانی هاشمی ناودەبەن گوایە دەگەنە پێغەمبەری ،ئەوانە سەیدەکانی هاشمی نین بەلکو تەنها تورکی کاکەیینە پاشماوەی ڕێبازگەی حاجی بەکتاش و قزلباشینە نەیانتوانی لەتورکیا خۆڕاگربن جەندرمەی تورکی ڕاویانی نابوو بەرگەندەببوون تاکتاکە یان بەکۆ هەندێکیان هاتنە ناو کوردستانی باشوور لەوولاتی شەبەك خۆیان گرتەوە لەگوندەکانی شەبەکستان دەرفەتێکی زێرینیان بەدەست کەوتبوو بۆبلاوکردنەوەی ڕێبازگەکەی خۆیان لەوسەردەمی لەناوشەبەکستان بلاو بکەنەوە،لەبەر ئەوەی هەندێ لەکوردی شەبەك مەزهەب شیعە بوون، هەروەها ئارەزوویان بۆلای ئایین و سەیدەکان دەهێنا،سەرەڕای هەندێ خەلکی شەبەك زۆرینەیان نەخوێندەوارو کوێرفام بوون خۆش مەحشەر و ڕووی خۆیان بۆمیوان دەکردەوە[٢]

٢ ـ أحمد شوكت الشبك الكورد المنسيون ٢٠٠٣ ل٤٩

ئەوانەی پێیان دەگوترێت سەیدەکانی هاشمی نامۆو بێگانەیە لەووڵاتی ئەنادۆڵی تورکی دوای ڕاونانیان لەلایەن دەسەلاتداری عوسمانی چونکی چینێکی گومانلێکراوو گومڕابوون لەئیسلام بیرو بڕوایان بەڕێبازگەیەکی سۆفی گەری لەژێرناوی (الفتوه) هێنابوو پاشان گۆڕان لەفتوه بوونە کاکەیی، ئەنادۆلی داگرت و بلاو بۆوە لەژێرناوی (الاخیه) کاکەیی[٢]

ئەوەی شایانی گۆتنە،لەسەردەمی بەکتاشی لەتورکیاهەلتن ئەوانەی هاتبوون بۆدەورووبەری شاری موسل دەسەلاتداری هەموویانی لەگوندی سادە و بەعوێزە لەسەر خەمرەی*

گوندی کۆکردەوە بۆپێکاندنی مەرامی خۆی هەرهەندە مالی بەسەر گوندەکانی شەبەکستان بەلاو کردەوە بۆمەبەستی کۆکردنەوەی سەرانەو خەرج و حەراجی گوندەکانی شەبەکستان بۆوالی موسل چونکی دانیشتوانی شەبەکستان وەکو پێویست گوێڕایەلی فەرمانڕەوا والی موسلیان نەدەکرد ئەوانە شیعەمەزهەب بوون ناوی سەیدیان پێیان لکاندبوو توانیان ڕۆلی خۆیان بگێڕن و هاتنە حەواندنەوە بەلام لەڕەگ و بنچینەدا پیاوە ئایینی یەکانی بەکتاشی ئەوانەی هاتبوونە شەبەکستان ڕێبازگەی

---

٢ ـ عباس العزاوی الکاکائیه فی تأریخ بغداد ١٩٤٩ ل٨

٢ *خەمرە:بەربەستێك لەشوێنێکی نزم لەنزیك گوند درووست دەکرا بۆکۆکردنەوەی ئاوی باران لەوەرزی بەهار و هاوین بۆ قورکاری و ئاژەل ئاودان بەکاردەهات تاکوکۆتایی هاوین ئاوی تێدا دەماوە.

خۆیان بلاو دەکردەوە کەڕادەبەدەر ستاییشی ئیمامی عەلی یان دەکرد و ئەوبەکتاشی یانە هیچ پەیوەنی یان بەنەتەوەی کوردی شەبەك ڕەگ و ڕیشەیان نی یە بیروڕایەکی تایبەتیان هەبوو ڕێچکەیەکی سۆفی گەری بوو دووازدە ئیمامیان بەرز ڕادەگرت بەتایبەتی ئیمامی جەعفەری صادق بیروڕایەکی سێینەیان پەیڕەو دەکرد لەوانە الله،محمد ،علی وەکو نەسرانی یەکان (باب و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز)[٢] بیروڕای بەکتاش وەکو دیار ئیسلامە بەلام لەڕاستیدا لەکۆمەلە بیروبۆچوونێك پێکهاتیە هیچ پەیوەندی بەکار و کردەوەکانی ئیسلام نی یە ڕێگای بەخواردنەوە دایەو زۆر شتی سەرەکی یان فەرامۆش کردی یە پشتیان لەفەرزەکانی ئیسلام کردیە وەکو (نوێژ و ڕۆژی و حەج و زەکات)[٢]

# قزلباش

لەدەستپێکی دروستکردنی بەسۆفیگەری (الصوفیە) ناودەبرا دامەزرێنەرییان دەخستە پال قوتبی قوتبان صفی الدین اسحاق ئەردەبیلی لە١٢ی مانگی موحەڕەمی سالی ٧٣٠ کۆچی دوایی کردووە کەدەکاتە باپیرەی شەشەمی شا ئیماعیلی صەفەوی هەر لەئەردەبیل نێژرایە ڕێبازگەی صەفەوی یەکان ناونرا بە قزلباش ، لەسەردەمی شائیسماعیلی صەفەوی کاتێ هۆزەکانی ئستاجلو ، شاملو ، بنکلو ، بهارلو ، زولقیدرەلو ، فەجر ، ئەفشار ، کلاوی زۆری لەسەری هەموویان کرد بەتورکی قز بەواتای ڕەنگی سوور دێت (الباش) سەر قزلباش خاوەن مێزەی سۆر

---

[٢] ــ یاسین حسن نوسەری کتێب

[٢] ــ أحمد حامد العراف الشبك ل٤٦

دوازدە پێچ و ڕشی نیشانەی دوازدە ئیمامەی مەزهەبی جەعفەری جێبەجێ کاری لەشکەری ئینکشاری بوون قزلباشی یەکان تیپێکی ئایینی بوون لەئەنادۆل بلاو بۆوە مەزهەب شیعەن ناوی خۆیان بەعەلەوی ناو دەبەن قزلباشەکان کورد و تورکی لەخۆگرتی یە هەموویان بەزمانی تورکی دەپەیڤن[٢] . زۆربەی مێژوو نووسان دەلێن ئەو دووپیاوە حاجی بەکتاش وەلی وصفی الدین ئەردەبیلی لەیەك سەردەم ژیاوون هەردووکیان پیاوچاك بوون و لەخودا نزیك بوون زاناو ڕەفتار چاك بوون لەبەر هەندێ حاجی بەکتاش بەوەلی ناودەبرا شێخ صفی الدین بوقوتبی قوتبان ناودەبرا، هەردووکیان شیعە مەزهەب بوون ، صفیالدین الاردبیلیلە رەگەز تورکە توانی خەلکێك بۆ خۆی رابکێشی و رێچکەکەی لە ناو خە لکی فارس بەلاوبکاتەوە کتێبێکیان هەبوو بەناوی (بیوروق) (البرخ) ناوەڕۆکی فەرمان بەچاکەو ڕەووشتە چاکەکان تێدا بوو بەزمانی تورکی نووسرابوو ،لەگەل خۆیان هێنابوو بۆ وولات شەبەك ستاییش و مەدحی ئیمامی عەلی و ئالی بەیت پێدەکرا کوردی شەبەك هەرنەیان دەزانی بیخوێننەوە، دوای بلاو بوونەوەی خوێندەواری ڕۆشنبیرکردنەوەی شەبەك ڕێبازگەی بەکتاشی و قزلباشی هەرلەناویان باوی نەماوە ،

کوردی شەبەك هەروەکو هەموو موسولمانێك پێنج فەرز نوێژی خۆی دەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان دەگرێت و پارەی هەبێت دەچێتە حەج دوای بلاو بوونەوەی خوێندەواری و پێشکەوتنی زانستی لەهەموو بوارێکدا وای لەخەلکی شەبەك کرد ڕاستی ئایینی خۆی تێبگات هێندە

[٢] ــ اسماعیل خلیل باجلانی ناسراو بەباوکی وقاس ( دەستنووس )

بەئاسانی بەدوای ڕێچکە ئایینەکان بکەوێت چونکی ئەمڕۆ گۆڕانی هزری کەسێك بەئاسان ناتوانی کاریگەری لەسەربکەیت، هەرلەبەرهەندێ دەبینین چەندەها ڕێچکەو ڕێبازگەی ئایینی لەناوچوون و نەماوون،چونکە خەلکی ئەوڕۆکە دەگەڕێتەوە سەربەلگە ڕاستی یەکانی ئایین وەکو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت هەرچەندە ئایین کاریگەری نابێت لەسەر لایەنگیری و ئارەزووگەری نەتەوەی هەرتاکێك، ئایین بیروڕایە بەڕازیبینی خۆی وەری دەگریت و کاری پێدەکات بەلام مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەنەتەوەی خۆی بکات هەروەکو دەلێن مرۆڤ لەدین دەبێت بەلام لەخوێن نابێت،سەرەڕای ئەوانە هەموو دوژمانی کورد و کوردستان بەتایبەتی کوردی شەبەك بەهەموو ڕێگاییێکی جۆراو جۆر هەولدرایە کوردی شەبەك لەیەکدی پەرتەوازە بکەن جاربەناوی ئایین و ئۆل یان بەناوی نەتەوە بەکارهاتی یە بۆ دوورخستنەوەیان لەکۆمەلگای کوردی پچڕاندنی ئومێد و ئاواتیان بەئامانج و چارەنووسسازی خۆیان نەگەن یان ئایین نەتەوەی کوردی شەبەکیان خستۆتە سەر کاکەیی و ساڕوولی زۆربەی نووسەر و مێژەرەکان بەهەلەداچوونە هەرچەند پەیوەندی شەبەك و ساڕوولی لێکنەگەیشتنیان هەیە و ڕێز لەیەکتر دەگرن ، شێوەزاری ئاخافتنیان گۆرانی یە ، زۆرلەمێژە دراوسێی یەکترن بەئاشتی یانە پێکەوە دەژین بەلام هیچ پەیوەندی ئایین و ڕێبازگەیان بەیەکەوە نی یە لێرەدا بەدیاردەکەوێت کوردی شەبەك ساڕوولی و بەکتاشی و قزلباشی نین ئایین موسولمانە وەکو موسلمانەکانی تر ڕێبازگەی سوننە و شیعە لەناویان بەربلاوە.

کوردی شەبەکی سوننە بەزۆری لەوگوندانەدا دادەنیشن فازلیە ، عمرقابچی ، خۆرساباد،حویتلە ،سماقیە ، کانی نوو، پاژێڕا بووکا/بای جەربۆغ (أبو جربوعە) ، ئۆرتەخراب ، بەعوێزە ، دێرك ، تلیارە ، تۆبزاوە،گۆگجەلی ، بازوایا ، لەگوندەکانی تری شەبەکستان بەربلاوون بەلام بەڕێژەی کەمتر ئەگەر بەراوورد بکەین لەگەل کوردی شەبەکی شیعە شەبەکی ڕێبازگەی سوننە لەزۆربەی گوندەکانی لەگەل شیعە بەربلاوون ، لەسەر ڕێبازگەی ئیمامی شافعی دەڕۆن ، شەبەکە شیعەکان پەیڕەوی ڕێبازی ئیمامی جەعفەری دوازدەئیمام دەکەن، بەم دواییە بیرۆکەی سەلەفی مام ناوەند لەشەبەکستان بەلاو بۆتەوە. هەنووکە شەڕی تیرەگەری ئایینی و دەمارگیری نەتەوەیی عێراقی داگرتی یە ، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە ، بەلام لەوولاتی شەبەکستان زۆر دەگمەنەو هەرنەبیستراوە کێشەو ناکۆکی لەنێوان کوردی شەبەکی مەزهەب سوننە و شیعە ڕوویدابێت هەموویان خزامییان لەگەل یەکتر هەیە ، گوندەکانی وولاتی شەبەك مزگەوت و حوسەینی یەیان تێتا هەنە هەردووە لا پێکەوە خودا پەرستی و ئەرکەکانی ئایینی تێدا جێ بەجێ دەکەن دوور لەدەمارگیری[٢]

[٢] یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەڕەش نوسەری کتێب

# پەیوەندی شەبەك لەگەل ئایینەکانی دەوروبەریان

بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی جۆراوجۆر لەموسل پێکەوە ژیاوون پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئایینی دەیانبەستێتەوە، پێکەوە ژیان و ئاشتی و دلنیابوون لەنێوانیان هەبووە ، باسمان کرد موسل دەکەوێتە سەرهێلی فرەئایینی و پێکەوەژیان. پێش هاتنی ئیسلام ئایینی زەردەشتی بەشێوەیەکی بەرفرە زال بوو بەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلگای کوردی پەیرەویان دەکرد هەروەها ئایینی مەسیحی لەناو خەلکی تر باوی هەبوو، تاکو سالی ٢٠ی کۆچی ئایینی ئیسلام گەییشتە موسل و دەوروبەری زۆربەیان بوونە موسولمان ، کوردی ئێزدی لەسەر ئایینی کۆنی خۆیان مایتنەوە هەتا ئێستا هیچ شەڕ و کوشتار و نەخۆشی یەك نەکەوتۆتە نێوان ئەو دوو پێکهاتەیە زیادە ڕۆییان لەسەر ئایینی یەکتر نەکردی یە بەپێچەوانەوە ڕێز لەیەکتر دەگرن و پەیوەندی هاوبەشیان هەیە لەخۆشی و نەخۆشی یەکدی پشکدار دەبن .

دەتوانین بلێین بەدەیان خانەوادەی کوردی شەبەك ڕەگ و ڕیشەیان بۆکوردی ئێزدی دەگەڕێتەوە ، زۆربەی گوندەکانی وولاتی شەبەك دانیشتوانی لەکۆنەوە ئێزدی بوو ن دەسەلاتی ئایینی ئیسلام یەکیانی خست. ئایینی ئێزدی کۆنترین ئایینی مرۆڤایەتی یە لەسەر ڕووی زەوی، زۆربەی مێژوو نووسان ئەوەیان سەلماندووە، شەبەك پەیوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی بەهێزی لەگەل ئێزد خانە هەیە ، دراوسێی یەکترن ڕێز لەبۆنەو یادەوەری یەکانی ئایینی ئێزدی دەگرن زۆر لەتاکی ئێزدی خزمەتی گوندەکانی شەبەکیان کردووە وەکو مامۆستا وانەیان بە

مندالانی شەبەکستان گوتی یە داب و نەریتی کۆن هەیە کوردی شەبەك کاتێ مندالی خۆی سوننەت دەکات دەبێت مندالەکەی لەناو کۆشی ئێزدی یەك دابنێت بۆبەهێز کردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا دەڵێن بوو بەبرای خوێن (اخوه الدم ) پلەو پایەیان لای یەکتر بەرزدەبێت خوێن و مال و ناموسیان لێك حەرام دەبێت زیاتر لەبرا ڕێزی لێدەگریت. بەو کەسەی دەڵێن کریف یان کریفی خوێنی یە.

هەروەها پەیوەندی کوردی شەبەك لەگەل مەسیحی یەکان کەمترنی یە ، پەیوەنددی یەکی مێژوویی یان هەیە هەزاران ساله پێکەوە دەژین،هەردوولا هاوبەش بوونە لەدروستکردنی ژیانیان ڕێزیان لەئایین و پەرستگایان گرتی یە ، هەروەها لەخۆشی و ناخۆشی یەکتر پشکداربوونە، هەردوولا دروشمی ئاشتی و خۆشەویستی و برایەتی و پێکەوەژیانیان بەرامبەر یەکتر بەرزکردیتەوەو بەبەرزی ڕایان گرتی یە ئەوەبوویتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆپاراستنی ئەوبرایەتی و پێکەوە ژیانەیان بەدرێژایی هەزاران ساله، بەلکو پێکەوە دژی هەلپەی داگیرکەران و ناحەزان ڕاوەستاوون و خاکی خۆیان پاراستووە بەلکو هاوبەشی ژیانیان لەسەر ئەوخاکە پەیوەنی یانی مکومتر کردووە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاماژەی بەوەنەکردووە کەشەبەك چوو بوونە سەرئایینی مەسیحی تەنها سەربردەیەك هەیە دەلێت:کاتی عیسی پێغەمبەر لەدایك بوو زەردەشتی یەکان لەوولاتی میدیا نوێنەری خۆیان ڕەوانەکرد بۆپشتڕاست کردنەوەی ئەو هەواله چونکی ئەستێرە ناسەکان گوتیان ئەستێرەك لەلای ڕۆژهەلات هەلاتی یە، کاتی گەڕانەوە هیچ ئایینی مەسیحی یەتیان بەلاو نەکردەوە لەبەر ئەوەی ئایینی زەردەشتی

یەکتاپەرستی بوو بڕوایان هەبوو خودایێکی تاك و تەنیا هەیە سوێندیان پێدەخوارد سوێند بەیەزدان ، یەزدانی پاك ، پاکی منەوەر ، سوێند بەیەزدان ، خالقی عەرد و عاسمان ، شاکر خصباك دەلێت : کورد لەئایینی زەردەشتی گۆڕان بۆئایینی ئیسلام نەچوونەتە سەرئایینی مەسیحی[٢]

## پەیوەندی شەبەك لەگەل کاکەییان

کاکەیی و شەبەك لەسەر سنووری یەکترن ، دراوسێی یەکترن و پەیوەنی یان بەهێزە ، لەو گوندانە دەژین وەردەك ، کژەکان ، تەلەبن ، کەبەرلی ، زەنگل ، کولەبۆر ، ئاخفتنیان شێوەزاری گۆرانی یە شەبەکی ، هەندێ لەمێژوو نووسان پاشملەگۆی خراپیان پێیانەوە لکاندووە وەکو ( شەوەرەشە بەزمانی عەرەبی (لیلە کفش ) ی پێدەلێن ، ئەو دیاردەیان خستە پال کوردی شەبەك کەهیچ فڕی بەسەر ڕاستی نی یە تەها بۆناو زڕاندن و کەمکردنەوی پلەو پایەی ئەو دوو کۆمەلگەیە کاکەیی یەکان ڕێز لەئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالب دەگرن پەیوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی یان لەگەل شەبەك زۆر بەهێزە لەگەل گوندەکانی شەبەکستان بەتایبەتی ئەو گوندانەی دەکەونەسەرسنووری یەکتر.بۆنموونە:دایکی ئیسماعیل ئەبو وەقاص باجەلانی هێ گوندی باواتی کاکەیی یە موسلمنەو سونە مەزهەبە .

---

[٢] ــ شاکر خصباك سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٤

# بەشی پینجەم

## ژیانی رامیاری و کۆمەلایەتی

## ژیانی رامیاری و کۆمەلایەتی کوردی شەبەك

ژیانی سیاسی (رامیاری ): گومانی تێدانیە داب ونەریت و کەتووری نەتەوایەتی کوردی شەبەك پاش ماوەی ژیارو شارستانیەتی میدیاکانە کە سەدەها سالە ئەو پێکهاتە لە وولاتی شەبەکستان دەژین ، لەسەردەمی میدیاکان ڕۆلێکی بالایان هەبوو لە دروست کردنی بڕیارو بەرێوەبردنی لایەنی کارگێری ئەو دەڤەرە ، تاکو هاتنی لەشکری موسلمانان بەفەرماندەی ( رەبیعی کوری ئەکفەلی عزی ) لە سالی ١٦ کۆچی شاری موسلی کردەوە لەسەردەمی جێ نشینی موسولمانان عومەری خەتاب کورد لە موسل و وولات شەبەك بوونە موسلمان کەلتوورو ڕۆشنبیری ئیسلام کاریگەری کردە سەر تاکی کورد ، ئیسلام لایەنی ژیانی کۆمەلایەتی داگرت،

دوای بەلاوبونەوەی ئیسلام لە کوردستان بەگشتی وولات شەبەك بەتایبەتی سۆفی گەری و رێبازگەی جیاواز سەری هەلدابەتایبەتی لە سەدەی نۆیەم ، بەلام لە سەردەمی دەستەلاتدارانی سەلاجیقەکان لە سەدەی دووازدە کاتی وولاتی ئیسلامیان داگیر کرد ڕێبازگەکانی ئیسلامی بەتەواوی پەرەی سەند ، ئەوەش لەئەنجامی ئەوەهات میر نشینەکانی کورد شکستیان خواردبوو بەرامبەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بۆشاییەك پەیدا ببوولە ئەنجامی ئەو بۆشاییە سۆفیگەری و ڕێبازگەکان سەری هەلدا

، بۆ نمونە ڕیبازگەی نەقشبەندی بەرپابوو ، هەروەها حەقەکان وەکو بزتنەوەیەکی کۆمەلایەتی دروست بوو

ڕێبازگەی ئایینی سۆفی گەری نویٚ بە سەرۆکایەتی شیخ سفیه الدین لە ئەردەبیل پەیدا بوو ، لە سەدەی پازدەهەم هەولیاندا ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە وولات فارس بانکۆی بۆ بکەن کە ئەوانە نەوەی ئیمام عەلی کوری ئەبی تابن سەرنجی خەللك

بۆخۆیان ڕابکێشن بەتایبەتی تورکومانەکانی ئەزرە بەیجان و دەوروبەریان ، نیشانەکانیان بۆیان دەست نیشان کرد دەبیٚ مێزەری سۆز لە سەردەمی خۆیان گریٚ بدەن ناویان لێنان (قزلباش) .

لە سەدەی شازدەهەم هەردوو ئیمپراتریەتی فارس و عوسمانلی سونەو شیعەیان بەکژیەکتر وەدەنا بۆ مەبەستی دەستهەلاتداری خۆیان ، بەتایبەتی لە دوای شەری چالدیران لە سالی ١٥١٤ ز هەزارەها سۆفیگەری لەسەردەستی سولتان سەلیمی عوسمانلی هاتە کوشتن ،

قزلباشەکان ناچار بون لەسەرەوە جل و بەرگ و بیروبۆچوونی خۆیان گۆری بۆ مەبەستی خۆپاراستنیان لە چەککوشتی دەستی دەستهەلاتدارانی عوسمانیەکان ، خۆیان خزاندبوو ناو لەشکری عوسمانلی .

ڕێبازگەی بەکتاشی و قزلباشی لەسەرمەزهەبی شیعە لە تورکیا پەرەی سەندبوو عوسمانلیەکان ترسیان تێکەوت لە بەلاوبونەوەی مەزهەبی شیعەی جەعفەری ، بۆیی سولتان موردای چوارەم بەکافرو بەدین بەدەریانی هەژارتن کەوتنە ناویان بە کوشتن پەلاماریانی دا زۆربەیانی

[2] ــ زوهیر کازم عبود کتاب ( الشبك فی العراق) چاپی سلیمانیه ٢٠٠٦

لەناوبرد و سوتاندنی یان بەساغی زیندەبەچالیان دەکرد ، یان فرێی رووبارەکانی دەدان زۆربەی ناودار و کەسی بەرچاویان نەهیشت ، هەندیك لەوانە هەلاتبوون بەرەو کوردستانی باشور لە دەشتی رۆژهەلاتی موسل گریان خواردبوو ،دەستهەلاتداری ئەو سەردەم لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆی هەستابون هەلاتووکانیان هەموویانی لەسەر خەمرەی گوندی سادە کۆکردبوو ، دابەشیانی کدنە سەر گوندەکانی وولات شەبوك ، هەریەك دووخیزان بەسەر گوندەکانی گەورەی شەبەکستان دابەشکرا بەمەرجێك سەرانەو ئاتاوەو خەرج و خەراجی گوندەکانی وولات شەبەك کۆبکەنەوەو رەوانە بکەن بۆ والی موسل ،بە تایبەتی لەسەردەمی بدرالدین لولوعحاکمی موسل بووفەرمانی دابوو بە ئاوەدانکردنەوەی ئاواهی بۆ گێرانی مەراسیمی شیعە مەزهەبەکان بە ناوی حوسەینیەو ئەنجومەنی ماتەمینی لە گوندەکان وولات شەبەك سەرەرای هەندێ ریبازگەی جەعفەری لەناو کۆمەلگای شەبەکی بەلاو بکەنەوە .

کوردی شەبەك بەتایبەت کوردی شەبەکی مەزهەب شیعە مالە سەیدەکانی هاشمیان لەناوخۆیان حەواندەوە و شوێنی باشیان بۆین دابین کرد ، ئەوانە بە ئەسل و رەچەلەك تورکمانن لە تورکیا هاتوونە تێکەل بە شەبەك بوون کتێبی بویورق یان لەگەل خۆیان هێنابوو دەقەکەی تورکی یەو بەشێوەی هۆنراوە ستایش و مەدحی ئالی بەیت دەکاتن دەبێت هەندێك لەوانە سەید بن شەجەرەیان بگاتە عەلی کوری ئەبی تالب، ئەو تورکمانانە هەموویان لە سەیدەکانی هاشمی نەبوون خۆیان کرد بوو بە سەید ئەوانە بیرو بۆچونی جیاوازیان دەربارەی ئایینی ئیسلام لەناو گوندەکانی شەبەکستان بەلاو کردەوە حەلالیان حەرام دەکرد و حەرامیان

حەلال دەکرد ، بەناوی ئایین فتوای نابەجێ نالەباریان بەلاودەکردەوە هەندێ شەبەکی نەخوێندەواریان هەلخەلەتاندبوو، هەندێ لە مێژوو نووسان ئەحمەد حامد سەرافی نمونەی ئەو ئەوەیان کردبوو بەبەلگە گوایە نوێژناکەن و بروایانی بەگرتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز نیە .

سەمعانی لە فەرهەنگی ناودارەکان بەرگی دووەم لاپەرە (٨٠٢) دەلێت ئەو سەیدە هاشمیانە کە دەلێن ئێمە شەجەرەمان دەگەرێتەوە بۆ خانەوادەی پێغەمبەر ( د.خ ) ، ئەوانە هەونینە بەلکو ئەوانە کاکایی و بەکتاشی و قزلباشی تورکن دەگەرێنەوە بۆ لقەکانی سبائیە و حروفیە و سۆفیگەری و عەلی پەرستەکانی رادە بەدەرن و لە نەهێنییەکانن ، تورك هەولی زۆریان دابوو بیروبۆچوونی خۆیان ئاشکرا بکەن و پەنالی نەبن بەرگری زۆریان لەسەر بوو

ئەوانە نەیانتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن ناچاربوون بەرەو کوردستانی باشور لە وولات شەبەك خۆیان گرتەوە ، چونکە کوردی شەبەك غەریب دوستن و پیاوی ئایینیان خۆش گەرەك بوو خەلکی خەلکی نەزان و نەخوینەواربوون شیعاییەتی خۆیان کرد .

---

[٢] ــ لەزاری چەند رۆشنبیرێکی کوردی شەبەك وەرگیراوە

[٢] ــ احمد شوکت – الکورد منسیون چاپی ٢٠٠٣ ل ٤٩

# كوردی شەبەك و بزوتنەوەی نیشتمانی كوردی

بەدرێژای مێژوو لە دوای لەناوچونی دەولەتیان كوردی شەبەك زولم و ستەمی لێكراوە بەتایبەتی لەلایەن دەستهەلاتدااانی عوسمانی و والیەكانی موسل ، بەچاوی نوكەر و بێگانە تەمەشایان كراوە ، هەمیشە داپۆشینێكی مەزهەبی و نەتەوەیی لەسەر كوردی شەبەك هەبوە خەلكەكەیان بەسەر دەولەمەندەكان و مولكدارانی موسل دابەش كردووە ، بەناوی كرین و دەرەبەگە كوردی شەبەكیان كردبوو گزیر و كرێگرتە لەسەر زەوی خۆی بە وەرزێر كار بكات بۆ مولكدارانی موسلاوی ، كە دەولەتی عیراقی دامەزرا بۆ بارودۆخەكە باشتر نەبوو (

فەرمانرەواو دەستهەلاتدارەكانی یەك لەدوای یەكی دەولەتی عیراقی بەتایبەتی دەستهەلاتدارانی بەعسی یەكەم لە شوباتی ١٩٦٢[٢]ز ) حوكمەتی بەعسی دووەم ١٧تەموزی ١٩٦٨ تاكو نیسانی ٢٠٠٣ بەردەوام هەولیان دەدا گوایە گەلی كورد تەنها چەند خێل و عەشیرەتێكی بەردەوام لە شەرو ناكۆكی دەژین، لەسەر ئەو بنەمایە ڕەگەز پەرستیە زۆر كۆمەلەو خێل و هۆز و عەشیرەتی كوردی لە كوردایەتی خۆیانی بێ بەش كردبوو نەیدەهێشت ناوی خۆیان بە كورد بنووسن و ناوی كوردی لە مندالانی خۆیان بنێن ، زۆر كوردی شەبەك و ئێزدی و كاكەی كە لە رۆژهەلاتی ئاوی دیجلە دادەنیشن لەشوێنی زێدی باب و باپیری خۆیان دووریانی خستە گوایە ناوچەكەیان ئۆتۆمی نایان گرێتەوە ، بەعەرەبی كرد.

[٢] ــ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەڕەش

لەسەر ئەو ئاراستەیەی حیزبی بەعسی گۆر بەگۆر هەول دەدا کەلتوری نەتەوایەتی کوردی شەبەك بسریتەوەو دووریان بخات لەنەتەوەی کورد و ناویان بەعەرەب بنوسێت و هەندێکی وەکو دارودەستەی خۆی بەربەرەکانی پێ بکات دژی نیشتمانی کوردی بۆ ئەوەی تاکی شەبەك دوور بێختەوە لە نەوەکانی رەسەنی نەژادی خۆی هەروەها بەپێچەوانەوە ،زۆر رێگای جۆراوجۆر و سەرچاوەی سەختەی بەکارهێنا بۆ ناوزراندنی ناوی کوردی شەبەك و دوورخسنەوەیان لە کۆمەلگای کوردی و بزوتنەوەی کوردی . (

# راگواستنەوە و بە عەرەب کردنیان

دوای لە ناوچونی دەولەتی کوردی کوردی شەبەکیش دەستهەلاتی لە دەست نەما ، بۆیە توشی ستەم و پەراوێزکردن دەهات لەلایەن دەستهەلاتدارانی عیراقی بەتایبەتی لەسەردەمی رژێمی بەعس هەرجار بەتۆمەتێك تاوەنباردەکران جار دەیان گوت شیعە مەزهەبن یان پێان دەگوترا فارسن لە ئیران هاتونە . یان بە زۆر و خورتی دەبێت ببنە عەرەب ناوی کورد لەسەر خۆتان را بکەن ، بەتایبەتی لەسەر ژمێری سالانی ١٩٧٧ – ١٩٨٧ بەتایبەتی لەسەرژمێری سالی ١٩٨٧ حکومەتی عیراقی لەتۆماری سەرژمێری بە عەرەب ناوی خۆیان بنوسن نەك بە کورد ، ئەو پلانەی میری سەرنەکەوت بۆیە لەکۆتای سالی ١٩٨٨ هەر خێزانێك نەتەوەی خۆی بە کورد نوسیبوو فەرمانرا گوندەکانیان پێ چۆل بکەن خانوەکانیان هاتە رووخاندن تەنەها لەبەر ئەوەی کوردن

[٢] ــ عبدالفتاع علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٦

عەرەب نینە نزیکەی ٣٠ گوند یان هەمووی یان زۆربەی خانوو بەرەی گوندەکانی شەبەکستان وێران کرا لەوانە گوندی : بادیربا ، باژێربووك (ابوجربوعه) بازارگرتا، باسخره ، بازیوا ، کبرلی ،گۆجەلیل ، کانی کەوان ، کارکشان ، مناره ، تەیراوه ، شێخەمیر ، شێخ شیلی ، شاقولی ، ترجله ، تۆبزاوه ، خەزنە،

ئورتەخراپ ، زەهرەخاتوون لەوگوندانە زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار خێزانی کوردی شەبەك بەزۆرە ملێ راگوازرانەوە بۆ باسرمە لە دەشتی هەریر لە پارێزگای هەولێر ، هەروەها ، بۆ هەردوو ناوچەی بازیان و چەمچەمال لە پارێزگای کەرکوك ، قەرەبووی خانووبەرەو مولك و ئەملاکیان نەکرایەوە ، تاکو پایزی سالی ١٩٩٠ میری رەزامەندی دا لەسەر گەرانەوەیان بۆ شوێنی باب و باپیرانیان . دوای ئەوەی سەرکردەکانیان گوتیان ئێمە عەرەبین کورد نین . رژێم ئەو بڕیارەی دا بۆ ئەنجامدانی مەبەستی بەرژەوەندی خۆی ، دووای داگیرکردنی کویت رژێمی بەعس ئاسایشی نیودەولەتی ئابلوقەی خستە سەر عیراق داهاتی تاکی عیراقی دابەزی ، بۆیە کوردی شەبەکی گەراندەوە شوێنی خۆیان بۆ بەرژەوەندی ئابووری موسل و دەوروبەری . (

لە راپەرینی بەهاری سالی ١٩٩١ بەلگەی تەواو ودروست کەوتە دەستی خەلکانی کورد بەنوسراوێك وەکو بەلگە لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی رژێمی بەعس لە هەولێر دەرچووبوو بۆ لقەکانی تری ئاسایشەکان رەوانە

---

[٢] ــ عبدالفتاع علی یحیی سەرچاوەی پێشوو

کرابوو لە رێکەوتی ٣١ئاب ١٩٨٨ دەرچووبوو لەژێر ژمارەی بەهێمای س،ج،س،س١٣٠٦٩ بە زمانی عەرەبی بەم شێوەیە بوو :-

تم اعلانها بما يأتي

هناك عناصر من الشبك الزين التحقوا بافواج الدفاع الوگنى والزين غيروا قوميتهم من العربيه الى الكرديه . أمر الرفيق المناچل على حسن المجيد امين سر مكتب تنقيم الشمال تدمير منازلهم وترحيلهم الى المجمعات السكنيه فى محافقتنا وفگعا سوف لن يتم تعويچهم بأى شكل من الاشكال للتفعل بالاڤلاع واتحاد مايلزم واعلانها

التوقيع

عقيد الامن

بە عەرەب کردن لایەنی دیموگرافی و گوبوگرافی شەبەکستانی گرتەوە ناوی گوندەکانی وولات شەبەك کوردیە ، هەروەکو مێژوو نوس گەمرە یاقوتی حەمومی لە گوندەکانی رۆژهەلاتی موسل گەرایەوە و ئاماژەی بە گوندەکان و دانیشتوانی کردووە ، تەنها یەك جاریش ناوی شەبەك نەهاتوەووشەی شەبەك دەست کردەو نوێی یە هەروەکو چۆن ناوی گوندەکان لە کوردی بۆ عەرەبی گۆراوە وەکو فەدیلە کرایە بە فازلیە ، سەروکانی یان ناوەران کارایە زراعە باشمنایا گۆرا بۆ باشبیتا ، باژێربۆق گۆرا بۆ ابوجربوعە باجباری کرا بە بافخاری ، بلاباز کرایە بلاوات ، سەرەرای ئەوانە هەمووی ووشەی شەبەك بەو کوردە رەسەنە لکاوە .

# رۆڵی کوردی شەبەك لە شۆڕەشەکانی کورد

هەر لە دەستپێکی بەرپابوونی شۆڕەشی کوردی شەبەك پشکداری لە ژیانی رامیاری کردوە هەستی نەتەوایەتی هەبووە کردنەوەی قوتابخانەکانی کوردی لە سەردەمی داگیرکاری ئنگلیزی لە کوردستان. کردنەوەی قوتابخانەیەکی کوردی بەشیوەزاری ماچۆ لە گوندی گۆبجەلیل لە سالی ١٩٩١ بەلگەیەکی سەلمێنراوە بۆ جێگیر بونی هەستی کوردایەتیان ، خوالێخۆشبووی شارەزا لەبواری مێژووی فێرکردن لە عیراق عەبدولرەزاق هیلالی دەلیت : - . زمانی فێرکردن بەشێوەزاری ماچۆی کوردی تێدا دەگوترایەوە هەروەکو شێوازی کوردی شەبەکی گوندەکانی نزیك شاری موسل بوو

هەندێك گەنج و خورتی شەبەك هەروەکو لاوانی کوردی کوردستان هاتبوونە ناو رێزی پارتە سیاسیەکانی کوردی ژماریەکی بەرچاوی لاوانی شەبەك پەیوەندیان بە شۆڕەشی ئەیلوولی مەزن کربوو لە (١٩٦١ – ١٩٩١ ) دەڤەری شەبەکستان بەشێوەیەکی

کاریگەر پشکداری شۆڕەشیان نەکردبوو بەلکو سنووردداربوو ، لەبەر ئەوەی دوور بوون لەبارەگاکانی سەرکردایەتی کورد سەرەرای هەندێ دەڤەری وولات شەبەك دەشتێکی راست و پان و بەرینە دەستهەلاتی رژێم بەسەرزال بوو . بەلام شەبەکستان بە جۆرێکی تر پشکداری شۆڕەشەکانی کوردی دەکرد بازنە ئاسابوو بۆ گەیاندنی هاوکاری وەکو خۆراك و کەل

---

[٢] ــ عبدالفتاع علی یحیی سەرچاوەی پێشوو ل ٢٣٠

[٢]ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی — بەردەرەش

و پەلی پێویست ، هەوەها چەندەها مالی کوردە شۆڕەشگێرەکان لە گوندەکانی شەبەکستان خۆیان عەشاردابوو بە سەدەها خێزانی کورد لەناو دەقی جیاکان لەبەر شەرو وێران کردنی گوندەکانیان لەلایەن رژێم باریان کردبوو لە وولات شەبەك نیشتەجێ ببوون ، دوای سەرکەوتنی شۆڕەشی ئەیلوول و راگەیاندنی رێکەوتن نامەی ١١ ئاداری سالی ١٩٧٠ رێکخستنی پارتی لەزۆربەی گوندەکانی پارتی بەلاو بۆوە ، سەرکردایەتی کورد داوای کرد گوندی بازیوە بکرێتە ناحیە تاکو ببێتە ناوچەیەك لە هەرێمی کوردستان بەلام رژێم لەسالی ١٩٧٦ بڕیارەکەی هەلۆەشاندەوە

پشکداربوونیان لە شۆرشی ئەیلولی مەزن :

کوردی شەبەك بەتایبەتی لاوەکانیان هەستی نەتەوایەتی لەناخیان هەبوو رۆلی نیشتمانپەروەری خۆیان بینی ، هەر لەگەل هەلگیرساندنی شۆرشی ئەیلولی مەزن بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی شەبەك پەیوەندیان بە رێکخستنی پارتی کردو چەکی شەرەڤیان هەلگرت ببوونە پێشمەرگە لە هێزی شێخان بە فەرماندەی حەسۆ میرخان بەتالیۆنێك بۆ شەبەك دامەزرا بریتی بون لە ١٥٠ پێشمەرگە ئامر بەتەلۆنەکە هەر لە خۆیان بوو بەناوی ( حسن عەزیز ئاغای باجەلانی ) دانیشتوانی گوندی ناوەران بوو . لە دووای نسکۆی شۆرەشی ئەیلولی مەزن لە ئەنجامی رێکەوتنی جەزائیر کوردی شەبەك وەکو هەزارەها کوردی تر ئاوارەی ئێران بوون لە ئۆردوگاکانی پەنابەرانی

[٢] ــ عبدالفتاع علی یحیی – سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٦

کوردی عیراق مانەوە ، تاکو سەرهەلدانی پیرۆزی کورد بەهاری ١٩٩١ مانەوە ، ڕۆلێکی دلێریان لە شۆرەشی ئەیلوول گێرابوو ، ژمارەیەك شەهید و برینداریان هەبوو ، لە دوای دانوستاندن لەسالی ١٩٧٤ لە نێوان میری سەرکردایەتی کورد هەنێکیان گەرانەوە ناو رژیم بە زۆرە ملێ رەووانەی کانیلان و هەردوو پارێزگای هەولێر و رەمادی کران . (

## ستەم و شێواندنی ناوی کوردی شەبەك

شەبەك کۆمەلگایەکە لەچەند عەشیرەتێکی ناوداری کورد پێك هاتینە ، دوژمنان هەولیانداوە ناوی شەبەك بسرنەوە زۆربەی مێژوو نووسانی سەدەی بیستەم بە نوکی پێنوسوسی خۆیان پەلاماری ئەو کۆمەلگایەیانداوە و تاوانیان خستۆتە پالیان و سووکایەتیان پێیان کردوە ، ناویان زڕاندوە دوور لە هەموو داب و نەریتێکی کۆمەلایەتی ، کوردی شەبەك لەو کاتی نەیانتووانیە بەرگری لە راستیەکانی خۆیان بکەن ئەوەش لەبەر نەبوونی زانیاری و لاوازی رۆشنبیریان کەسی رۆشنبیری بویرو چاونەترس لەناویان هەلنەکەفت بوو وولامی ئەو دەستە ڕەشانە بداتەوە

کوردی شەبەکستان ستەمی زۆری لێکراوە هەروەکو نووسراوەکان ئاماژە پێدەکەن و لەسەریان گوترایە : شەبەك لە دین دەرچوونە ، رادە بەدەر عەلی دەپەرستن ، نوێژناکەن ورۆژی ناگرن و زکات نادەن و ناچنە حەج ، یان دەلین : لە ئایین دەرچوونە و کافرن ، یان دەلێن بیرو بۆچوونی ئایینی یان هاوشێوەی ئێزدی و مەسیعی و زەردەشتە یان دەلێن

[٢] ــ سعید مەموزینی موصل و کورد لەدوای ئازادی ل١٩

کاکایینە و عەلی پەرستن زێدە بەدەر ، یان وەکو سارولی یان ئایینیان لە پەنێ و بەدزی یە یان بەعەشیرەتێکی تورکومان هەژماریان دەکەن ، شێوەزاری شەبەك ماچۆیە شێوازیکی گشت گیرە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردی دەگرێتەوە ، گەرەکیانە زمانی رەسەنیان بشێوێنن گوتیان زمانی شەبەك لە تورکی و عەرەبی و فارسی پێك هاتوە

یان دەلێن پاشماوەی لەشکری نادرشاهی ئیرانی کە سالی ١٧٤٢ هاتبوو موسل داگیربکات باشە ئەگەر شەبەك پاشماوەی لەشکری نادرشای بێت بۆمان بەدیاردەکەویت دووای گرێدانی ریکەوتن لەگەل حوسین پاشای جەلیلی بە تەنیا پاشەکشەی کردیە بەرەو بەغدا رۆیشتیە بۆداگیرکردنی لەبەر ئەوەی کوردی شەبەك خەلکی دێرینی موسلن شاری موسل لەسەر دەستی ئەوان ئاوەدان کراوە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیاکان سەرەرای ئەوانە هەموو رژێمی بەعس ناسنامەی نەتەوەیاتیان لە کورد بو عەرەب گۆرِیپیسی هەلوێستی سەرۆکی هەرێم بەرامبەر شەبەك ،جگە لە تەپەسەرکردن و ناوزڕاندنی کوردی شەبەك بەلکو دەرفەتیانیش پێیان نەداوە بوونی نەتەوەی خۆیان بسەلمێنن ، تەنها لەبەر ئەوەی کوردن .

دوای دیاری کردنی زولم و ستەم لە کوردی شەبەك کرایە هەندێك بەرژەوەندی تەسکی رامیاری خۆیان شەبەکیان کردۆتە نەتەوەیەکی سەربەخۆ ،کە هیچ پەیوەندیان بە عەرەب و تورکمان نیە ، بە نەتەوەی چوارەم دادەنێن لە عیراق ، ئەم بۆچونەش لە ناوەرۆکی یاداشتی نووسینگەی رۆشنبیری ئەنجومەنی عەشایری شەبەك - هاتوە کە ئاراستەی سەرۆك کۆمار و هەردوو جێگرەکەی کرابوو، لە سەردەمی شێخ غازی ئەلیاوەر ، یاداشتەکە دوور و درێژە هەروەها لێرە و لەوێ هەنێك

کەس خۆیان دەکەنە خاوەنی شەبەك زولم و ستەمەکانیان دەخەنە ڕوو ، بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ هەژماریان دەکەن .

سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مسعود بارزانی لە ووتارێکی مێژوویی پڕ بەهای خۆی لە دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی هەلبژێرداو لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٥ بەرێزی دووپاتی کردەوە و داکۆکی لە مافەکانی کوردی شەبەك کرد کە هیچ بەربەستێکی کوردی لە پێشتر نەیدرکاندبوو ، سەرۆکی هەریم کاك مسعود بارزانی بە روون وئاشکرایی راستیەکانی مێژووی بەلگە نەویستە و دەسەلمێنن شەبەك کوردی ڕەسەنن ، لە درێژایی ووتارەکانی باس لە پلانەکانی پیس و گلاو کرد کە لە لایەن هەندێ لایەنەکان هەلبەستراوە بۆ گەیاندنی زەرەرو زیان بە میللەتی کورد لادان و داپلۆسینی چینێکی زۆر یان لەتێك لە کۆمەلگای کوردی بکەنەوە بە تایبەتی لە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی یان لێبکەنەوە وەکو فەیلی و شەبەك و ئێزدیەکان فەرمووی ئەوە یاری کردنە بە ئاگر (لعب بالنار ) ئەنجامی ئەو پلانانە سەرناکەوێت و تێك دەشکێنن هەر وەکو لە سەردەمی بەرێ لەناو چوون و تێکشکان ، ئەوانەی بەدووای پلانی ئەو جۆرە کەسانە دەکەون خزمەتیان دەکەن ئەوانە خۆفرۆشن و مەبەستیان تەنها جێ بەجێ کردنی بەرژەوەندی تاکەکەسیە .

# ئـــــابوری

## كشتوكال :

خاك شانۆی مێژوویە رووداوەكانی لەسەر ڕوودەدات ، جۆری خاك و كەش و هەوا جۆرەكانی سامانی سروشتی لەهەر وولاتێك دەست نیشان دەكات ، دەبێتە پالپشت بۆ هەرهەمەكانی كشتوكالی و پیشەسازی ، پان و بەرینی دەشتی شەبەكستان دەكەوێتە سەر هێلی بارانی زستانە ، زۆری ئاوی ژێر زەوی دوو رووباری پێدا دەروات رووباری خازر لە ڕۆژهەلاتی دەشتی وولات شەبەك تێدەپەرێت و رووباری دیجلە بە ڕۆژئاوای دەشت دەروات ، ئەوانە هەمووی دەبیتە یارمەتی دەر بۆ زۆر بەروبومی كشتوكالی و ئاژەلی و كارا كردنی پیشەسازی و گۆرینەوەی بازرگانی ، پەیدابوونی بازاری چالاك ، دەشتی شەبەكستان پشت دەبەستێت بە بارانی زستانە و بۆ چاندنی دانەوێلە وەكو گەنم و جۆ ...چاندنی شیناى لەوەرزی هاوینە زیاتر پشت دەبەستێت بە ئاوی رووباری خازر و دیجلە لەگەل ئاوی بیرو كانیاوەكان لە كۆنەوە بەروبومی كشتوكالی و ئاژەلی لە وولات شەبەك بە ڕێگای ئاوی بە دەیان كەلەك و بەلەم بەرەو بەغدا و باشوری عیراق باردەكرا بە تایبەتی دانەوێلە ، گەنم وجۆی پارێزگای موسل بەناوبانگ بوو . هەروەها فێقی و بەرهەمی چیایی لە هەموو لایەكەوە دەگەیشتە

موسل بۆ بازرگانی پێکردن ( دەشتی شەبەك بەناو بانگ بوو بە چاندنی ترێ بەرهەمی ئابوری گرنگ بوو ،

لەسەردەمی مەلیك عبدالمەلیك کوڕی مەروان باجی لەسەر دانابوو گوندی باسخرە بەناوبانگ بوو بە چاندنی داری مێو ترێ تاکو زستان دەما ، بەلام ئەمرۆکە هیچ رەزی ترێی تێدانیە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ کەم تەرخەمی رەزەواتەکان و چك بوونی ئاوی کانیاوەکان ( لەبەر زۆری ئاوی کانیاوەکان لۆکە و پەمۆ لە گوندی خورساباد و دەوروبەری دەهاتە چاندن بەهەمێکی ئابوری بەهێز ی گوند بوو هەر لە سەردەمی ئاشوریيەکان تاکو سالانی دووایی دەهاتە چاندن بەلام ووشك بونی ئاوی ناوەران چاندنی لۆکە نیلۆفە – نەما کۆربۆوە (

دەشتی شەبەکستان دۆل و گرد و چۆلکەی لە خۆ گرتیە ئەو سروشتە جوگرافیا وبارینی باران لە وەرزی زستانە هریکارە بۆ شین بوونی گرژوگیای جۆراو جۆر ، ئەو هۆکارانە دانیشتوان هان دەدات بۆ بەخێوکردنی مەرومالات چێل و چوال و ئاژەلی چوار پێ بۆ مەبەستی کاری کشتوکال و گواستنەوەی کەل و پول و بەرهەمەکانیان . (

لە دەشتی ڕۆژهەلاتی موسل چێلو ماین دەهاتنە بەخێوکردن مەڕومالاتی شەبەکستان سەرچاوەی سامانی ئەو دەڤەرە بوو هەسپ و ماینەکانی

---

[٢] ــ سعید الدیوەچی – سەرچاوەی پێشوو جوزئی ١ لاپەرە (٢٢١)

[٢] ــ یاقوت الحمودی سەرچاوەی پێشوو ٣٢٤– ٣٢٥ جوزئی دووەم

[٢] ــ القزوینی سەرچاوەی پێشو لاپەرە (٣٨٣)

[٢] ــ یاسین حسن گۆران نووسەری کتێب

وولات شەبەك جوان و ناسراو بەناوبانگ بوون ، سەرەرای بەخیوکردنی ئاژەلداری مێش و هەنگڤین یان بەخێودەکرد بەرهەمی هەنگڤینیان نایاب و بەناوبانگ بوو (

## سامانی ئاژەلی :

زۆربەی دانیشتوانی دەشتی موسل گوندنشینەکان کاری سەرەکیان بەخێوکردنی مەڕومالات بوو تاکو سالانی چلەکان مەرومالاتی سەلحی یان بەخێودەکرد لە سالانی پەنجاکان بەرخ ومەرو جوانەگایان وەکو رەبیتە تاکو قەلەو دەبوون بۆ گۆشت دەفرۆشرا هەموو گۆشتی شاری موسل و دەوروبەری دابین دەکرد هەوەها رەوانەی پارێزگاکانی باشووری عیراق دەکرا ، گۆشتی دابەستی شەبەکستان زۆر بەناوبانگ بوو . لە دووای ئازاد بوونی عیراق تیرۆرستان لە موسل کوردی شەبەکیان بەتایبەتی دەولەمەندەکانیان کردبوو ئامانج پەیوەندیان لەگەل موسل لاواز بوو یان بەتەواوەتی پچرا لەبەر دوو هۆی سەرەکی یەکەم چونکە کوردن دووەم لەبەر ئەوەی زۆربەیان شیعە مەزهەبن . سەعید مەموزینی دەلێت : حاجی زوبێر دەولەمەندێکی کوردی شەبەکە (٥٠) شوانی هەیە مەرەکانی رەوانەی تورکیاو سوریا دەکات (
هەروەها دەلێت : دەولەمەندی گەورەیان هەیە (قانع جانۆ ) خاوەنی (٢٠٠ ) تلێرەیە لە سەرانسەری عیراق و دەرەوەی عیراق کاردەکەن دوو گەشتی نەوت گواستنەوەی هەیە لەدەرەوەی عیراق .

---

[٢] ــ سعید دیوەچی سەرچاوەکانی پێشو لاپەرە ٢٢١ جوزئی یەکەم

[٢] ــ سەعید مەموزینی موسل و کورد چاپی ٢٠٠٨ ل ٧٦

# پیشەکانیان

پیشەی هر دەڤەرێك پەیوەستە بە کەرەستەی خاوی ناوچەکە ،دەشتی شەبەك بەروبوومی کشتوکالی و سامانی ئاژەڵی زۆری هەیە ، دەست ڕەنگین و کارا سەری هەلدایە بۆ دروست کردنی بەروبوومی ئاژەلی لە سپیایی وەکو پەنیر و ژاژی و کەشك و داندۆك و شیرێژ لەگەل ڕونی خۆمانی بالا دەست بوو لە بازارەکانی شاری موسل ، پیشەسازی کەول سەری هەلدا بۆ دروست کردنی فەروە و پەستەك و هەمبانە و هیزە و کوندە خوری زۆریان هەبوو پیشەسازی جاجم و کەپەن و تەشکە بەڕە و ڕستن و چنین پەیدا بوو جۆرەها کەلوپەلی ناومال و جل و بەرگ دروست دەکرا ، کەرەستەی خانووبەرە دروست دەکرا داروباری زۆریان هەبوو شەقلە و کاریتە بۆ ئاوەدانی خانوبەرە سازدەکرا . بەردی کسلی گونجاو لە چیاکانی مەقلوب و چیازەرك هەیە بۆ دروست کردنی گێچ چەنەها گارگەی گێچ لەسەر رێگای هەولێر موسل لە گوندەکانی باسخرە وشیخەمیر و خەزنە هەیە .بۆ سپی کردنی ساوار پروش دنگ بەکاردەهات لە چیای مەقلوب بەردی دنگیان دەهێنا و هەتا ئێستا شوێنەواری دنگ لە گوندەکانی مەزن بەرچاو دەکەوێت مرۆڤی دەست وەستا بۆ دروست کردنی ئاشی ئاوی بۆ هێرانی گەنم و دەیانکرد بە ئارد لە وولات شەبەك هەبوون نزیکەی (١٥ ) پازدە ئاشی ئاوی لەسەر کانیاوی گومدی ناوەران هەبون گوند نشینەکانی وولات شەبەك پشتیان پێ دەبەست بۆ بەرهەم

هێنانی ئارد بەشەوو ڕۆژ كاریان دەكر هەروەها كارگەی زەیت زەیتون و دروست كردنی تەحین لە دەشتی شەبەكستان هەیە . (

## داب ونەریتەكانیان

كۆمەلگای شەبەك پێك هاتووە لەچەند عەشیرەتێكی كوردی رەسەن هەندێ بەرەبابی تورك وعەرەب لەناویان دەژین لە گوندەكانی شەبەكستان بەربەلاوون ، زۆربەی هەرە زۆری ئەو كۆمەلگایە كوردن ، دابو و نەریتی هەر میللەتێك لە گۆڕان دایە گۆڕانكاری بەسەر ژینگە كە دێت یان هەندێ داب و نەریتی كۆنینە هەر لەناو دەچێت . بەتایبەتی لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام .

داب و نەریتی دوێنێی كۆمەلگای كوردی شەبەك وەكو ئەمڕۆی نیە ، لە هەموو دونیا ئەو كاردانەوە هەیە چونك مرۆڤ بەگشتی كەوتۆتە ژێر پەرەپێدان و گۆرانكاریە سەردەمەكانی بە ویست و خواستی ئەو بێت یان بە پێچەوانەوە كۆمەلگای شەبەك بەشێكە لە كۆمەلگای میللەتی كورد هەموویان كۆمەلگایەكی كراوەن حەزیان لە پێشكەوتن و پەرەپێدانی ژیانی ڕۆژانەیە .

هەرچەندە هەندێ لە مێژوو نوسان دەلێن كورد كۆمەلگایەكی شوانكارە ئەوان خەریكی كاری كشتوكالی و بەخێوكردنی مەرومالاتن دوورن لە شارستانیەت هەوە هەلەیەكی زەقە كۆمەلگای كوردی هەر لەكۆنەوە

---

[٢] ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەیی / قەزای بەردەرەش

خاوەن شارستانیەتی مەزن و ناودار بووە و حەزی لە ژیانی پێشکەوتوە و ژیانێکی ئازادی پڕ گەرەکە . میللەتی کورد چەندەها شۆڕەشی کردوە بۆ چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی دبین کردنی ژیانێکی بەختەوەر بۆ تاکی کورد هەروەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان باشترین بەلگەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست بیروباوەری ئازادە

و پەیرەوکردنی سیستەمی دیموکراتی و دروست کردنی کۆمەلگای مەدەنی ، هێنانی پرۆگرامی تەندروست بۆ پەروەردە و فێرکردن بۆ دروست کردنی تاکێکی تەندروست هەست بە لێپرسینەوەو خۆشەویستی نشتیمانەکەی بکات .

## خێزانی شەبەك

باوك خاوەنی دەستهەلاتێکی رەهایە لە بەرێوەبردنی خێزان هەموویان گەورە و بچوکیان رێز لە بڕیاری گەورە مال دەگرن و بەوپەری رێزەوە جێ بەجێ دەکەن پەیوەندیەکی مکۆم لە نێوان ئەندامانی خێزان هەیە ، گەورە ریزی لێدەگریت و بەزەیی بە بچووك دادەبات ، شوێنی دانیشتنی باوك لە سەروی هەموویانە ، هەموو ئەندامانی خێزان هەریەکە بەپێی توانای ئەرکی خۆی جێ بەجێ دەکەن لە ئەندامانی کاری کشتوکالی و بەخێوکردنی مەرومالات یان هەر کارێك بکەن کاری ناومال هەمووی دەکەوێتە سەر ملی دایك بگرە خواردن وخواردنەوە و ئامادەکردنی دەرمان و خاوێن کردنەوەو جلك شوشتن ... هتد

شەرەف و ناموسی خۆیان دەپارێزن ،خۆیان بە پاکی رادەگرن سووکایەتی لەسەر خۆیان قەبوول ناکەن ، غەریب دۆستن و مێوانیان خۆش گەرەکە

و خزمەتی دەکەن پیشەی ڕۆژانەی خۆیان خۆش دەوێت مندالی خۆیان فێردەکەن تاکو لێرابێت بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان .
خێزانی شەبەك حەزیان لە تەبایی و پێکەوە ژیانە لەگەل دراوسێ و دەوروبەری ، حەزیان لە کارکردن و کاسبیە بێکاری گەورەترین نەخۆشی یە لەناو شەبەکستان .
خاوەنی بەڵین و ئاخفتی خۆیانن کوردی شەبەك لە ژیانی رۆژانەیاندا راستگۆیانە رەفتار لەگەل بەرامبەری خۆیان دەکەن لە ئیش کردن فێل و غەشیان نیە ، بە ئارەقەی ناوچەوانی پارووی نانی دەوی خۆیان پەیدا دەکەن

## سوننەت کردن :-

لە شەبەکستان جیاووازی لە نێوان کورو کچ یان نێرو مێ ناکەن ، خێزانەکان بەیەك چاو کور و کچ بەخێودەکەن هەریەکە رۆلی کاریگەری خۆیان دەگێرن هەر لە مندالیەوە پێکەوە گەورە دەبن و یاری دەکەن تاکو گەورە دەبن لەگەل یەکتری چ لەناو مال یان لە کاری کشتوکالی و بەخێوکردنی مەرو مالات نێرو مێ رۆلی خۆیان دەبینن لە ئەنجامدانی کاری رۆژانەیان مندالانی کور لە ناو کۆمەلگای کوردی شەبەك لە (٣) سالی تاکو (١٠) سالی دەهاتنە سوونەت کردن یان (سینەت ) بەزارگۆتنی کوردی ماچۆ ئاهنگێکی گەورەیان دەگێرا و چەند رۆژێکی دەخایەند سەرەتا بە کوتال ( قوماش) ی چەند نیشانەیەکی رەنگاو رەنگ لەسەر بانی مالە دەچەقاند داکو خەلکی بزانن ئەو مالە مندالی خۆیان سینەت دەکەن ، خێزانەکە خۆی ئامادەدەکرد بۆ پێداویستی ئاهنگەکە ،

بەتایبەتی لە وەرزی بەهار یان پایز ئەنجام دەدرا چونکە کەش وهەوایەکی لەبارە بۆ زووو چاك بونەوەی مندالەکە .

سەرەتا مندالەکەیان بەجل وبەرگێکی جوان و سپی دەپۆشی مندالانی گوندیان کۆدەکردەوە کورەکەیان سواری ماین دەکرد لە دەرەوەی گونی دەیانسوراندەوە بە گۆرانی و دەم پێکەنینەوە شمشالو دۆلو زورنایان لێدەدا ، پشتی هەنگی سینەت کەر دێت لەناو شەبەکستان پێی دەلێن (بەربەر) ، کەسێکی ئێزدی کە پەیوەندی لەگەل باوکی کورەکە مکوم و بەهێز ە لەکاتی سینەتکردنی مندالەکە لەسەر بالیفێك دادەنێن لەناو کۆشی برا ئێزدی سوننەت دەکەن پشکە خوین دەرژێتە سەر کۆشی ئێزدییەکە ، ئەو کابرای ئێزدی دەبێتە کریف پێی دەلێن کریفی خوێن پەیوەندیان بە هێزتر دەبێت لە خۆشی و نەخۆشی یەکتری پشکدار دەبن دەبنە برای دونیایی و رێزی لێدەگرن لە ناو شەبەکستان لەبن چەرچەفێك مندالیان سونەت دەکەن چار کەس هەر یەکە لایەکی پارچە قوماشە رەنگاو رەنگەکە دەگرن بۆ ئەوەی مندالەکە چاوی خۆی بەرز بکاتەوە لە بەربەرەکە نەبێت لە ناو کۆشی کریفی بەربەر پارچە کەی سەر زەکەری بە دەوە کویزانەکی تیژ لێدەکاتەوە ، مەلاو و خەلکی گوند دەورەیان داوە پیر یان نەلا دەلێت صلاوات لێدەن لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرمان موحەمەد و یاوەرانی . پارچە چەرمەکە بڕاو لە ناو لۆکە پێچرایە دەکەنە ناو سێنی یەك لەنلو ئامادەبووان گردەدەن باوکی کورەکە دەستپێك هندە پارە دەکاتە ناو سێنی یەکە و خەلکی تر بەهەمان شێوە ، ئەو پارەیە بۆ سونەتکەرەکە دەبیت مندالەکە دەبەنە سەر جێگای خۆی خەلکی گوندی هەریەکە دیاری خۆی وەکو پارچە قوماش و جۆتە پێلاو عەباو

جەمەدانی هەر یەکە بە پێی توانای دارایی خۆیی بە منداڵەکە دەدەن ، هەیە گۆشت و برنج و رون پێشکەشی ماڵی باوکی منداڵەکە دەکەن بۆ دروست کردنی خواردنی نیوەڕۆ .

هەموو پێکەوە نانی خۆیان دەخۆن دوعا و نزا بۆ منداڵەکە دەکەن ماڵی کورەکە بە جێ دەهێڵن . ئەوە لە کۆنەوە هەبووە بەڵام ئێستا لەو سەردەمە ئەو ئاهنگ گێرانە نەمایە منداڵی خۆیان دەبەنە لای پزیشکی تایبەت یان یاریدەری پزیشکی سوننەت دەکرێت و دەهێنە ماڵ و بێ ئەوەی کەس بزانێت کە منداڵیان سوننەت کرایە ، لە هەموو شوێنەکانی کوردستان داب ونەریتە کۆنەکانی کوردایەتی بەرچاو ناکەوێت و بەلکو هەر نەمایە .

# هاوسەرگیری :-

گەیاندن وپێگەیشتنی دوو کەس بە رێگای گرێ بەستی ئایینی بۆ پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر کە بنەمایە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا ، لەناو کۆمەڵگای شەبەك هەروەکو پارچەکانی تری کوردستان کوروکچ گەورە دەبن خۆیان دەناسن ، کورە جاعێلەکە چاوی دەکەوێتە سەر خێزانێك کە هاوسەری ژیانی خۆی دەست نیشان بکات راوێژی دەوی کچەکە وەردەگیرێت و پەیوەندی لەگەل سیمای کچەکە دەکەن بەتایبەتی باوکی . کاتێ ویست و خواستی هەردوو لا هاورابوون چەند ردێن سپی لەلایەن باوکی کورەکەوە ئامادە دەکرێت دەچنە ماڵی کچەکە بۆ خوازبێنی مارەیی دەبرنەوە و هەردوولا پێك دێن بانگی پیاوی ئایینی دەکەن بۆ مارەکردنیان مارە بریەکەی بەپێی باری دارایی هەردوو لا دەبێت دوایی

مارەکردن رۆژێك بۆ پێشکەش کردنی نیشان دیاری دەکەن پێش مارەکردن و مارەبرین منداڵانی مام و خاڵی کچەکە ئاگاداردەکەنەوە رازی دەکرێن لەکۆنەوە زاوا دیاری بۆ ئامۆزاو و خوارزای کچەکە پێش کێش دەکرد بەپێی توانای خۆیان بۆ چەسپاندنی پەیوەندی کۆمەلایەتی و خێزانی لە نێوان هەردوو لا رازی دەبوون هەندێ جاریش ئامۆزای کچەکە یان خوارزای هەر لەمنداڵیەوە کچەکەیان بۆ خۆیان دەست نیشان دەکرد هەر بە زاری گۆتن کەس کچەکەی نەدەخواست ، دەستەسەر دەکرا بۆ خۆیزۆر جاریش دەبوو هۆی پچرانی پەیوەندی لە نێوان خزم وکەسی کچە کەیان بەیەکتریان نەدەدا ، جاری وا هەبووە گەشتۆتە رادەی خۆێن رێشتن و دوژمنداری ، ئەوە لە کۆنەوە روویدەدا بەلام ئێستا کۆمەلگای کوردەواری هوشیار بووە و تێگەیشتن پەیدا بووە ،

کچ خاوەن بیرو بۆچونی سەربەخۆی خۆیەتی بەرەزامەندی خۆی و خێزانی کەسێکی باش و گونجاو بۆ دووا رۆژی خۆی و خێزانی هەلدەبژێرێت .

دوایی رەزامەندی هەردوو لا بە ئامادەبوونی پیاوی ئایینی سورەتی فاتیحەو ئیخلاس دینە خویندن لەگەل هەندێ ئاییەتی تر مەلا لەیەکیان مارە دەکات شیرینی گردەدەن وەکو خورما یان شیرەمەنی . بەراستی لەناو کۆمەلگای شەبەك مارە برین هەرزانە باری مالی زاوا گران ناکرێت بۆ ئەوەی هیچ بەربەست لەنێوان کور و کچ پەیدا نەبێت و بەئاسانی کچەکان مێرد بکەن هاوسەرگیری پێك بهێنن لە سەردەمی پارە بەقیمەت بوو مارەیی ٥٠ تاکو ١٠٠ دیناری عیراقی بوو ئێستا مارەیی دەگاتە

٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار تاکو ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار پارەی ئێستای عیراقی هەرێ گران یەك دوو ملیونی عیراقیە .

پێش گواستنەوە کەل و پەل و مالێك ئامادە دەکرێت بۆ گواستنەوە جل و بەرگ و کانتۆرێك لەگەل چەند پارچە زێرێك ئامادە دەکەن وەکو : -

١ - گەردەنە یان ملێند : زنجیری زێرە لە ملی خۆی دەکات بەسەر سینگی دێتە خوارێ

٢- گوشار : جتێ گوشارە ، گوارەی زێر لە گوێی خۆی دەکات تیت و تەقم : زنجیرێکە کۆمەلە پیلکەی پێوەیە چ زێر بێت یان زیو لە سەری خۆی گرێ دەدات بە ناوچەوانی دا دێت .

٣- بازنگ : چەند جۆت بازن لە زێرو زیو بوو بەلام لەکۆنەوە بازنی شوش و شاخ هەبوو لە دەستی خۆیان دەکرد

٤- پرێزە یان خەزیم ، ئافرەتی کورد هەروەها لەناو شەبەکستان هەبوو کەپۆی خۆی کون دەکرد کەپۆی لای راستی کون دەکرد پرێزەی زێری دەکردە تێدا

٥- هەنگشتە : هەنگوستیلە ، دەیانکردە پەنجەی خۆیان

٦- پوانە ، خرخال : لە زێر یان لە زیو دروست دەکرا لە پێی خۆیان دەکرد ، کەسانی دەولەمەند بۆ بووکی خۆیان دروست دەکرد

٧- پشمێند ، کەمەرە ، زۆربەی لە زیو دروست دەکرا کەم دەبوو لەزێر دروست بکرابایە چونکی زێرێکی زۆری تێدەچوو ، گران بەهایە هەموو کەس نەشێت بکرێت

٨- حمایل ، هەمایل : زنجیرێکی درێژە بەبن هەنگلی دا دەهات بە پشتەوە دەسورایەوە سەر ملی لە زیو دروست دەکرا ٩— تاس : ژنە دەولەمەندەکان

تاسی زێر یان زیویان لەسەر دەكرد بە كلاوێكی سور قەدیفە دەبەسترایەوە ئافرەت لەسەر سەری خۆی دادەنا ڕێچكە زنجیرێكی بە پیلكە یان زەنگوڵی هوورد هوورد پێوە بوو بەدەوری سەری دادەهات ئەو زیاتر ئاشورییەكان بەكاریان دەهێنا . ئافرەتی كوردی شەبەك لە كۆنەوە بەكاریان دەهێنا .

مەرج نەبوو باوكی كچە ئەو پێداویستیانەی سەرەوە هەموو داوا بكات یەك دو پارچە دیاری دەكرا بە ڕەزامەندی هەردوو لا لە كۆنەوە ژن بەژنی هەبوو بەلام لە ناوەراستی سەدەی بیستەم ئەو دیاردەیە نەمایە چونكی زۆر كێشە و سەرئێشی بەدوواوە هەبوو، ژن هێنان هەردوو لا هەریەكە خەرجی كچی خۆی دەكێشا ، چار دل زەحمەت بوو بگاتە یەك

دووای تەواو بونی پێداویستیەكان مالی زاوا ڕۆژێك دیاری دەكەن بۆ گواستنوەی بووك ، بەتایبەتی بووك لە ڕۆژی دوو شەمبی یان پێنج شەمبی دەهاتە گواستنەوە ، پاربەربێك دووكچ وئافرەتێكی بەتەمەن دەچنە مالی بووكبۆ ڕازاندنەوەی پاشان خەلكی گوند بە سواری ماهین ووولاغان خۆیان دەرازێنەوە بە دۆل و زورنا دەچنە مالی بووك بە چۆپی و سەما كێشان بووكی خۆیان باردەكەن بە هەلهەلەل و گۆرانی گوتن سوار سوارانێ بووكێ لەمالی زاوا دادەنێن نان وخواردنی خۆیان دەخۆن و تاكو مال نەەستنان داوەت و دۆل و زۆرنا و هەلپەركێ یە ئنجا هەر كەس دەچتەوە مالی خۆیان زاوا دەچێتە لای بووك لە هۆدەی تایبەتی خۆی كە زاوا بوو دیتەوە دەرێ چەند تەقەیەك دەكەن نیشانەی بە زاوا بوونە هەفتەیەك تا ١٠ دەه ڕۆژان خەلكی ئاوایی بە نۆرە هەموو ئێواران گۆشت و خواردنێكی باش دروست دەكەن بۆ مالی بووك و زاوای دەبەن ،

ئەوەی حالی فەقیر بێت سێنیە ساوار هەندە هێلکەی سۆر دەکاتەوە لەسەر ساوارەکە دادەنێت بۆ مالی زاوا دەبەن .

## کۆز بەرەتیٚ لەسەر خەتیٚ :

هەر سالێك باران نەباریت دانیشتوانی شەبەك کۆز بەرەتیٚ ئەنجام دەدەن بەتایبەتی لە هیشکە سالی دا هێواران خەلکی ئاوایی کەسێکی گوند وەکو بووك دەرازێنەوە مال بەمال دەگەرێن دەلێن

بویکا بویکا بارانە

خودایٚ بدیٚ بارانەکیٚ

هێلانەکیٚ هێلانەکیٚ

خودایٚ بدیٚ بارانەکیٚ

کۆز بەرەتیٚ لەسەر خەتیٚ

واتە باران بباریت بۆ مەرومالات گیا شین گۆل شین ببێت کۆزی بەرخان بەرەکەت بکەتە تێدا هەرزانی بێت لەسەرخەتیٚ: باران بباریت خەتی زەوی کە بە ئامێری هەنجار کێلابوو پڕ ئاو ببێت و دەغل و دان شین بیت و بەرەکەت لە ئاسمانیٚ بۆ سەر زەوی بهێت لەمالان دەگەران لەسەر بانی یان لە پێش دەرگا ئاویان بە بووکیٚ بە بارانە دادەکرد گەنم و ساوار و نیسکیان پێیان دەدا و دەرۆیشتن مال مال تاکو شەوانی درەنگ .

# جـــل و بــەرگ

لە سەردەمی عوسمانیەکان تاکو ناوەراستی سەدەی بیستەمجلو بەرگی ژن و مێری وولات شەبەك نەگۆرابوو بەلام جلو بەرگ و راپێچی زەلامان هاتنە سەر شێوەی جل وبەرگی عەرەبی بەتایبەتی لەسەردەمی دامەزراتدنی دەولەتی عیراقی لەسالی ١٩٢٠ چەفیە و عەگالی دشداشە بەسەریان هاتە سەپاندن چونکە وولات شەبەك کەوتە بەردەستی دەربەگە عەرەبەکان

جل و بەرگی کۆنی زەلامی شەبەکستان

زەلامی کامل یان پیاوی بەسەر داچوو دوو جەمەدانی دەبەست یەکێکیان لەسەر سەرێ خۆ دادەنا هەر دوو لیفکەی شۆردەکردەوە جەمەدانی دووەم سەسەری خۆی دەئالاند واتا دوو دەسرۆك لەسەری پیاوان بوو گچی : گچی کراسی قوتە بەلاوەندی بوو پیاوان و ئافرەتان بەکاریان دەهێنا ، بەلام رەنگی گچی بۆ زەلامان ژنان جودا بوو

تاقە : لەسەرگچی لەبەر دەکرا وەکو زەخمە بە خەرج و قەیتان دەهاتە نەخشاندن بۆ جوانی دوو ڕەنگی بوو

دەمیر : قوتك یان کورتەك بوو زەلام لەبەریان دەکرد

شەروال : نەهندە بەرین بوو نەهەندە تەسك واتە نەبادینی و نەسۆرانی بوو بەلکو شەروالێکی مام ناوەندی بوو .

# جل و بەرگی ئافرەتان

ژنی بەتەمەن یالغ فتویان لەسەری خۆیان دەکرد

یالغ : قەدیفەیەکی ڕەشی ئەستورە

فتون : لە ژێر یالغی دادەنرا پارچە قوماشێکی رەشی ناسکی تەنك لە شێوەی تفتای رەش لەسەر سینگی دەهاتە خوارێ

کەسرەوان : هەندێ کچك کە سراوانیان لەسەری خۆ دەکرد لەبنی فتویان دادەنا ، کچ وەختێ شووی دەکرد کەسراوانی بە کولیفانی لەسەری خۆ دەکرد لەبنی فتو بوو

کچی : کراسێکی قووتە واتە کورتە بەلەوەندیە لە دوو رەنگان پێك دەهات جۆر و وار سەرو بنی

زەبوون : بەسەر کچی دادەهات کچی سایە واتە سێبەر لەکچی دەکات

دەرپێ : ئافرەت دەرپێی هەبوو لەبنەوە لە پێی دەکرد تاکو دەگەیشتە سەر جقی پێی ( گۆزینگ )

شورتك : وەکو پشدێنی لە ناوقەدی خۆی دەئالاند لەسەر کچی دەپێچا .

شورتکی گران بەها بە ئارمیش دروست دەکرا هەبوو لە کوتالی ئاسایی دروست دەرکرد . (

چارۆگ : پارچە قوماشێکی چار گۆشەیە چار لیفکە یان چار لای هەبوو دوو لایان گرێ دەدا و لەملی خۆیان دەکرد بەبن هەنگلی چەپی دادەهات لەسەر سینگی و بەری ئافرەتان دادەهات ، زۆربەی ئافرەتان دوو جل و بەرگیان هەبوو یەك لەبەر دەکرا بۆ پاراستنی لاشەی و کاری ڕۆژانەی پێ

---

٢

ئەنجام دەدا جل و بەرگی دووەم خاوێن بوو هەر چار دەوری بە سامتونی ڕەنگاوڕەنگ نەخشرابوو لە ئاهنگ و بیرەوەریەکان ئافرەت لەبەر خۆی دەکرد دیمەن جوانی بەرچاو دەبوو

ئافرەتی کورد لە دەڤەری گۆرانەتی چارۆگیان بەکار دەهێنا ئێستا چارۆگ نەمایە تەنها ئەگەرلەناو بوغچەی پیرەژنەکانی لەتەمەن مان مابێتەوە وەکو یادگاریەك هەلگیرایە.

## ئافرەتی شەبەك

ئافرەتی شەبەکی ڕۆلێکی گرنگ دەگێرێت لە کاری کشتوکال شانبەشانی پیاو لەدورنەی دەغل و دانی زەوییەکان هێنانەوەی بەروبوومی بۆ خەرمان ، هەروەها لە کوتان و کێشانی پشکدارە ، لەوەرزی هاوینە سوتەمەنی دابین دەکات سەرگین و دار رووەك کۆدەکاتەوە بۆ وەرزی زستان ، سەرەرای بەخێوکردنی مندالانی و دروست کردنی خواردن ، هەروەها بەشتێ ئاوی دەکێشا دوایی هەلکێشانی لە چالاوگەکان ، دۆلکەو گوریسی بەکار دەهێنا . بەهارانیش مەرومالاتی و چێلەکانی خۆیانی دەدۆشی و لە شیرەکەی ماست و پەنیر و رون و ژاژی دروست دەکرت لەخۆیان زیاد بایە دەیان فرۆشت . زۆربەی خانوی گوندی شەبەکستان لە خۆل و دار دروست کرابوو سالانە بەتایبەتی لەوەرزی پایز سەری خانیەکانیان سواق دەدا و دیاوارەکانیان دەچرپاند ، گوند نشینەکان کاری هەرە وزیان لەگەل یەکدی ئەنجام دەدا . (

---

[٢] یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی – بەردەرەش

[٢] احمد شوکت ( الکورد المسنیون ) چاپی ٢٠٠٣ لاپەرە (١١٠)

ئافرەتی شەبەکستان بڕبڕەی ناوپشتی مال بوو هاریکارو ڕێخەرو تێکبەری ژیانی ڕۆژانەیان بوو ، سەرەرای بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی . کاودان و ئالیکی بە ئاژەڵەکانی ناو مال دەدا بۆیە کاری ئافرەتی شەبەکستان بەرچاو گرنگ دیارە لەناو کۆمەلگا ئافرەتی وولات شەبەك داخراو دوورە پەرێز نەبوو وەکو کۆمەلگاکانی ناوەراست و باشوری عیراق بەلێ ئافرەتی شەبەك دانوستاندیان دەکرد و بیرورای خۆی هەبوو لە دانیشتەکانی خێزانی .

تەلاقدانی ئافرەت لەناوکۆمەلگای شەبەکی زۆر کەمە پیاوی شەبەك ژنی خۆی تەلاق نادات ، مەگەر هۆکارێکی زەق و بەرچاو نەبێت ئافرەتی شەبەك کەم هەبوو زیزبوایە مالی مێردی خۆی بەجێ نەدەهێشت کاسب کاری مالی مێردە ، هەر لەگەل بانگی سوپێدە تاکو مال نووستنان ئافرەتی وولات شوبوك جوست و چەلەنگ هەلگەرایی یە بەبێ راوەستان و جیاوازی کاری خۆی ئەنجام دەدا .

دوو ژن هینان یان سێ ژنە زۆر کەمە ، زۆر کەم هەیە پیاوێك دوو ژنی کەم هەبێت . لەکۆنەوە ژیانی شەبەك ڕۆژانەیان زۆر گران و کۆلە سەری بوو سەرەرای نەبوونی هەژاری ، بە درێژلی مێژووی کوردی شەبەك کەم هەبووە کچانیان بە دووای جا چێلێك بکەون ، شەرەفی

---

[2] دەستەی ماموستایانی خۆێندنی کوردی لە قوتابخانەی فەدیلەی گۆران (فازلیە)بە سوپاسەوە داب ونەریتەکان لەوان هاتە وەرگرتن و نوسیوومەوە .

خۆیان دەپاراست و داوین پیس نەبوون ، ناوبانگی خێزانی خۆیان پاراستووە . بە دگمەن ئەگەر هەبایە بنبریان دەکرد ، داب و نەریتی شەبەکی کاری نابەجێ و خراپە کاری لەسەر خۆیان قەبوول ناکەن کۆمەلگایەکی ئاشتی خوازن ، ئافرەتانیش خۆیان لە کێشە دەپارێزن تەنها خەریکی کاری بەخیو کردنی و بەرهەمهێنانی کشتوکالیە کچەکانیان زوو بە شوو دەدەن هەروەها زوو ژن بۆ کورەکانیان دەهێنن لەبەر چەند هۆیەك :-

١ـ زوو خێزانێك بۆخۆیان پێك بهێنن

٢ - جاحێل زوو ژن بهێنێت لە ژیان دادەمەزرێت

٣- هەست بە لێپرساوەتی خۆی دەکات لە کاری ڕۆژانەی

٤- مندالی زوو پێڕادەگات گەورە دەبن . (

---

٢ ــ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەی — بەردەرەش

# پێناسەی عەشیرەتەکانی سەرەکی شەبەك

## بـــاجــەلان :

### ئەسل و ڕەگەزیان شوێنی دانیشتنیان

زۆربەی مێژوو نوسان کۆکن لەسەر ئەوەی لە دەڤەری ئاماد (دیاربەکر ) گوتەی باجەلان ناوی ناوچەیەکە لە نزیك خابوو باکوری جەزیرەی بۆتان ، لە بەلگە ئارامیەکان نوسرایە باجلایا (

ئەفسەری مێژوو نوس هەوالگەری بەریتانی بلیجرسۆن لە تێبینیەکانی لەسەر هۆزەکانی کوردستانی باشور لە نێوان زێیی گەورە و دیالە دەلێت :

دامەزرێنەری خانەوادەی باجەلانی عبدال بەگ باجەلانی بووە ، خەلکی دیاربەکرە ، لەسالی ١٦٣٠ عەبدال بەگی باجەلانی راگوازرایەوە بۆ ناوچەی زەهاو دەستهەلاتی خۆی بەسەر ناوچەکە داگرت کە بە زمانی کەلهوری دەپەیڤین .

باجەلانیەکانی لە دووای شەریان لەگەل محمد عەلی میرزا لە سەدەی نۆزدەم دۆرانی ، پەیمانی ئەرزە رۆم لە رێکەوتی ٣١ ئایاری سالی ١٨٤٧ لەنێوان سەفەوی و عوسمانیەکان واژوو کرا دەڤەری باجەلانیەکان کەوتە ژێر دەستی سەفەوییەکان . (

---

[٢] ــ الیزیدیه بقایا الدیانه المثرانیة

[٢] ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٤٠

باجەلان هۆزێکی زیرەك و شەر کەر بوون زیاتر لە ٣ سێ سەدە پشتیوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد بوو ، رێگاکانی ستراتیژی بازرگانی پێیان راسپێنرابوو لە ئەنەزۆل لە باکوری سوریا کە دەکاتە کوردستانی رۆژهەلات زۆربەی شوێنەکان لە موسل و بەغدا هێلیکی درێژیان گرتبوو بگرە هەر لە لۆرستان تاکو گەیشتە موسل ، ئاسایشی ناوچەکانیان دەپاراست و باجیان کۆدەکردەوە . لە رۆژهەلاتی کوردستان بە باجلوەند دەناسران لە دەوروبەری شاری خورەم ئاباد بروجەرد سەر بە پارێزگای لۆرستان هەوەها لە شۆش و دیزەفۆل دەژیان .

عەشیرەتی باجەلان دەبنە دوو بەش :

بەشی یەکەم : جۆمرۆ ئەوانیش دەبنە چەند لقێك لەوانە : سایکوند ، خاجیلار ، غەریب وەند ، جەلیل ئاغا ، شێراوەند ، مامەوەند ، داود وەند ، خەلیل ئاغا

بەشی دووەم : قازانلۆ ، قازانلۆ چەند لقێکی لێدەبێتەوە لەوانە : حاجی خەلیل ، وەلی ئاغا ، عبدلرحمان ئاغا ، سەرۆکی قازانلۆ ئەمانەن : وەلی ئاغا سەرۆکی هەموویانە رشید اسماعیل ئاغا ، عبداللە عزیز ئاغا لە دەڤەری خانەقین دەژین چەند لقێکی قازانلۆ لە شەبەکستان دەژین بەسەر ئەو گوندانە بەلاوون ، بایبۆخت ، فەدیلە (فازلیە ) ناوەران ، عومەر قابچی ، گۆگجەلیل ، ئۆرتە خراپ ، زەهرە خاتون ، ملیارە ، خورسیباد ، جلیوخان ، تۆبزاوە ، ئومکان ، سەرۆك عەشیرەتی باجەلان لە وولات شەبەکی دەشتی موسل ئەمانەن : مندالان حسین وبەشیر ، فازل وعەلی ئاغا لەگوندی بایبۆخت ،

مندالانی عەزیز و مەجید و ئەحمەد و صالح و یونس و زەنون لە گوندی ناوەران ، مندالانی وەلی ئاغا : رەجەب و ئەحمەد ، ئەحمەد لە فازلیە لە گوندی ئیسماوە سەر بە قەزای بەردەرەش مالی عەلی وەکی مالی خەجۆکە لە خورساباد گوندەکانی باجەلان لە ناو لە ناو شەبەك پێیان دەگوترێ هۆز گەلی باجەلان گەل . هۆز بە مانای گوند دێت گەل : بۆ کۆکردنەوە بەکار دێت وەکو دەلێن کوڕ گەل گا گەل باجەلان گەل .

مالی حجی مزعل لە گەندی تۆبزاوە ، مالی (ئەلبوسلکە ) و حجی مصلح و سعید و ملا قاسم لە عومەر قاپچی مالی حجی یونس کجی و محمد سلتان حجی جاسم ، مالی حجی یونس و حەمدی ، ئەوانە هەموویان لە عەشیرەتی باجەلانن (

# زەنـــــگەنە :-

زەنگەنە عەشیرەتێکی کوردی بەناوبانگە ، بە هێز یەکدەگرن خاوەن دەستهەلاتی رامیاری و کارگێرینە ، گەریدەو مێژوو نوسان و ڕۆژهەلات ناسەکان لە کتێبەکانی خۆیان باسی عەشیرەتی زەنگەنەیان کردوە . شەجەرەو رەچەلەکیان بۆ میدیاکان دەگەرێتەوە کە باپیرە گەورەی کوردان بوون

عەشیرەتی زەنگەنە بە درێژایی مێژوو دەستەهەلاتداری سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆیان هەبووە لە کوردستانی گەورە کاتێك دەستهەلاتیان بەسەر گشت ناوچە و قەزاکانی کرماشان هەبوو هەروەها کۆنترۆلی

[2] ــ اسماعیل خلیل باجەلانی ( دەست نووس ) ناسراوە بە ئەبو وەقاس

ناوچەی زەهاو خانەقین و زرارەتیان کردبوو لەسەردەمی میر ئیسماعیل و کورەکەی ئەحممەد کۆنترۆل یان لە ڕۆژهەلاتەوە دەربەندیخان ، تازە ، خۆرماتو ، دوز ، بیات ، سلێمان بەگ ، ناوچە چیایی حەمرین هەروەها شارەزوور زولم ، تانجەڕۆ بازیان و شوان هەموو لەبەردەستی فەرمانرەوایەتی میرنشینی زەنگەنەبوو .

لەسەردەمی فەرمانرەوایەتی سەفەوییەکان پەیوەندی نێوان (شاه ئەحممەدی قاچەری ) ئێرانی لەگەل ( نەوشێروان بەگ ) سەرۆکی عەشیرەتی زەنگەنە پچرابوو ، بۆیە لەسالی ٩٧٥ کۆچی نەوشێروان بەگ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەرماشانی بە جێهێشت بەرەو شارەزور هات لە کفرێ و کەلار و خانەقین نیشتەجێ بوون ( . دووایی تێکشکاندنی میرنشینی زەنگەنە لە سالی ١١٧٠ك ١٧٥٧ زاینی زۆر خێزانەکانی زەنگەن پرت وبەلاو بونەوە شوێنەکانی تری کوردستان و عیراق هەندێکیان چونە باژێری حلە گەرەکێکی گەورە کوردی زەنگەنە لە باژێری حلە هەیە زۆر بەیان هاتنە پارێزگای موسل لە وولات شەبەك خۆیان گرتەوە شێوازی ماچو دەئاخڤن لەوگوندانە بەلاون فازلیە ، بازیوە ، گۆری غەریبان ، کەپرەلی ، تۆبزاوە ، دراویش ، خرابە سولتان ، باسخرە ، شێخە میر ، پیرحەلان ، ترجلە ، جیلوخان ، عومەرکان ، قەرەشۆر . گەرەکێك لە ناو شاری موسل هەیە بە گەرەکی زەنگەنە ناودەبرا ، جسری کۆنی موسل بە دەستە راست زۆر مالە زەنگەنە لەوێ نیشتەجێ بوون ،

[٢] ــ عمر حاجی علی رەزا زەنگە ( تاریخ امارات زەنگە نە ) ل ١٠

لە سەردەمی عوسمانیەکان خراپ کرابوو خۆش ( الخان ) پاشی کرایە مەیدان گۆرەپانێکی گەورەی سیارە راوەستان (

مزگەوتێکی گەورە بەناوی عەشیرەتی زەنگەنە لە ناوشاری موسل دروست کرایە مزگەوتی ( جامع حمۆ قەدۆ ) لە ڕاستیدا ناوی (محمد قادر) ە کەسێکی دەولەمەند و دڵفرە بوو دەستی کرایەوە بوو بۆهاوکاری هەژاران و نەداران زەنگەنە لە کەرتی یەکەم سالی ١٧٥٧ ز کۆمەلە خێزانێك هاتبونە وولات شەبەك . زەنگەنە لە کفریّ و کەلار جەبنە دوو بەرەبابی سەرەکی مالی ١- فارس ئاغاو ٢- مالی رۆستەم ئاغا . دیسان لە سالی ١٨١٠ز هەندیّ مالی تر لە کفریّ بەرەو هەولێر هاتن لەویّ هاتنە کەلەکی یاسین ئاغا لەویّ ماوەیەکی کورت مانەوە پاشان باریان کرد بوونە دوو برِ برِیکیان هاتبونە گوندی زەنگەنان لە ناحیەی دارەتوو سەر بە قەزایی بەردەرەش هەوەها لە بەردەرەشی کچکە ئاکنجی بوون چینی دووەم چونە باسخرە و شاقولی لەسەر ڕێگای هەولێرو موسل لە بناری چیا زەردك شوێنی خۆیان کردەوە ئێستا موختاری گوندی شاقولیزەنگەنەیەو پەیوەندی هات و چوون لە نێوان هەر دوو چین مایتەوە . ئەو دوو چینە لە بەرە بابی مالی فارس ئاغای کفریّ بوون . کوردی زەنگەنە جل و بەرگیان سەلتەو کەویّ بوو لەگەل شەدە یان جەمەدانیان لەسەری خۆیان دەئالاند زۆربەی پیاوی بە تەمەنیان تاکو ناوەراستی سەدەی بیستەم

[٢] ــ لەزاری عبداللە محمد خالد ناسراوە بە ( عبداللە گۆران ) وەرگیراوە لە گۆڤاری خازر بەلاو کرایتەوە ، نووسینی یاسین حسن گۆران

سەلتەو کوێ لەبەریان بوو ، کەوایەکە خیت خیت بوو لە قوماش و تەورێزی دروست دەکرا .

## زراری

لە سەردەمی میرنیشینی زەنگی پەیوەندی نێوان سەرکردەی کورد صلاح الدین ئەیوبی لەگەل زەنگی یان تێك چوو ، صلاح الدین ناچار بوو خەلکی کوردی زراری لە گوندەکانی پیرمام بیرخال و ئەحندەکان و دەوین و کۆڕێ بهێنیتە شەبەکستان لە دەشتی ڕۆژهەلاتی موسل ئاکنجیانی کرد ، لەو سەردەمەی عەشیرەتەکانی گۆران و رۆژبیانی و بارامی و سورچی و هەرکی و شکاك هەندێ زێباری تێدا دەژین ئەوە لە کۆتایی سەدەی یازدە زراری بوونە پالپشتێکی بەهێزی کوردی شەبەك لە سەردەمی سولتان موزەفەرەدین کوکپری مەلیکی هەولێر بوو کە دەکاتە خەزووری سەلاحەدین ویستی هێزیکی کەوانەیی لە دەرەوەی موسل دابمەزرێنێت بۆ بەرپچدانەوەو تێکشکاندنی پیلانەکانی زەنگی یەکان ، میری زەنگی یان نەشیا لەشکرکێشی بۆ سەر شەبەکستان و شاری هەولێر بکات [(]

بەرەبابەکانی عەشیرەتی زراری دەسپێکی هاتنیان لە گوندانە نیشتەجێ بوون لە گوندی : دەراویش ، تەیراوە ، قەرقەشە خرابە سولتان ، تەرجلە ، سەلامیە

باپیرەی گەورەی زراریان لە گوندی دەراویش ئەحمەد ئاغا بوو ئیستا نەوەکانی مستەفا و خەتاب لە گوندی دەراویش دادەنیشن حسین کوری

---

[٢] ــ احمد شوکت سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧

حسن کوری ئەحممەد ئاغا ، لە گوندی قەرقەشە دادەنیشن مندالەکانی حسن وحسین لە گوندی خرابە سولتان ئاکنجینە هەروەها خانەوادەی ئەلبو تاوگ لە گوندەکانی شەبەکستان بەلاوون لە عەشیرەتی زرارینە .

## هۆزی داودی :

یان هۆزی داودە یەکێك لەهۆزەکانی کوردە کە نزیکەی ٤هەزار خێزان بوون لە ساڵی ١٩٢٠ لە دەوروبەری کەرکووك، خانەقین، کفری، کەلار، تاوق و گل نیشتەجێن. لەنێوان ڕووباری ڕۆخانە و دۆڵی هۆمربل – عمربیل و کەوتوەتە نێوان هۆزەکانی شێخان و جاف و تاڵەبانی و زەنگنە و دەلۆ و بەیات؛ و هەرێمێکی فراوانی گرتووەتەوە، داودە لە هۆزە دێرینەکانی کوردە و ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠٠ خێزان.

سەرچاوەیەکی دیکە باس دەکات هۆزێکی کوردی جەونگاوەری نیمچە کۆچەرە لەسەر ڕۆخەکانی گچکە نیشتەجێن. مەلەوانی چاکیان تێدایە. سوارەی هەژاریشیان زۆرە. لە کوردەکانی بەبەن.

ئەم هۆزە لە دەوروبەری ئاوەسپی نزیك خورماتوو نیشتەجێ بوونە، بایەخ بە کشتوکاڵ و ماڵات بەخێوکردن دەدەن.

ئەم هۆزە دابەشی سەر دوو بەش دەبن کە بە داودەی کوێستان و داودەی گەرمیان ناسراون، کە داودەی کوێستان لە دەوروبەری مووسڵ هەن توانایەکی باشیان هەیە و گوندەکانیان زۆرە. ئەو شارانەی ئێستا هۆزی داودەی تێدایە: قورەتوو، دوز، کفری، قادرکەرەم، خانەقین، داقوق، کەرکووك و کەلار ئێستا ژمارەیان زیاتر لە ٧٠هەزار کەسە.

عەشیرەتی داودی مێژوویەکی پڕ خەبات سەروەریان هەیە لە بەرگری کردن و پاراستنی رەگ و چەلەکی کوردی شەبەك لەو گوندانە دادەنیشن: باژێربووك (باجربۆغ) ،کانوونە، خورسباد، ئارپاچی، عومەر قپچی ،جلیوخان.

الدکتۆر غالی داودی لە تۆژینەوەیەکی خۆی دەلێت : ژمارەوەی دانیشتوانی ١٠ هەزار کەس دەبن شوێنی دانیشتنیان دەکەوێتە نێوان داقوق و تۆزخورماتۆ وکفری و ناحیەی قادرکەرەم ، هەندێکیان لە رۆژهەلاتی موسل لە دەشتی ولات شەبەك لە ٣٠ گوند دادەنیشن ، هەروەها لە پارێزگای واست و بابل و دیالا و زی قار و ئەنبار هەنە ، بەتنێ لە پاریچزگاه کەرکۆك زیاتر لە پەنجا گوند دادەنیشن .

خێزانەکانی عەشیرەتیداودی لە رەقەو ئەریحای سوریا هەنە لە ولاتی فەلەستین و ئوردن و مەغریب بەلاون .

# گێژ

گێژ لە دەڤەری سەرانگێلی باکووری کوردستان هاتبونە کەلار و کفرێ باپیرە گەورەیان ئەحممەد پاشا بووە چار کوری هەبووە

١- باپیر ٢- رشید ٣- قەمبەر ٤- ...... نەزانراوە

لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی سەر بە قەزای بەردەرەش و شێخان بە لاوون

بەرەبابی حەمۆکە لە گوندی بازوایە دادەنیشن گێژن دەگەنە مالی مشیر ئاغای گۆران

**مستەفا – صالح – اسماعیل – مشیر ئاغا - بشار ئەحمەد پاشا – تەها – جەردیس**

**خلیل – فاسح – جمعه – محمد (حموکه) - مستەفا – یاسین دکتورخزعەل ([2]**

**سمایل ئاغا و صالح ئاغا کاتێ سەردانی موسلیان بکردبایە چەند ڕۆژێك قۆناغیان مالی حەمۆکەی بوو لە گوندی بازوایە**

**هەروەها ئۆمەر و کونار و دەرباز سێ برا بوونە عەساف و شاباز و جوندی ئامۆزای یەکن هەموویان گێژن لە ناوچەی نارین سەر بە دەڤەری کفری هاتبونە سێکانی جامعە یان سێکانی بچووك لەوێ بەلاو بوونەوە بۆ قەلاتۆك و گولیجە و سێکانی گەورە و دووبەردانی گچکە ئەو گوندانە سەر بە ناحیەی باشیکن. بەرەبابی حەموکەی لە گوندی بازاویە دەژین حەمۆکە کەسێکی ناودار بووە لە ولات شەبەك دەولەمەند بووە لەسەر ئاستی موسل ، بەبەلگەی هاوپێچ لە پاشگۆی وێنەی دەولەتی عوسمانی زێر وپارەی لە محمد ناسراوە بە حەمۆکە قەرد کردووە بە خەرجیاتی والی موسل و بەرێوەبردنی کارگێریەکەی**

---

[2] گۆڤاری خازر خانەوادەی مشیر ئاغا لە نوسینی یاسین حسن گۆران

# پنیانش

پنیانش ناوی دەڤەرێکە لە ولایەتی وانی تورکی لە باکوری کوردستان ، سالی ١٩١٤ – ١٩١٧ شەری یەکەمی جیهانی هەلگیرسا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و رووسیا ، شەر و پێکدادان گەیشتبوو دەڤەری پنیانش لە ولایتی وانی کوردستانی باکور رۆستەم ئاغای پنیانش لە گوندی خواتە دادەنیشێت هاوپەیمان بوو لەگەل ئەحمەد ئاغا دارای گەورەی عەشیرەتی دری ، رۆستەم ئاغا بانگی چەند کەسایەتی و ناوداری کردبوو وەکو جانگیر ئاغا ئەلەوەری دری ، فرحان ئانمای دۆسکی ، حسن ئاغای دۆسکی سیتۆ ئاغای ئۆرەماری ، حوسێن ئەفەندی رێڤەبەری ناحیەی دزێ بە تورکی ( ناحیەی مودیری ) رۆستەم ئاغا پێیانی گوت : من شەر دەکەم و کونەح کەس هەلناگرم ئیوەش ئازادن ، ئەوەە شەر دەکات کەیف و خۆشی هەندێ فەلە لە دەوروبەریان دەژیا ئاگاداریانی کردەوە بە خۆشی بۆخۆتان باربکەن ، مالە فەلە کان باریان کردبوو باقووبە (بعقوبە ) پاشان گەرانەوە دۆلی نەهلە ، و لەسالی ١٩٢٤ لەو مالە فەلانە هەندێکیان هاتبوونە گوندی هەزار جۆتی سەر بە ناحیەی رۆڤیا لە قەزای بەردەرەش ، رۆستەم ئاغا شەر دەکات لەسەر سنووری عیراق و ترکیا لەناوچەی گەلی سێگویز نزیك گوندی بەردەرەش تورکیا رۆستەم ئاغا و جەوهەری کورەکەی شەهید دەبن هاتبوونەلانی عبدالقادر ئاغای شێخکی چونکە بە ئەسل خەلکی گوندی خرواتە بوو ، عەلی کوری رۆستەم ئاغا مێوانی سەید عمر لە گوندی مغارە دەبن پاشان دێنە گوندی عومەر قاپچی لە ناحیەی باشیك ژنی حسن بەگ لەگەل هەردوو کورەکەی لە

گوندی خورساباد کەسێك بەناوی عەبۆ شەبەك بۆ خۆیانی دەبات لەوهەلاتنە [٣] سێ ژنی بنیانش لەگەل محمد میرزا حسین ناسراوە بە ( محمد کرمانج ) هەتا ئێستا لە گوندی تلیارە مایتنەوە ژنەکان : گوڵێ خەلکی گوندی ئانوور پنیانش مێردی بە الیاس لالۆ کرد بەفرێ مێرد بە ئەیوب کور دەکات سەدۆ مێرد بە عەلی لالۆ دەکات لە گوندی تلیارە . ٢٨ .

- رۆشنبیرێکی گوندی شەبەك لە گوندی بازاویە

محمد کرمانج خەلکی گوندی ئەرداش لە ناوچەی گوێژ سەر بە قەزای باشقال دادەنیشێت ئێستا بەرە بابێکی گەورەنە لە گوندی تلیارەی شەبەکستان دەژین نزیکەی ٧٠ حەفتێ مال دەبن لە تلیارە و عومەر قاپچی دەژین چەند خانەوادەیەکی تری پنیانش لە گوندانە دەژین مالی حەمدی لالۆ لە گوندی خورساباد ٤٠ چل مال دەبن مالی عبدالله و مالی عەلی نەحۆ لە گوندی گۆری غەریبان نزیکەی ٢٠ – ٣٠ مال دەبن ، مالی بەدۆ لە گوندی باعەدرێ مالی شاهین ئاغا دۆسکی پنیانشین لە گوندی تەرجلە نزیکەی ٥٠ مال دەبن مالی ئیبراهیم بابان پنیانشن لە گوندی شاقولی ، غەریب جەمال لە گوندی ئالی رەش مندالی اسماعیل عبدالله لە سادە و بەعویزە دەژین پنیانشن مالی حمید مهاجر لە گوندی شەمسیات دادەنیشن ، یحیی و الیاس عەشیرەتی بەگزادە لە گوندی دزی تەلگەوەر هاتبون ئێستا لە گوندی تۆبزاوەی شەبەکستان دەژین ئامانجی عەشیرەتی زێبار ئەوانیش لە دەڤەری پنیانش لە باکوری کوردستان هاتبوون لە دۆلی نەهلە نیشتەجێ بوونە . (

---

[٢] ـ عبدالله محمد خالد ئاغا ناسراوە بە ( عبدالله گۆران ) بۆمی گێرایەوە

# كاكـــەیی

زۆربەی عەشیرەتی كاكەیی لە كەركوك و خانەقین و رۆژهەلاتی كوردستان دەژین ، ووشەی كاكەیی ناوی شوێن نیە بەلكو رێبازگەیەكی ئایینی یە چەند بەرە بابێك لە كۆنەوە پەیرەوی ئەم ئایینە دەكەن لەوانە :

١ـ لەك ٢- هەفتە غازی ٣- قرە حسین ٤- مام ٥- جولەمێرگی ٦- سەید كاكی ٧- باوە ئەوانە لە خانەقین و لە سەعدییە و لە كەركوك دەژین هەروەها لە هەورەمان و لە سلێمانی هەنە .

١ـ هەندێ مالە كاكەیی لە تیرەی باوە لە گوندی فازلیە سەر بە ناحیەی باشیك دەژین لەوانە مەلا یونس و مندالی و مندالانی عەلی و حسین لە گوندی سێكەند (باریحە) یونس جەردۆ براكانی لە گوندی خورساباد كاكەیی نە مندالانی ابراهیم خلیل و عاید خلیل كاكەینە هەروەها رێزە گوندەكانی سەر زێی بادیسنان هەر لە ناحیەی گوێر بگرە تاكو دەگاتە كەلەكی یاسین ئاغا لەو گوندانە تەل لەبەن وەردەك ، صوفەییە ، زەنگل ، زەهرەخاتون ، خرپ سولتان ، كەبەرلی ، قیماوە ، مەتراوە ، كەلەك یاسین ئاغا ، قەرقەشە لەو گوندانە دەژین هەموویان بە شێوازی ماچۆی رەسەنی دیالێتكی كوردی دەئاخڤن [1]

---

[2] ــ كەریم ئاغایی هەمەوەند ( هۆزی هەمەوەند ) چاپی كەركوك ٢٠١٠

## هۆزی هەمەوەند

لە نوسینگەی مفەوەزیەی مەدەنی بەریتانی لە بەغدا سالی ١٩١٩ تێدا هاتوە ، هۆزی هەمەوەند کراینە دوو بەش بەشێکیان بۆ تەرابلوس (گرابلوس) راگوازرانەوە بەشی دووەم بۆ ئەدەنە ڕاگوازرانەوە ،

هۆزی هەمەوەند لە دەوروبەری کرمانشان ناوچەی شیراز و قەزوێن و خانەقین و قەسر شرین دەژیان لە کۆنەوە هەمەوەند لە باکوری کوردستان لە شاری وان و دەورووبەری دەریاچەکە دەژیان لەبەر چەند ئەگەرێك پەرت بوون بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان رۆیشتن لەوێندەرێ لەیەکتریان دەپرسی دەیانگۆت ئێمە وانین واتە لە ناوچەی وان بەرەو کوردستانی ئیران چووبوون لە یەکتریان دەپرسی (هەموو وانی = هەموانی = هەمەوەند = یان دەلێن برا گەورەیان ناوی هەمە بوو نازناویان بە هەمەوانیەکان بردووە پاشان بوویتە هەمەوانی .

هەمەوەند برا گەورەیان ناوی خوداد بووە چار کوری هەبووە :-

١- رەمەزان : نەوەکانی بە نازناوی رەمەوەند ناودەبرێت
٢ـ یادگار : نەوەکانی بەگ زادە دەناسرێت
٣ـ رەشید : تیرەکە بە ناوی رەشەوەند هاتوە
٤ سەفەر : بە تیرەی سەفەرەوەند دەناسرێت [2]

عەشیرەتی هەمەوەند بەسەر چەند گوندێکی وولات شەبەك بەربەلاوون لەوانە : حاجی خدر محمد عبدی لە گوندی شێخ شیلی بنەمالەی حاجی

---

[2] ــ کەریم ئاغایی هەمەوەند ( هۆزی هەمەوەند ) چاپی کەرکوك ٢٠١٠

محمد ئال اسماعیل وەندی لە خەزنە تەپە مالی خالد ابراهیم ئال ئیسماعیل وەند لە گوندی خەزنە تەپە

هەروەها عەشیرەتی هەمەوەند لە دەڤەری گۆرانەتی هەنە لە گوندی دڕین بۆت سەر بە قەزای بەردەرەش دەژین .

# شاوبردی میری لۆری بچوك

هەندی شەبەك لە سەردەمی میری لۆری بچووك شاوبردی بۆ شەبەکستان هاتوونە دووای شکانیان لە شەرێك دژی صەفەوییەکان هەبوونی شەبەك و کاکەیی و صارولی لە دەشتی شەبەکستان گۆران لە هەردوو قەزای بەردەرەش و شێخان دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی میری لەری (شاوبردی ) دووای شکانی لە شەرێك لەگەل شاه عەباسی صەفەوی ، بۆ کەرتی دووەم شەری هەلگیرساندەوە بەلام دیسان لە ناوچوو پاشەکشەی کرد پەنای بۆ دەولەتی عوسمانی بردبوو ،هەروەکو مێژوو نوسی بیرمەند محمد امین زەکی لە کتێبەکەی (مێژووی دەولەت و میرە کوردیەکان ... ) واتە عەشیرەتەکانی گۆران خۆیان گەیاند بوو دەولەتی عوسمانی . لە ڕوو داوەکانی سالی ١٦٠٠ – ١٦٢٠ زایینی عوسمانیەکان دەڤەرەکانی رۆژهەلاتی موسلیان بۆیان کوردی شەبەك لە رووباری خەوسەر تاکو رووباری خازر گۆران لەسەر رووباری خازر لای چیایی مەقلوب تاکو دەگاتە زێی بادینان

هەلبژارد بۆ دروست کردنی لەمبەرێکی نیمچە کەوانەیی لە دەوری شاری موسل و بەهێزکدنی هەلوێستی عوسمانلی لەو ناوچانە دژی

صەفەوییەکان کاکەیی و صارولی لە ڕۆژهەلاتی شەبەکستان تاکو باشوری دەڤەری گۆرانەتی ، بەم شێوەیە عوسمانیەکان بەربەستێکی قایم وموکومیان بەرامبەر هێرشەکانی دەولەتی صەفەوی دروست کرد . شێوەی ئاخفتنی ئەم عەشیرەتانە لێك نزیکن ، دیالێکتی ماچۆی کوردی شەبەك بە شێکە لە شێوەزاری گۆران ، عەشیرەتە گۆرانەکانی دەڤەری بەردەرەش و شێخان لە شێوە زاری ماچۆ دەگەن )

# کەسایەتیە ناودارەکانی ولات شەبەك

١-عەلی ئاغایی باجەلانی : کەسایەتیەکی ناوداری شەبەکستانە نەوەکانی لە ژیان ماون ، باجی لە خەلك وەردەگرت و کێشە کۆمەلایەتیەکانی چارەسەر دەکرد ، دەستهەلاتێکی سەربەخۆی هەبوو زیندانی تایبەتی هەبوو خانەوادەیەکی ناودار بوو دیوەخانی بەردەوام جمەی لە خەلك دەهات لە گوندی بایبۆخت دادەنیشت .

٢ ـ فازل ئاغای باجەلانی : نەوەی عەلی ئاغا بوو ، زۆر کورد پەروەربوو رۆلێکی گرنگی لە شۆرەشی ئەیلولی موزن گێرابوو لە مالی خۆی ٥٠ پەنجا خێزانی پەنابەری کوردی حەواندبۆوە نانی دەمی خۆی پێیان دەبەخشی چەند سالێك مابوونەوە ، سەردانی بارزانی کردبوو بارزانی ٣ سێ برنۆی بە دیاری دابوو فازل ئاغایی باجەلانی .

٢ ــ گۆڤاری سەرهەلدان ژمارە ١٢ ــ ١٣ دهوك ١٩٩٤

٣ـ عەلی سلێمان بەهار : کەسایەتییەکی ناوداری کوردی شەبەکە کەسێکی زۆر بیرمەند و هوشیاربوو لە سالی ١٩٢٤ لە گوندی تاهیر ئاوا لە دایك بووە ، لە سالی ١٩٥٩ خوێندنی یاسای تەواو کردبوو لە زانکۆی بەغدا . لە سالی ١٩٦٢ کرابوو بەرێوەبەری ناحیەی گولی لە زاخۆ پەیوەندی بە شۆرەشی ئەیلول کرد سالی ١٩٧٠ کرا بە قایمەقامی مێرگەسۆر لە دوای لە ناوچوونی شۆرەشی ئەیلول ئاوارەی ئیران بوو لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/١٢ کۆچی دوایی کرد لە عەشیرەتی زراری بوو .

٤ـ عەلی حسین ئاغا لە گوندی ناوەران بوو

٥ـ عبداللە بەگ قاش : مەندوبی حاکمی موسل ( ابراهیم ئەفەندی ) بوو

٦ـ حسین ئاغا : کەسایەتیەکی دل فرە و ناندەر بوو لە گوندی بایبۆخت دادەنیشێت

٧ـ حسن ئاغا : کوری ئەحمەد ئاغای زراری یە ، کەسێکی ناوداری کوردی شەبەك بوو لە گوندی خراپ سولتان .

٨- محمد خلیل : کەسێکی ناودار و کودر پەروەر بوو لە عەشیرەتی زراریە ، لە گوندی تەیراوە دادەنیشێت پێشمەرگەی شۆرەشی ئەیلول بوو ، لەبەر هەندێ لە سالی ١٩٧٥ راگوازرایەوە پارێزگاکانی باشووری عیراق .

٩- عەباس فەتاح : ناودارێکی کوردی شەبەکە ، داودی یە ، لە گوندی دراویش دادەنیشێت .

١٠- عەدنان سلێمان : خەلکی گوندی باسخرە بوو لە عەشیرەتی زەنگەنەیە لە ناو شاری بەرتلە دەژیت .

١١- حاجی محمد : ناودارێکی کوردی شەبەکە لە عەشیرەتی زەنگەنەیە لە گوندی تەرجلە دادەنیشێت

١٢- سەید کەمال : لە سەیدەکانی هاشمیە خاوەن تەکی یەیە ، لە گوندی شێخەمیر دادەنیشێت .

١٣- ئیسماعیل وەند : شابەگی یە لە گوندی بازوایە دەژیت

١٤- ئەحممەد شەوکەت : ڕۆشنبیرێکی کوردی شەبەك بوو قەلەمێکی چاو نەترسی هەبوو ، لە سالی ٢٠٠٣ بە دەستی تیرۆریستان لە ناو شاری موسل شەهید کرا ، خودانێ کتێبی ( الشبك الكورد المنسيوون ) بوو .

١٥- حسن عزیز ئاغا : کەسێکی کورد پەوەر بوو ، لە شۆڕەشی ئەیلول فەرماندەی بە تالیۆن بوو لە هێزی شێخان لە ژێر فەرماندەی فەرماندەی ئامر هێز ( حەسۆ میرخان ) بوو

١٦- محمد جەمشید : لە دووای ڕاپەرین و ئازاد کردنی عیراق کارگێری لقی ١٤ بوو لە شاری موسل پاشان کرایە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسل .

١٧- ئەحمەد تۆفیق : کرایە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی خورساباد

١٨- زەنوون یونس باجەلان : کرایە بەرێوەبەری ناحیەی باشیك .

١٩- سەید زوهێر شەبەکی : لە سالی ٢٠٠٧ وەکو قایمەقامی سەنتەری قەزای موسل دامەزرا.

٢٠ ـ سالم جمعە خچر ناسراوە بە ( سالم شەبەکی ) : کرایە بەرپرسی نووسینگەی جێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠ لە ناحیەی باشیك ، کوردی شەبەکی شیعەیە ، خاوەن کەسایەتیەکی ڕۆشنبیری یە لە سەر مێژووی شەبەکی نووسیوە .

٢١ـ حەنین قەدۆ : خۆی بە سیاسەت مەداری شەبەك هەژمار دەکات .

عبدالله رەمەزان ناسراوە بە ( عبداللهباجربۆقی ) : لاوك بێژی شەبەكستان بوو ، هاتبوو لای ( حەسەن حەمۆ ) بۆ فێربوونی لاوك شەش مانگ لە دەڤەری گۆرانەتی مابۆوە پەیوەندی لەگەل گۆرانی بێژانی بەناوبانگی سەردەمی خۆی هەبوو زۆربەی لاوکە کۆنەکانی دەزانی و بەدەنگێکی پڕ سۆز و ووشەی ڕەسەن بەبێ بەرامبەر لاوکی بۆ خەلکانی دەوروبەری خۆی دەگۆت .

٢٢ـ علی باجەلان ، عارف داوودی ، سالم کامل :[٢]

ئەوانە ڕۆلێکی گرنگیان هەبوو لە گوتنی گۆرانی و هۆنراوەی کوردی شەبەك ، رۆشنبیری دەڤەری شەبەکستانیان بە زیندووی راگرتبوو ، لە فەوتان رزگاریان کرد بوو .

٢٣ـ ئەحممەد محمد باجەلان : ناسراوە بە ئەحممەد شەرەڤە : پێشمەرگەی هەر دوو شۆرەشی ئەیلول و گولانە ، پیاوێکی زیرەك و چاونەترس بوو ، ڕۆلێکی گرنگی هەبوو لە ناو ریزی پێشمەرگە لە گوندی زەنگەنان دادەنیشت ، دوای ڕاپەرین گەرایەوە گوندی خرابە یاسین خزمەکانی لە وولات شەبەك دەژین

٢٤ـ عەلی عەولا زەینەب : کەسێکی زیرەك و بوێر بوو کوردی شەبەکە لە ناو گۆرانەتی ناوی دەرکردبوو ، مرۆڤێکی نان دەر و دلفرە بوو هەندە بە سام بوو دایکان لە دەڤەری گۆانەتی مندالی خۆیان بە عەلی عەولا زەینەب دەخەواند . لە بناری چیای مەقلوب لە بانەمیران لە شەرێکدا گیانی خۆی لە دەستدا ، ئێستا گۆرەکەی لە گوندی هەزار جۆتە .

[٢] ــ لە زاری چەند رۆشنبیرێکی ولات شەبەك وەرگیرایە



# ژیانی نووسەر

ـ لە سالی ١٩٥٤ لە گوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش لەدایك بوومە

ـ لە سالی خوێندنی ١٩٦١ـ ١٩٦٢ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرام ،

ـ لەسالی ١٧٧١ قۆناغی ناوەندیم لە بەردەرەش تەواو کرد ،

ـ لەساڵی ١٩٧٢ لە ئامادەیی هەولێری کوران خوێندنی ئامادەیم دەستپێکرد ،

ـ لەساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پشکداری شۆرشی ئەیلوولی مەزنمان کرد، ئاوارەی ئیران بووین ،

ـ دووای گەرانەوەمان لە ئیران ساڵێك و نیو لە پارێزگای ناصریە ماینەوە پۆلی شەشەمی ناوەندیم بەشی وێژەی لە دوواناوەندی قەزای رفاعی تەواوکرد ،

ـ لەساڵی ١٩٧٧ لە پەیمانگای پێگەیاندنی ماموەستایانی پارێزگای ناصریە وەرگیرام

ـ لەساڵی ١٩٧٧ مانگی ٥ پێنج لە باشوری عیراق هاتینە گواستنەوە بۆگۆمەلگای شاوێس لە هەولێر

ـ لەسالی ١٩٧٨ پۆلی دووەمی پەیمانگای پێگەیاندنی ماموەستایانم لە پارێزگای هەلێر تەواو کرد ،

ـ لە ١/١٠/١٩٧٨ بۆیەکەم جار بەماموەستا دامەزرام لەگوندی بەبێل سەر بەقەزای مێرگەسۆر

ماموەستا بوومە لەو شوێنانە : گوندی شێتنە /دیانا

لە هەردوو گوندی سپیگرەو سۆلاوکە لە دەڤەری خۆشناوەتی

هەروەها لە قوتابخانەی گارە لە گۆمەلگای شاوێس ،

ـ دووای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ساڵی ١٩٩٤ گەڕاینەوە شوێنی باب و باپیران لەگوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش

ـ لەساڵی٢٠٠١ بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ ،

ـ لە ساڵی ٢٠٠٨ پەروەردەی قەزای بەردەرەش دامەزرا ،ئێستا لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش بەپلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەرەتی بابەتی بیرکاری بەردەوامم لە خزمەت ،لە خودای مەزن داوای خۆشی و سەرکەفتن بۆ هەمووتان دەخوازم ،

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ لاوك ستڕانێ کوردەواری لە ساڵی ١٩٩٧ بە ژمارە( ٢٨ ) لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا

٢ ـ پەندی پێشینان وبەسەرهاتی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٦لە وەزارەتی رۆشنبیری بە ژمارە(٢٢٩ ) چاپ کرا ،

٣ـ هەقایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٩لە دەزگای مۆزیك وکەلەپۆری کورد بە ژمارە (٤١ ) چاپ کرا

٤ـ کەلەپوورنامەی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٨لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا ،

٥ـ پێنج داستانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠١١لە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەژمارە(٥٦٩ )چاپکرا

٦ـ گۆران لەنێوان زێی بادینان رووباری خازر لە چاپخانەی منارە اە هەولێر ساڵی ٢٠١٤چاپکرا

٧- فەرهەنگی ووشەکانی قورئانی پیرۆز پەیڤ و رامان بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی .

٨ ـ ئامۆژگارییەکانی ژیان

٩ـ نەخۆشی شێرپەنجە

١٠ ـ پەروەردە کردنی منداڵ

١١ـ دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان .

١٢ـ فەرهەنگی کەلەپووری کوردەواری .

١٣ـ مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە قەزای بەردەرەش ،

١٤ـ کوردی شەبەك لەپارێزگای موسل .

## ئەم کتێبانە لەبەردەستدایە بۆ چاپ :

١ـ رێبەری ماموەستای بیرکاری قۆناغی بنەرەتی

٢ـ ژیانامەی خۆم .

١١ـ تەفسیری ناوە جوانەکانی خوا .

**یاسین حسن حوسێن گۆران**

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ـ خانەنیش ـ**

**قەزای بەردەرەش**

**ژمارەی تەلەفۆن / ٠٧٥٠٤٥٤٣٢٨٢**